کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

# بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)

١٥ و ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣

لە بڵاوکراوەکانی:
ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

# بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی ١٧ی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست

بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرە
..... ٥

وتاری کردنەوەی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان
..... ١١

پوختەی باسێک لەسەر ڕاپۆرتی سیاسی بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان
..... ٢٠

ڕاپۆرتی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرە
..... ٢٨

بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
..... ٩٩

ڕاسپاردە و بڕیارنامەی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان
..... ١٤٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتاییهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی ١٧ (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!
خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!
کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان!
ئەندامان و لایەنگرانی بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی حەڤدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)تان پێ ڕادەگەیەنین.

ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی (بەرانبەر بە ٣ی فێورییەی ٢٠٢٥ی زایینی)، بە بەشداریی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرە (ئەندامانی ڕێبەری، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب و ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هەرێمی کوردستان)، کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ناوی "کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان"دا کارەکانی خۆی دەست پێ کرد.

لە سەرەتای ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەدا و دوای خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاکی شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان، پەیامـی کردنـەوەی کۆنگـرە، لـە لایـەن بەڕێـز کاک خالیـد عەزیـزی، وتەبێـژی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پێشـکەش کـرا.

بەڕێـز عەزیـزی لـە پەیامەکەیـدا وێـڕای ئاوڕدانـەوە لـە قۆناغەکانـی "دوێنـێ" و "ئەمـڕۆ"ی حیزبـی دێموکـرات و دووره دیمەنەکانـی ئـەم حیزبـە لـە "سـبەینێ"ی خەبـات و تێکۆشـانیدا، باسـی لـە پـرس و بایەخـی یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان کـرد و یەکگـری و یەکگرتنـەوەی بـە ویسـتی جەمـاوەری خەڵکـی کوردسـتان و ئەندامـان و لایەنگرانـی حیـزب زانـی. وتەبێـژی حیـزب لـە بەشـێکی دیکـە لـە قسـەکانیدا بـە ئامـاژەدان بـە زەروورەتـی بەخۆداچوونەوە و دەستنیشـانکردنی هەڵـە و کەموکووڕییەکانی ڕابـردوو، پێداگریـی لەسـەر ئەرکـی ئەندامانـی حیـزب و چالاکانـی نێوخـۆی وڵاتـی لـە هێنانەئـارای ئیـدە و داهێنانـی نـوێ، پاراسـتنی یەکریـزی و بەهێزکردنـی خەبـات و تێکۆشـانی سیاسـی و مەدەنـی لـە نێوخـۆی وڵاتـدا کـرد. کاک خالیـد عەزیـزی لـە کۆتایـی پەیامەکەیـدا بـە ئاوڕدانەوەیەکـی کـورت لـە دۆخـی پـڕ لـە قەیرانـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران، پێداگـری لەسـەر خۆئامادەکردنـی خەڵـک لـە نێوخـۆی وڵات و ئەندامانـی حیزبـی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئەگـەر و سـێناریۆکانی پێـش و پـاش ڕووخانـی ڕێژیـم وەک ئـەرک و زەروورەتێکـی ئێسـتای خەبـات کـردەوە.

لـە بڕگەیەکـی دیکـەی کارەکانـی کۆنگـرەدا ڕاپۆرتـی هەیئەتـی ئامادەکردنـی کۆنگـرە لـە لایـەن بەڕێـز کاک کەمـاڵ کەریمـی، بەرپرسـی هەیئەتـی ئامادەکردنـی کۆنگـرە پێشـکەش بـە بەشـدارانی کۆنگـرە کـرا. بەڕێـز کەریمـی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە سـەرەتای ڕاپۆرتەکەیـدا بـە ئامـاژەدان بـە هۆکارەکانـی دواکەوتنـی کۆنگرە و ئـەو دۆخـە ئەمنیەتییـەی دوای سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی ژینـا بەسـەر حیزبـی دێموکراتـدا سـەپا، بـە وردی باسـی لـە ڕەوتـی بەڕێوەچوونـی کۆنفرانسـەکانی کۆنگـرە و هەڵبژاردنـی نوێنـەران بـۆ کۆنگـرە و پرۆسـەی بـە ئەنجامگەیاندنـی کاروبـاری کۆنگـرە کـرد.

بـە دوای پێشـکەشکرانی ڕاپۆرتـی هەیئەتـی ئامادەکردنـی کۆنگـرە و وەرگرتنـی دەنگـی متمانـەی ئەندامانـی کۆنگـرە بـۆ ڕەواییـدان بـە کۆنگـرە، کورتەیـەک لـە ڕاپۆرتـی سیاسـیی ڕێبەریـی حیـزب لـە لایـەن بەڕێـز کاک مسـتەفا هیجـری، بەرپرسـی ناوەنـدی بەڕێوەبەریـی گشـتیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـەوە پێشـکەش کـرا. کاک مسـتەفا هیجـری لـە سـەرەتای ڕاپۆرتەکەیـدا وێـڕای پیرۆزبایـی دەسـتپێکردنی کارەکانـی کۆنگـرەی یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان لـە بەشـدارانی کۆنگـرە و گرینگیـدان بـە پرسـی یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان لەسـەر ڕەوتـی خەبات و تێکۆشـانی حیـزب، پوختەیـەک لـە ڕاپۆرتـی سیاسـیی ڕێبەریـی حیزبـی پێشـکەش کرد. بەرپرسـی ناوەنـدی بەڕێوەبەریـی حیـزب لـەم ڕاپۆرتـەدا بـە ئاوڕدانـەوە لـە بەئـاکام گەیشـتنی سـەرکەوتووانەی پرۆسـەی یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان و سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی ژینـا، توانـا و زەرفییەتەکانـی ئـەم بزووتنـەوە و وێناکردنـی دوورە دیمەنـی بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، تیشـکی خستەسـەر سـەر دواییـن ئاڵوگۆڕەکانـی ناوچەکـە، ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. بەڕێزیـان بـە هەڵسـەنگاندن و لێکدانـەوە بۆ ڕووداوەکانـی دوای ٧ی ئۆکتۆبـری ٢٠٢٣ و شکسـتی سـتراتیژیی کۆمـاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی لە ناوچەکە، باسی لە دۆخی ڕێژیم لەئاستی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و نێوخۆی وڵاتدا کرد.
بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب تەرخان کرابوو بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خەباتی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان و لەو بەشەدا؛ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری نەتەوەیی، یەکگرتوویی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، پەرەگرتنی خەباتی مەدەنی و جەماوەری و بەرجەستەبوونی ڕۆڵی ژنان و لاوان، بە تایبەتمەندییەکانی خەباتی ئەمڕۆی خەڵکی کوردستان ناودێر کران.
کاک مستەفا هیجری لە کۆتایی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب بۆ کۆنگرە باسی لە ڕوانین و نەخشەڕێی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئێرانی داهاتوو کرد و لەم پەیوەندییەدا؛ بەردەوامبوون لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ و، هەوڵدان بۆ یەکخستنی هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێبەریی داهاتووی حیزب زانی.
دوای پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی سیاسیی ڕێبەریی حیزب، نۆرە گەیشتە قسە و باسی ئەندامانی کۆنگرە لەسەر خاڵ و بەندەکانی تایبەت بە بڕیارەکانی کۆنگرە کە لە کەش و هەوایەکی دێموکراتیکدا ئەندامانی کۆنگرە ڕا و بۆچوون و پێشنیارەکانیان بۆ پەسندکردن هێنایە بەر باس.
هەر لەم بەشە لە کارەکانی کۆنگرەی ١٧ی حیزب (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)دا بە دەنگی متمانەی ئەندامانی کۆنگرە ڕاپۆرتی سیاسی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیارنامـە و کۆمەڵێـک بەڵگەنامـەی دیکـەی کۆنگـرە کـە بەپێـی ڕێکەوتنـی هـەر دوو لایەنـی دێموکـرات ڕێککەوتنیـان لەسـەر کرابـوو، وەک بەرنامـە و پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب، پەسـەند کـران.
دوابەشـی کاری کۆنگـرەی یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان، هەڵبژاردنـی ئەندامانـی ئەسـڵی و جێگـری کۆمیتـەی ناوەنـدی بـوو کـە ئـەم بەشـەش لـە کاری کۆنگـرە لـە ڕەوتـی ڕقابەتێکـی سـالم و دێموکراتـدا سـەرکەوتووانە گەیشـتە ئەنجـام.

ئۆگران و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
بێگومـان دواکەوتنـی بەڕێوەچوونـی کۆنگـرەی ١٧ی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران کە بە خۆشـییەوە نـاوی "یەکگرتنـەوەی دێموکراتەکان"ی لـێ نـرا و دەکـرێ وەک جێبەجێبوونـی یەکێـک لـە سـەرەکیترین بەندەکانـی ڕێککەوتنـی نێـوان دێموکراتـەکان سـەیری بکـرێ، دڵنیگەرانیی بـۆ زۆر کەس و لایـەن، بەتایبـەت ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبەکەمـان درووسـت کردبـوو. ئێسـتا کـە بـە خۆشـییەوە بـە ڕاگەیاندنـی کۆتاییهاتنـی سـەرکەوتووانەی کۆنگـرە، حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران توانـی بـە سـەر کەنـد و کۆسـپەکانی بـەردەم گرتنـی کۆنگـرەدا زاڵ بـێ و نیگەرانیـی خەڵـک و ئەندامـان و لایەنگرانـی بڕەوێنێتـەوە، بەپێـی سروشـتی کۆنگرەکـە و دۆخـی سیاسـیی بزووتنـەوەی کـورد و گۆڕانکارییـەکان لـە ئێـران، قۆناغێکـی پڕ لـە ئـەرک و تێکۆشـانمان لـە پێشـە.
کۆمیتـەی ناوەندیـی هەڵبژێـردراوی کۆنگـرەی ١٧ی حیزبـی دێموکراتـی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستانی ئێران (کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان) بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتووانەی کۆنگرە، پیرۆزبایی لە سەرجەم تێکۆشەران، ئەندامان و ئۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات و هەموو ڕیزەکانی حیزب و سەرجەم دۆستان و دڵسۆزانی ئەم حیزبە و خەڵکی کوردستان بە گشتی بۆ پشتیوانی لە ڕێبەریی حیزب لە جێبەجێکردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیەدا، بانگهێشت دەکا.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

٤ی فێورییەی ٢٠٢٥



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## خالید عەزیزی:

# دەبێ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکەین بە پڕۆژەی هاوبەشی هەموو پێکهاتەکانی ئێران

(وتاری کردنەوەی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕێیانی هێژا، نوێنەرانی بەڕێزی کۆنگرە!

بەخێر بێن بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، کۆنگرەی ئەمجارەمان لە کاتێکدا دەگیرێ کە حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی ناوەتە هەشتایەمینساڵی دامەزرانی. بۆیە پێش هەموو شتێک سڵاو دەنێرم بۆ پێشەوا قازی محەممەد، دامەزرێنەری حیزبی دێموکرات و یەکەم ڕەئیس‌جمهووری کوردستان کە بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان؛ بناغەی ناسیۆنالیزم و حوکمڕانیی سەردەمیانەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا. سڵاو لە شەهیدانی ڕێبەر، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی و سڵاو لە یاد و بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی حیزب کە لە ماوەی ٨ دەیە خەبات و خۆڕاگریی حیزبی دێموکراتدا گیانیان کردە بەردەبازی گەیشتن بە ئازادی.

سڵاو لە سەرجەم ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکەمان، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی کە ئیلهامدەری خۆڕاگری و هیوا بە سەرکەوتنی خەباتی گەلەکەمانن، سڵاو و پێزانین بۆ هەموو تێکۆشەران و کوڕان و کچانی نیشتمان کە سەرەڕای تێچووی زۆر و قورسی خەباتی مافخوازانە، بەڵام لە بوار و سەنگەرە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵسووڕ و چالاکن.

بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرە!

بێگومان گرتنی کۆنگرە یەک لە ڕووداوە گرینگەکانی حیزبی ئێمەیە و دەرفەتێکە بۆ پێداچوونەوە بە سیاسەت و ستراتیژییەکانی حیزب و خەسارناسیی کارکردی حیزب لە ڕابردوودا و، هەروەها ساغبوونەوە و پەسندکردنی نەخشەڕێی نوێی مەیدانی بۆ داهاتووی کار و تێکۆشانی حیزبەکەمان. مخابن وەک دەزانن لە کۆنگرەی ئەمجارەماندا دەرفەتی ئەوە نەڕەخسا هەمووان پێکەوە و لە یەک شوێن کۆ ببینەوە. بەڵام هیوادارم سەرەڕای ئەوە کۆنگرەیەکی پڕ دەسکەوتمان هەبێ و ڕێبەریی داهاتووی حیزبەکەشمان بە شێلگیرییەوە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە دەستنیشانکراوەکان لە کۆنگرەدا بەردەوام بێت.

بەڕێزان!

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئێستا نوێترین کۆنگرەی خۆی دەگرێ حیزبی دوێنێیە، بە ئێعتباری ئەوەی لە ٨ دەیە خەبات و تێکۆشانیدا زۆر دەسکەوت و شانازیی بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد تۆمار کردوە کە ئێستا سەرمایەیەکی بەنرخی سیاسیین بۆ ئێمە. حیزبی ئەمڕۆیە، بە ئێعتباری ئەوەی لە بارودۆخی زۆر هەستیاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەنێو گێژاوی قەیرانەکاندا بە ژیریی سیاسی و هەڵوێستی بەجێ و حەوڵ و هیممەتی کۆی ئەندامەکانی توانیویەتی لەسەر پێ بمێنێتەوە و لەسەر ڕێبازی خۆی بەردەوام بێت. حیزبی سبەینێ ، بە ئێعتباری ئەوەی لەژێر ڕووناکایی یەکگرتنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دێموکراتەکان و بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە لە ژیانی سیاسی و خەباتی مەیدانیی خۆی بەردەوام دەبێت. بۆیە کۆنگرەکەمان بەم سێ پێناسەیە ئەویش لەو سێ قۆناغە زەمەنییە جیاوازەدا ئەرکی گرینگ و ئامانجی دیاریکراومان بۆ دەستنیشان دەکا کە دەبێ بە یەکگرتوویی و بە حەوڵ و تێکۆشانی هەمەلایەنە بەرەو بەدیهێنانیان بچین.

یەکێک لە هۆکارەکانی دیاربوون و بەرجەستەبوونی خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەسەرپێ بوونی بزووتنەوەکەش بۆ بەڕێکخراوبوونی خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران و بوونی حیزبی بەئەزموون و خەباتکاری وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە. ئەمەش لەجێدا ئەرکێکی گرینگ دەخاتە سەر شانمان کە ئەم حیزبەمان بە بەهێزی بمێنێ و بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەمووان لە خەمی پاراستنی یەکڕیزیی حیزبەکەماندا بین.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بەرهەمی ویست و داخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها ئیرادەی بەهێزی هەموو ئێمە ئەندامانی حیزب بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بوو. بە باوەڕی من یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات ئەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتیی تێدا بوو کە لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە وەک ئەرک خرایە سەر شانی ئێمە و ئێمەش بە ئەرکەوە بە ئاکامان گەیاند و بۆ ئەوە کە لە داهاتووشدا دەور و کاریگەریی زیاترمان لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ئێران هەبێت، دەبێ ئەم یەکگرتووییە بپارێزین.

هاوڕێیان!

حیزبی ئێمە لە ماوەی هەشت دەیەی ڕابردوودا سەرەڕای بەدیهێنانی زۆر دەسکەوت و خوڵقاندنی زۆر شانازی لە ژیانیی سیاسیی خۆماندا، بەڵام لە ئیدارەی و بەڕێوەبەریی حیزبەکەماندا بێ‌هەڵە و کەموکووڕیش نەبووین. دیارە لەجێدا حیزبێکی گەورە و لەمێژینەی وەک حیزبی دێموکرات کە هەزاران ئەندام و، سەدان کادر و پێشمەرگە و دەیان ئەندامی ڕێبەریی لە بواری جۆراوجۆری سیاسی و تەشکیلاتیدا کار دەکەن، ڕەنگبێ هەڵەش بکات و ڕەخنەشی بێتەوە سەر. بەڵام ئێمە دەبێ هەڵەکانمان ببینین و بە ڕوحێکی ڕەخنەگرانەوە خەسارناسییان بکەین و بۆ نەهێشتن و چارەسەرکردنیان پلانمان هەبێت.

ئێمە هەر بەو مێتۆدە سەیری دابڕانەکانی پێشوومان کرد و قبووڵمان کرد کە لەو دابڕانەدا هەموو لایەکمان بەرپرسایەتیمان دەکەوێتە سەر شان و هیچ لایەنێکمان بێ‌هەڵە نەبووین و ئێستاش کە بەتەمای کارێکی گەورەین؛ دەبێ ئەم دیاردەیە نەهێڵین و بە یەکگرتنەوەمان ئەو سەرکەوتنەمان تۆمار کرد.

هاوڕێیان!

پێکهاتەی حیزبی ئێمە و باوەڕ بە دێموکراسی و مێکانیزمەکانی پێرەوی نێوخۆ و ئاییننامەکانمان ڕێکاری زۆری لە بەردەم چارەسەری کێشە و گرفتەکان داناوە. بۆیە لەپێناو دووپاتنەبوونەوەی ئەو دۆخە لە داهاتوودا با ئەوە بکەین بە باوەڕ و بڕیار و ئەو قەناعەتە لای تاک بە تاکی خۆمان و هەمووان دروست بکەین کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەر کێشەیەکدا کە سروشتییە لە ڕەوتی ژیان و تێکۆشانی حیزبیدا بێتە پێش، لە چوارچێوەی تەشکیلاتی و بەپێی ڕێوشوێنە نێوخۆییەکان و بە ڕوحی پاراستنی یەکیەتی و یەکڕیزییەوە دەتوانین چارەسەری بۆ بیبینینەوە و نابێت لە دەرەوەی ئۆرگان و لە دەرەوەی حیزبدا بەدوای چارەسەردا بگەڕێین.

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!
کۆنگرەکەمان لە کاتێکدا دەگیرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ٤٦ ساڵ ئەزموونی شکستخواردوو لە ئیدارەدانی وڵات ئێستا ئێدی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی و بەڕێوەبەریدا زۆر لاواز بووە، لە سۆنگەی ئەو ناسەرکەوتوویی و کەڵەکەبوونی قەیرانەکانەوە لە نێوخۆی وڵاتدا بەرەوڕووی نارەزایەتیی بەرینی کۆمەڵانی خەڵک بۆتەوە و لە ئاستی ناوچە و هاوکێشە نیودەوڵەتییەکانیشدا سیاسەتەکانی دارماون.
حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەتا ئێستا پشکی هەرە زۆری ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان پێ دەبرێ، هاوکات لەگەڵ بەردەوامیمان لەو ئەرک و بەرپرسایەتییە بۆ بەهێزکردنی پتری جووڵانەوەکە؛ بەنیسبەتی داهاتووی ئێرانیش بێتەفاوت نابین. بەهێزکردنی بیرۆکەی دروستکردنی کۆڕ و کۆمەڵ و ئەنجومەن و دامەزراوەی جۆراوجۆری مەدنی و شوناسخوازانە نەخشەڕێگایەکی پێویستە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێمە لە نێوخۆی وڵاتدا

بـە ئامادەییـەوە بـەرەوڕووی سـێناریۆ ناڕوونەکانـی پێـش ڕووخـان و دوای ڕووخانـی ئـەو ڕێژیمـە بێتـەوە. بۆیـە ڕێبەریـی داهاتـووی حیـزب دەبـێ لەژێـر ڕووناکیـی بـاس و بڕیـار و پەسـەندکراوەکانی کۆنگـرە و ئەزموونەکانـی خەباتـی چەندیـن سـاڵەی قورسـایی پـتر بخاتـە نێوخـۆی وڵات.

هاوڕێیانی بەڕێز!

حیزبـی ئێمـە لـە مـاوەی ٨٠ سـاڵ تەمـەن و تێکۆشـانیدا گەلێـک هـەوراز و نشـێوی پێـواوە، چەنـد جـار کۆسـتی کەوتـوە و قۆناغـی زۆر سـەخت و دژواری بڕیـون، وەک ئێعدامـی پێشـەوا قـازی محەممـەد، دامەزرێنـەری حیـزب، وەکـوو تێـرۆری دوو سـکرتێری حیـزب شـەهیدان د. قاسـملوو و د. شـەرەفکەندی و هەروەهـا تێـرۆر و شـەهیدکرانی دەیـان ئەندامـی ڕێبـەری و چەنـد هـەزار کادر و پێشـمەرگە؛ تەنانـەت لـە چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا چەندیـن جـار بـە مووشـەک و دڕۆن هێـرش کراوەتـە سـەر بنکـە و بارەگاکانمـان، بـەڵام ئـەم حیزبـە کۆڵـی نـەداوە، بەچۆکـدا نەهاتـوە و توانیویەتـی بمێنێتـەوە و درێـژە بـە خەبـات و تێکۆشـانەکەی بـدات و ئـەو یەکگرتنەوەیـە بەهێزتریشـی کردوویـن.

هـۆی ئـەو مانەوەیـە لـە مەیـدان و بەردەوامییـەش بـۆ پشـتیوانیی هەمەلایەنـەی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە کـە لـە هەمـوو قۆناغەکانـی خەبـات و تێکۆشـانی حیزبـدا لەگەڵـی بـوون و بـە پڕکردنـەوەی بەتاڵاییـەکان و مەیدانداریيـان کوانـووی خەبـات و خۆڕاگریـی حیزبـی دێموکراتیـان گـەرم ڕاگرتـوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!

بەرنامــە و پێــڕەوی نێوخــۆی حیزبــی ئێمــە لــە زۆر بــواردا ڕێــکار و نەخشــەڕێی بــۆ کار و تێکۆشــان و ئەجێنداکانمــان دیــاری کــردوە. هــەم لــە دیاریکردنــی چارەســەری پرســی کــورد لــە ئێرانــدا، هــەم لــە بــواری تێکۆشــانی نێوخۆیــی لــە چوارچیــوەی نــەزم و دیســیپلینە دیاریکراوەکانــی حیزبیــدا. بۆیــە لەپێنــاو بەرەوپێشــچوونی خەبــات و تێکۆشــان و هــاوکات ئامانجەکانــی حیزبەکەمانــدا، و هەروەهــا جــۆری مامەڵــە و هەڵســوکەوتمان لەگــەڵ یەکــتری لــە نێوخۆمانــدا و لەگــەڵ هــەر تــاک و لایەنێکــی دی؛ هەمــووان پێویســتە پێبەنــدی پێــڕەوی نێوخــۆ بیــن و ڕەچــاوی ئــەو میکانیزم و دیســیپلینە بکەیــن. بــۆ ئــەو مەبەســتەش ڕێبەریــی داهاتــووی حیــزب پێویســتە چ لــە بــواری پــەروەردە و بارهێنــان و چ لــە بــواری چاوەدێــری و کەڵکــی بــاش وەرگرتــن لــە فــەزای مەجازییــەوە میکانیــزم و چوارچێــوەی گونجــاو بــۆ کەمکردنــەوە لــە خەســارەکان و بردنەســەرێی زەرفییــەت و توانــاکان لــەو پێوەندییــەدا دیــاری بــکات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کۆتاییدا:

هەمـوو لایەکـمان تـا ڕادەیەکـی زۆر ئـەو قەناعەتەمـان هەیـە کـە حیزبـی دێموکـرات نفووزێکـی جەماوەریـی زۆر و بەهێـزی هەیـە و یەکگرتنەوەکـەش ئــەو پێگەیــەی بەهێزتریــش کــردوە. بــەڵام حیزبــی دێموکــرات دەبــێ زۆر لــەوەش بەهێزتــر بێــت و بــۆ ئــەوەش پێویســتیی بــە خەڵکێکــی زیاتــر و پشــتیوانیی زۆرتــر هەیــە. دەبــێ ڕووخاندنــی کۆمــاری ئیســلامییش بکەیــن بــە پــڕۆژەی هاوبەشــی هەمــوو پێکهاتەکانــی ئێــران. بۆئــەو مەبەســتەش دەبــێ جۆرێــک سیاســەت بکەیــن و بــە شــێوەیەک بجووڵێینــەوە کــە پشــتیوانمان زیاتـر و نەیارەکانمـان کەمتر ببنـەوە. هـەر لـەو چوارچێوەیـەدا بەتایبـەت لەنێـو لایەنـە ئێرانییەکانـدا پێویسـتیمان بـە دۆسـت و هاوبەشـی زیاتـر هەیـە.

هیــوادارم کاری کۆنگرەکەمــان بــە پیــی دەســتوری کاری دیارکــراو و بــە ســەرکەوتویی بچێتــە پێــش.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## مستەفا هیجری:

# وێڕای پشتیوانی لە پرسی مافخوازیی ڕەوای کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و ڕەسالەتە مێژووییەکەی حیزبی دێموکراتە

(پوختەی باسێک لەسەر ڕاپۆرتی سیاسی
بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هاوڕێیانی هێژا!

بەشـدارانی بەڕێـزی کۆنگـرەی یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان (کۆنگـرەی ١٧ ی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران)!

بـە نوێنەرایەتـی ناوەنـدی بەڕێوەبـەری حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پڕبـەدڵ بەخێرهاتنتـان پـێ دەڵێـم. جێـی خۆیەتـی پیرۆزبایـی گرتنـی ئـەو کۆنگرەیـە کـە هەنـگاوی کاریگـەر و دواوێسـتگەی پرۆسـەی یەکگرتنـەوەی دێموکراتەکانـە، لـە ئەندامانـی حیـزب لـە نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات، خەڵکـی خەباتگێـڕی کوردسـتان وەک پشـتیوانانی هەمیشـەیی و سـەرەکی حیزبـی دێموکـرات، بنەماڵـەی سـەربەرزی شـەهیدان و زیندانیانـی سیاسـی بکـەم. هـەر لـەو دەرفەتەشـدا سـڵاو دەنێـرم بـۆ گیانـی پاکـی شـەهیدانی حیـزب و گـەل، بەتایبـەت شـەهیدانی دوای یەکگرتنـەوەی ڕیزەکانـی حیـزب و شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا لـە نێوخـۆی کوردسـتان وەک تازەتریـن شـەهیدانی کاروانـی سـەروەریی خەبـات و نەتەوەکەمـان.

یەکگرتنـەوەی حیزبـی دێموکـرات بەرهەمـی زەروورەتێکـی مێژوویـی، ویسـتی بەردەوامـی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان، داوا و هاندانـی دۆسـتان و دڵسـۆزانی حیزبـی دێموکـرات و خەباتـی سیاسـی-نەتەوەیی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو کـە بـە ئیـرادە و هەسـت بـە بەرپرسـایەتی ڕێبـەری و تێکۆشـەرانی ڕیزەکانـی دوولایەنـی دێموکـرات سـەرکەوت و ئاکامـی دڵخـواز و چاوەڕوانکـراوی لێکەوتـەوە.

بێگومـان ئەگـەر گرتنـی ئـەم کۆنگرەیـە لـە ژیانـی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی حیزبەکەمانـدا زۆر گرینـگ و پڕبایەخـە، هـاوکات ئـەو هەلومەرجـەش کـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنگرەکـەی تێـدا دەگریـن پـتر گرینـگ و چارەنووسسـازە. لـە هەلومەرجـی ئێسـتادا ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت کاریگەریـی شـەڕی ئیسرائیـل لەگـەڵ حەمـاس و حیزبوڵـڵای لوبنـان و لایەنەکانـی دیکـەی سـەر بـە ئێرانـی لەسـەرە و، کۆمـاری ئیسـلامیش لەژێـر کاریگـەری ئـەم ئاڵوگۆڕانـەدا زیاتـر لـە هەمیشـە لـە سیاسـەتی جیهانیـدا تەریـک کەتۆتـەوە و لـە نێوخـۆی وڵاتیـش دا مەشرووعیەتـی خـۆی لەدەسـت داوە.

بـۆ هەڵسـەنگاندنی دۆخ و پێگـەی سیاسـی و شـەرعییەتی خەڵکیـی کۆمـاری ئیسـلامی هیـچ پێویسـت نـاکا پەنـا بـۆ داتـا و لێکدانـەوەی سیاسـی ببەیـن، بەڵکـوو تازەتریـن هەڵبژاردنەکانـی ڕێژیـم باشـترین پێـوەرە بـۆ لێکدانـەوەی پێگـە و جێگـەی کۆمـاری ئیسـلامی لەنێـو خەڵکـی وڵاتـدا. بەشـداری‌نەکردنی زۆرینـەی خەڵـک لـەو هەڵبژاردنانـەدا دوو پەیامـی ڕاشـکاوانەی لـە خـۆ گرتبـوو: "نـا بـە کۆمـاری ئیسـلامی" و "بەڵـێ بـۆ گۆڕانـی بنەڕەتـی".

ئـەم ڕێژیمـە میراتگـری دەسـەڵاتدارەتیی حکوومەتـی ناوەندگـەرای پەهلەوییـە کـە لەسـەر بنەمـای ناسـیۆنالیزمی ئێرانـی بنیـات نـراوە، ناسـیۆنالیزمێک کـە قـەت دانـی بـە فرەنەتەوەبوونـی کۆمەڵگـەی ئێرانـدا نەنـاوە. ئێـران وڵاتێکـی فرەنەتەوەیـە و لەبەرچاونەگرتنـی ئـەو حەقیقەتـە لە بنیاتنانـی ئێـران، بـە تایبـەت لـە مێـژووی سـەد سـاڵی ڕابـردوودا هـۆکاری سـەرەکیی هەمـوو ئـەو کۆمەڵـە کێشـە و قەیرانەیـە کـە ئەمـڕۆ بەرۆکـی خەڵکـی وڵات و ئۆپۆزیسـیۆنی کۆمـاری ئیسـلامیی گرتـوە.

کۆمـاری ئیسـلامی لەلایـەک هەوڵـی داوە هەسـتی نەتەوایەتـی لەنێـو کوردە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیعەکاندا لاواز بکا و لەلایەکی دیکە دەمارگرژیی ئایینیزایی و توندڕۆیی لەنێو کوردە سوننییەکاندا پەرە پێ بدا؛ هاوکات بە بەرفراوانکردنی کەلێنی نێوان ئایینزاکانی دیکەی وەک یارسانەکان ڕێ لە بیچمگرتنی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد بگرێت. بەڵام وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد لەلایەک و ستراتیژیی حیزبی دێموکرات کە بەهێزکردنی ڕوحی نەتەوەیی و بەرپەرچدانەوەی مەیدانیی سیاسەتەکانی ڕێژیم بووە. بەرجەستەبوونی هەست و شعووری نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند ڕووداوێکی وەک بوومەلەرزەکەی ئەزگەلە و سەرپێڵی زەهاو لە پارێزگای کرماشان و لافاوەکەی لوڕستان و بۆنە نەتەوەییەکانی وەک نەورۆزدا نیشانەی ئەوپەڕی وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.

ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیی ئەمساڵیش [١٤٠٣] کە بە شکۆیەکی کەموێنەوە بەڕێوە چوون لەلایەک نیشاندەری ئیرادە و هەستێکی بەهێزی نیشتمانپەروەریی کوردانە بوون و لەلایەکی دیکەش تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ئامادەیی زەینی، هزری و مەیدانیی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات و نافەرمانیی مەدەنی لەدژی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەیان دەگرت. ئەم بۆنانە نیشانیان دا کە پرسی ڕێکخستن و شوناسویستیی کورد لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و جەماوەریدا قۆناخێکی پتری بڕیوە و ئاستی تێگەیشتن و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەوەندە لەسەرێیە کە لە ئاستی ئێراندا دەکرێ بە نموونەی بێنیەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـەم ماوەیـەدا ڕاپەڕینـی ژینـا کـە لـە کوردسـتانەوە بـە دروشـمی "ژن، ژیـان، ئـازادی" سـەری هەڵـدا بـوار و بەسـتێنێکی ئەوتـۆی پێکهێنـا کـە زۆربـەی لایەنـە ئێرانیـەکان بەتایبـەت کۆمەڵگـەی ژنانـی کوردسـتان و ئێـران خۆیـان لـەو جووڵانەوەیـەدا دیتـەوە.

ئـەم ڕاپەڕینـە کـە سـیمای سیاسـیی کوردسـتان و ئێرانـی گـۆڕی دەوری بنەماڵـەی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا، بـازاڕی و دوکانـداران، پزیشـکان، مامۆسـتایان، کەسـایەتی و نوخبـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، ژنـان، لاوان، خوێنـدکاران بـە قوتابییانـەوە، مامۆسـتایانی ئایینیـی دەروەسـت لـە کوردسـتان و هەروەهـا دیاسـپۆرای کـورد لـە دەرەوەی وڵات دیـار و پڕبایـەخ بـوو کـە پێویسـتە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هـەم سـەرنجی تایبەتیـی لەسـەریان هەبێـت و هـەم لـە توانـا و زەرفییەتەکانـی خـۆی بـۆ پێشخسـتنی پرسـی توێـژە جۆراوجۆرەکانـی کۆمەڵگـە و ڕێکخسـتن و یەکخسـتنی وزەی خەباتگێڕییـان کەلـک وەربگـرێ.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران وەک هەمیشـە بـاوەڕی وایـە کـە کێشـەی ئێـران و کۆمەڵگـەی جیهانـی نابێ لە پرسـی ئەتۆمی و مووشـەکیی کۆمـاری ئیسـلامی و بەوپێیـە لـە بەرجامـدا سـنووردار بکـرێ. کێشـەی سـەرەکیی کۆمـاری ئیسـلامی نەحاواوەبوونـی ئـەم ڕێژیمـە لـە چوارچێوەی نەزمـی جیهانـی، ئایدۆلۆژیـی ڕێژیـم و ئەجێنداکانـی ئـەم ڕێژیمـە بـۆ پـەرەدان بـە تێرۆریزمـی دەوڵەتـی و ناسـەقامگیرکردنی ناوچەیـە. هەروەهـا پرسـی نێوخـۆی ئێـران، ئیسـتبدادی سیاسـی و بەبارمتەگرتنـی خەڵکـی وڵات و سـەرکوت و پێشـێلکردنی مـاف و ئازادییەکانیانـە کـە کۆمەڵگـەی

جیهانــی لــە تەعامولــی سیاســیی خــۆی لەگــەڵ ئێرانــدا دەبــێ ببیینــێ.
ڕوانیــن و نەخشــەڕێگای حیزبــی دێموکــرات بــۆ ئێرانــی داهاتــوو تــەواو ڕوونــە. حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــە پێداگــری لەســەر ئــەوەی ئێــران وڵاتێکــی فرەنەتەوەیــە، لەســەر ئــەو باوەڕەیــە نیزامــی سیاســیی فیدراڵیــزم دەســتەبەری هاوبەشــیی پێکهاتــە نەتەوەیــی، ئایینــی و جۆراوجۆرییەکانــی دیکــەی ئــەم وڵاتــە دەکا. بــۆ وەسەریەکخســتنی وزەی خەباتگێڕیــی هەمــوو نەتەوەکانــی ئێــران بــە مەبەســتی تێپەڕیــن لــە کۆماری ئیســلامییش پێویســتە هاوپەیمانییــەک لەنێــوان هەمــوو حیزبە پێشــکەوتووە سەرانســەری و ناوچەییــەکان و ڕێکخــراوە مەدەنییەکانــی نێوخــۆی وڵاتــدا پێــک بــێ.

حیزبــی دێموکــرات لــەو بــاوەڕە دایــە کــە بــە ئەزموونوەرگرتــن لــە هەڵــە و کەموکوڕییەکانــی ڕابــردوو، بــە ڕێگەگرتــن لــە کۆمەڵێــک دیــاردەی نەرێنــی و نەخــوازراو، بــە ڕەخنەگرتــن و ڕەخنەقبووڵکــردن و ڕاشــکاوبێژیی ڕێبــەری و ئەندامــان لــە نێوخــۆی حیزبــدا، بــە گــۆڕیــن و نوێکردنــەوەی کولتــوور و سیســتەم و شــێوازی حیزبایەتــی و پێکــەوە کارکــردن، بــە ڕەخســاندنی هەلومــەرج بــۆ شایستەســالاری، بــە پێکهێنانــی گیانــی هەســتکردن بــە بەرپرســیارەتی لــە ئاســت یەکگرتوویــی حیــزب و پەســندکراوەکانی، بــە پــەروەردە و بارهێنانــی ئەمرۆیــی و ڕاهێنانــی تاکــەکان بــە گیانــی وێکهەڵکــردن و ڕێزگرتــن لــە جۆراوجــۆری و جیاوازییــەکان، بــە خوڵقاندنــی کەشــوهەوایەک کــە هەمــووان حیــزب بــە هــی خۆیــان بزانــن، قەیران و کێشــە نێوخۆییــەکان کــەم دەبنــەوە و چارەســەر دەکرێــن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبـی دێموکـرات پێویسـتە لـە نێوخـۆی وڵات بـە خەباتـی مەدەنـی و جەماوەریـی خەڵـک بـەرەوڕووی ڕێژیـم ببینـەوە و لـە دەرەوەی وڵات بـە دیپلۆماسـی و بەتایبـەت لـە عێراقیـش بـە وتوویـژ لەگـەڵ لایەنـە پێوەندیـدارەکان پیلانەکانـی ڕێژیـم پوچـەڵ بکەینـەوە.

ئەولەوییەتـی حیزبایەتـی لـە دەرەوەی وڵاتیـش دەبـێ بـۆ دەسـتکەوتی دیپلۆماسـی بـە قازانجـی حیـزب و پرسـی شوناسـخوازیی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات، ڕێکخسـتنەوەی تەشـکیلاتێکی بەدیسـیپلین، بەهێـز و خۆڕاگـری حیزبـی بـێ. بۆیـە لـە پێداچوونـەوە بـە ئۆرگانیزمـی حیزبـی و چەندیوچۆنیـی کاری حیزبیـمان گەیشـتن بـەو ئامانجـە دەبـێ لـە دەسـتووری کارمانـدا بـێ.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کە وێـڕای پشـتیوانی لـە پرسـی مافخوازیـی ڕەوای کـورد لـە بەشـەکانی دیکەی کوردسـتان، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران بـە گۆڕەپانـی سـەرەکیی خەبـات و ڕەسـالەتە مێژووییەکـەی خـۆی دەزانـێ. بۆیـە لەگـەڵ بەئامانجگرتنـی کـۆی حاکمییەتـی کۆمـاری ئیسـلامی، هـەوڵ بـۆ بەهێزکـردن و ڕێکخسـتنی پـتری خەباتـی جەماوەریـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەردەوامـی لـە هەوڵەکانـی بـۆ دروسـتکردنی هاوپێوەندیـی زیاتـر لەگـەڵ نەتـەوە و لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەی ئێـران دەدا.

ناوەنـدی بڕیـاری حیـزب و ئۆرگانیزمـی حیزبـی بەتایبـەت بەشـەکانی پلاندانـان، تەشـکیلات و ڕاگەیانـدن بـە بایەخدانـی پـتر بـە ناوچەکانـی باکـوور و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ناوچـە کوردنشـینەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەرەوەی ڕۆژهـەڵات هەوڵـی زیاتـر بـۆ شـۆڕکردنەوەی خەباتـی نەتەوایەتیـی و شوناسـخوازی لـەو ناوچانـەی کوردسـتان و بەهێزکردنـی پێگـەی سیاسـیی کـورد لـە ئێرانـی داهاتـوودا دەدەن.

پێویسـتە تەشـکیلات و ئۆرگانیزمـی خۆمـان لـە نێوخـۆی وڵات و دەرەوە بـە جۆرێـک ڕێکبخەیـن و بەڕۆژیـان بکەینـەوە ژینگەیەکـی گونجـاو، هیوابەخـش و ئامانجـدار بـۆ بەشـداریی تاکەکانـی کۆمەڵگـەی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان لـە نێوخـۆ و دەرەوە بڕەخسـێنین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕاپۆرتی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

# بۆ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان
# (کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران)

## سەرەتا

**هاوڕێیانی هێژا!**

**بەشدارانی بەڕێزی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان!**

بە نوێنەرایەتیی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پڕبەدڵ بەخێرهاتنتان پێ دەڵێم و بەبۆنەی دەستپێکردنی کارەکانی کۆنگرەوە پیرۆزباییتان لێدەکەم. هیوادارم بە یارمەتی و هاوفکریی هەموو ئێوە هاوڕێیان، کۆنگرەیەکی زیندوو، پڕباس و بەبەرهەم و لە هەمانکاتدا پڕدەسکەوتمان هەبێ. هەروەها جێی خۆیەتی پیرۆزبایی گرتنی ئەو کۆنگرەیە کە هەنگاوی کاریگەر و دواوێستگەی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە، لە ئەندامانی حیزب لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان وەک پشتیوانانی هەمیشەیی و سەرەکیی حیزبی دێموکرات، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بکەم. هەر لەو دەرفەتەشدا سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل، بەتایبەت شەهیدانی دوای یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و شەهیدانی بزووتنەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژینا لـە نێوخـۆی کوردسـتان وەک تازەترین شـەهیدانی کاروانی سـەروەریی خەباتـی نەتەوەکەمـان.

## کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

یەکگرتنـەوەی حیزبـی دێموکـرات بەرهەمـی زەروورەتێکـی مێژوویـی، ویسـتی بەردەوامـی کۆمەڵانـی خەڵکـی کوردسـتان، داوا و هاندانـی دۆسـتان و دڵسـۆزانی حیزبـی دێموکـرات و خەباتـی سیاسـی-نەتەوەیی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوو کـە بـە ئیـرادە و هەسـت بـە بەرپرسـایەتیی ڕێبـەری و تێکۆشـەرانی ڕیزەکانـی دوو لایەنـی دێموکـرات سـەر کـەوت و ئاکامـی دڵخـواز و چاوەڕوانکـراوی لێکەوتـەوە.

هێشـتا مانگێـک لـە یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان ڕانەبردبـوو کـە لـە نێوخـۆی وڵات و دوابـەدوای شـەهیدکردنی ژینـا ئەمینـی، کچـە کـوردی خەڵکـی سـەقز لـە تـاران، بزووتنـەوەی ژینـا بـە دروشـمی ژن، ژیـان، ئازادی دەسـتی پێکـرد، سـەرهەڵدانێکی گـەورە کـە زۆربـەی ناوچەکانـی کوردسـتان و بەشـێک لـە ئێرانـی گرتـەوە. یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان و بزووتنـەوەی ژینـا و ڕۆڵـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە بەرەوپێشـبردنی ناڕەزایەتییەکانـی خەڵـک کاردانـەوەی تونـدی ڕێژیمـی بـە دوودا هـات و بـووە هـۆی سـەرکوتی بێبەزییانـەی خەڵـک لـە نێوخـۆی وڵات و هێرشـی مووشـەکیی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـۆ سـەر بنکـە و بارەگاکانـی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و ڕێکخراوەکانـی دیکـە؛ بـەوەش بڕگەیەکـی نـوێ بـە تایبەتمەندیـی جیـاوازی خۆیـەوە لـە ژیانـی سیاسـیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبــی دێموکراتــدا دەســتی پێکــرد. بۆیــە هیواداریــن کۆنگرەکەمــان بتوانــێ وێــڕای هەڵســەنگاندنی سیاســەت و بەرنامــە و کار و تێکۆشــانی حیــزب لــە مــاوەی دوو ســاڵی ڕابــردوودا کــە قۆناغــی یەکگرتنــەوە و دۆخــی ئیدارەکردنــی تەوافوقیــی حیــزب بــوو، لەبــارەی دوورەدیمــەن و ڕێوشــوێنی خەباتــی لەمەودوامــان بەرچاوڕوونــی و ڕێنوێنیــی دروســت و هەمەلایەنــە بداتــە ڕێبەریــی داهاتــووی حیزبەکەمــان.

بێگومــان ئەگــەر گرتنــی ئــەم کۆنگرەیــە لــە ژیانــی سیاســی و ڕێکخراوەیــی حیزبەکەمانــدا زۆر گرینــگ و پڕبایەخــە، هــاوکات ئــەو هەلومەرجــەش کــە کۆنگرەکــەی تێــدا دەگریــن پــتر گرینــگ و چارەنووسســازە. لــە هەلومەرجــی ئێســتادا ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت کاریگەریــی شــەڕی ئیسرائیــل لەگــەڵ حەمــاس و حیزبوڵــڵای لوبنــان و لایەنەکانــی دیکــەی ســەر بــە ئێرانــی لەســەرە و هــاوکات بووەتــە مەیدانــی ململانــێ و لەبەریــەک ڕاوەســتانی زلهێــزەکان و دەســەڵاتە ناوچەییــەکان کــە شــوێنیان لەســەر خەباتــی کــورد لــە ئێرانیــش دانــاوە. هەڵگیرســانی شــەڕی غــەززە بە هێرشــی حەمــاس بــۆ ســەر ئیســڕائیل کــە دەســتوەردانی پــتری ئێــران لــە ڕێگــەی دنەدانــی گرووپــە چەکدارەکانــی لایەنگــری لــە وڵاتانــی عێــڕاق، یەمــەن، ســووریە و لوبنــان بــەدوودا هــات، ئاقــاری شــەڕەکەی بــەو لایــەدا بــرد کــە تێکهەڵچوونەکانــی ئیســڕائیل و ئێــران چەنــد جــار هێرشــی ڕاســتەوخۆ بــۆ ســەر خاکــی یەکــتری لــێ بکەوێتــەوە و زیاتــر مەترســیی پەرەســەندنی ئــەو شــەڕەی لــێ بکــرێ. هــاوکات بەردەوامیــی شــەڕی رووســیە و ئۆکرایــن و ڕۆڵــی کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران لــە یارمەتیدانــی ڕووســیە بــە تەیارکردنــی بــە

مووشـەک و درۆن لـە تەنیشـت پەرەسـەندنی خێـرای بەرنامە ئەتۆمییەکـەی بـۆ دەستڕاگەیشـتن بـە چەکـی ناوکـی، بوونەتـە هـۆی ئـەوەی ڕۆڵـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە ناسـەقامگیرییەکانی ناوچـە و جیهانـدا پـتر دەر بکـەوێ. لـە بارودۆخێکـی وەهـادا دەگـەڵ بەردەوامیـی خەبـات و تێکۆشـان و قوربانیدانـی گەلەکەمـان بـۆ دابینکردنـی مافـە نەتەوەیـی و دێموکراتیکەکانـی، لەسـۆنگەی سیاسـەتی زەبروزەنگـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە نێوخـۆ و ساتوسـەودای لەگـەڵ کۆمەڵگـەی جیهانـی و کۆمەڵـە فاکتەرێکـی دیکـەی نێوخۆیـی و دەرەکـی، پرسـی کـورد لـە ئێـران هـەروا بـە چارەسـەرنەکراوی ماوەتـەوە.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لە مـاوەی هەشـت دەیە تێکۆشـانیدا تـا ئێسـتا ڕێگایەکـی دوورودرێـژ و پڕهـەوراز و نشـێوی لـە خەبـات بـۆ وەدەسـتهێنانی مافـە ڕەواکانـی گەلـی کـورد بڕیـوە. حیزبـی دێموکـرات لـەو ماوەیـەدا هـەم زۆر دەسـکەوت و شـانازیی بـۆ خـۆی و بزووتنـەوەی حەقخوازانـەی گەلەکـەی تۆمـار کـردوە و هەم زەبـری زۆر قورس و گەورەشـی وێ کەوتـوون؛ بـەڵام بـە ئیـمان بـە ڕەوایـی خەباتەکـەی و بـە پشـتیوانیی لەبڕاننەهاتـووی گەلەکـەی لـە سـەنگەری خەبـات و خۆڕاگریـدا ماوەتـەوە و بووەتـە جێـی هیـوا و هۆمێـدی هـەرە گـەورە و سـەرەکیی نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان.

لـە تەنیشـت ئاڵوگـۆڕەکانـی ناوچـە کـە کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆیان لەسـەر ڕەوشـی خەبـات و مافخوازیـی خەڵکـی ئێـران هەیـە، لـە نێوخـۆی وڵاتیـش لـە ئاکامـی پەرەسـەندنی هەسـتی نەتەوایەتـی و گەشـەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشیاریی سیاسیدا دەرفەتی باش بۆ درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشانی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بووە و خەباتەکەمان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی پڕ بەرهەم. بێگومان جووڵانەوەی مەدەنی، جەماوەری، فرەچەشن و شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان کە لە بۆنەکاندا بە باشترین شێوە خۆی دەردەخا، ئەگەر باش ڕێک بخرێ و بە هەماهەنگییەکی پتری حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانەوە بەرەوپێش بچێ؛ دەکرێ وەک فەرهەنگ و خەسڵەتی خەباتگێڕی، ئەزموون و دەسکەوتی پتری بۆ خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەدوودا بێ. ئەو دۆخە هیوابەخشە کە بەرهەم و ئاکامی خەباتی فرەڕەهەندی هەشت دەیەی حیزبی دێموکرات و خەباتکارانی دیکەی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە تێچووی گیانی و خەبات و قوربانیدانی ئێجگار زۆر بووە، کاتێک باشتر مەبەستەکانی دەپێکێ کە لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەش بە شیوەیەکی ڕێکوپێک ڕێبەری بکرێ و ئامانجدارتر بڕواتە پێش. بۆیە پێویستە چەند بابەتێک بۆ حیزبی دێموکرات لە ئەولەوییەتدا بێ و پلانمان بۆیان هەبێ:

**یەکەم**، پێش هەموو شتێک حیزبی دێموکرات وەک حیزبی پێشەنگی خەباتی نەتەوایەتی دەبێ بەپێی توانا و بە سەرنجدان بە هەلومەرج و بارودۆخەکان و کەلکوەرگرتن لە زەرفییەت و وزەی خەباتگێڕیی خۆی و خەڵکی کوردستان و چاوەڕوانییەکان بۆ بەرفراوانترکردنی ئەو خەباتە جەماوەرییە تێبکۆشێ و وا بکا بایەخە هاوبەشە نەتەوەییەکانی نێو کۆمەڵگەی فرچەشنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر و بەهێزتر دەربکەون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دووهــەم بابــەت**، پرســی پێویســتیی یەکڕیزیــی تەشــکیلاتی و ئینســجام و یەکگوتــاری لــە حیزبەکەمانـدایــە. ئــەم دۆخــە بــە تایبــەت دوای یەکگرتنــەوەی دێموکراتــەکان وا دەکا حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران باشــتر لــە جــاران ببێتــە ئــادرەس بــۆ پرســی کــورد لــە ئێــران و بەرەوپێشــبردنی بزووتنــەوەی سیاســی و نەتەوەیــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان.

**ســێهەم**، بــە ســەرنجدان بــەوەی ناوەنــدی ســەرەکیی تێکۆشــانی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و ئێرانــە، حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران لەســەریەتی بــە ســەرنج و بایەخدانــەوە لــە هەمــوو پرســە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی کۆمەڵگــەی ئێــران و ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بڕوانــێ و بــەو نەفەســەوە پــلان و بەرنامــەی کاریــی بــۆ دابنــێ. ئەگــەر ئێســتا بەهــۆی هەســتیاریی دۆخــی ئەمنییەتــی و ڕەچاوکردنــی ئــەم هەلومەرجــە ناچــار بوویــن کۆنگرەیەکــی تایبــەت و ســنووردار بگریــن، بــەڵام دواتــر دەبــێ بــە چــڕی و پلانمەنــد لــە هەمــوو بوارەکانــی ئاماژەپێکــراودا پەرە بــە تێکۆشــانمان بدەیــن. هەروەهــا لەژێــر ڕووناکاییــی بڕیــار و ڕاســپاردەکانی کۆنگــرەدا پێویســتە کۆمەڵێــک ئەرکــی سیاســی، تەشــکیلاتی و مەیدانــی بــۆ خۆمــان دەستنیشــان بکەیــن و وزەی خەباتگێڕیــی حیزبەکەمــان لــە بەســتێنێکدا بخەینــە گــەڕ، کــە وەڵامــدەری پێویســتییەکانی خەبــات لــە نێوخــۆی وڵات و قۆناغــی ئێســتای تێکۆشــانی حیزبەکەشــمان بــێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەلومەرجی نێونەتەوەیی و دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێندانانی لەسەر ئێران

ئەگەر سەدەی نۆزدەیەم سەدەی شۆڕشە مەزنەکان و سەدەی بیستەم سەدەی شەڕە گەورەکان و هەڵوەشانی دوا ئیمپراتۆرییەکان و دروستبوونی دەیان وڵاتی سەربەخۆ بوو، بەڵام ململانێی وڵاتان لەگەڵ یەکتری لە سەدەی بیستویەکی زایینیشدا کۆمەڵگەی جیهانیی بەرەوڕووی شەڕ و ناسەقامگیری کردوە. هەروەها ئەگەر ڕکەبەری و ململانێی وڵاتان لە بواری سیاسی، ئەمنییەتی، ئابووری، تێکنۆلۆژی لە شێوازی جۆراوجۆری خۆیاندا بەردەوامن، بەڵام ئەو دۆخە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەدژی بەرژەوەندیی نەتەوە مافپێشێلکراو و ستەملێکراوەکان دەچێتە پێشێ. بەجێهێشینی سەردەمی شەڕی سارد و دنیای دووجەمسەری، دروستبوونی نەزمی نوێی جیهانی لەسەر بنەمای چەند جەمسەری و هێزە ناوچەییەکان هیچ شتێکی لەو ڕاستییە نەگۆڕیوە کە وڵاتانی زلهێزی جیهانی لەسۆنگەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانەوە، هەتا ئێستاش کارئاسانییان بۆ سەرکەوتنی خەباتی نەتەوە مافزەوتکراوەکان نەکردوە و ئەوەش وای کردوە دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکانی ناوچە لەسەر پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بەردەوام بن.

هاوکات تێرۆریزم لەسەر بنەمای ئیسلامی سیاسیی بناژۆخواز بە پاڵپشتی و ڕێکخستنی لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەڕەشەیەکی جدی بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانییە کە لە نەبوونی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکگرتوویی و کۆڕایی کۆمەڵگەی جیهانی لە چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئایدۆلۆژییە شەڕخوازەدا هەردەم پتر پەرە دەستێنێ. لە تەنیشت ئەوەشدا شەڕی ئۆکراین کە بە هێرش و دەستدرێژیی ڕووسیە (٥ی ڕەشەممەی ١٤٠٠ی هەتاوی) بۆ سەر ئۆکراین دەستی پێکرد و ماوەی پتر لە دوو ساڵە بەردەوامە بووەتە هۆی هەوڵدان بۆ یەکلاکردنەوەی زۆر ململانێی دیکەی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانی دادەنرێ.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، جوغرافیای سیاسیی ئەو ناوچەیە بەردەوام ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. دوای شەڕی یەکەمی جیهانی کە بووە هۆی هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دروستبوونی زۆر وڵات و دەوڵەت، بەهۆی بەردەوامیی ململانێ سیاسی و مێژووییەکانی ئەم وڵاتانە لەلایەک و چارەسەرنەکرانی پرسی نەتەوەیی ئەو نەتەوانەی لەو نەزمە نوێیەی جیهانیدا نەدیتران و پەراوێز خران؛ ئەو ناوچەیە ئارامی و سەقامگیریی بە خۆیەوە نەبینیوە. شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران کە دواجار بووە هۆی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بە ئایدۆلۆژیی ئیسلامی سیاسیی هەژمۆنیخواز ئەوەندەی دیکە پەرەی بە ئاڵۆزی و ناسەقامگیرییەکان لەو ناوچەیە دا. ئەگەر هەتا ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر دوو ناوچەی نفووزی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا دابەش ببوو، لەو کاتەوە هەتا ڕاپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی کە ڕووسیە هاتە نێو ململانێیەکە، ئەوە ئەمریکا و هاوپەیمانانی بوون هەژمۆنیی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندبوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاڵوگـۆڕەکان لــە ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت خێــرا، قــووڵ و پڕکاریگەریــی بەردەوامـن. شۆڕشـی گەلانـی ئێـران، شـەڕی ئێـران و عێـڕاق، شـەڕەکانی کەنـداو لـە دوای هێرشـی عێـڕاق بـۆ سـەر کۆوەیت، لێکەوتەکانـی ڕووداوی ١١ی سـێپتامبر -کـە هێـرش بـۆ سـەر ئەفغانسـتان و دواتـر عێـڕاق و گۆڕینـی ڕێژیمـە سیاسـییەکان لـەو دوو وڵاتـەی لـێ کەوتەوە-، شۆڕشـەکانی وڵاتانـی عەرەبـی لـە تونـس، میسـر، لیبـی کـە بـە بەهـاری عەرەبـی ناودێـر کـرا، لـە تەنیشـت قەیرانـی ١٣ سـاڵەی سـووریە، بەحرەیـن، یەمـەن و... ئەوەنـدەی دی پـەرەی بـە ناسـەقامگیرییەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت داوە کـە سـیناریۆ و ئاسـۆی ڕوون بـۆ دەربازبـوون لـەو دۆخـە بەئاسـانی بـەدی ناکـرێ. سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی ئیسـلامی سیاسـیی بناژۆخـواز لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت هەمـوو ژێئۆپۆلۆتیکـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی تووشـی ئاڵوگـۆڕ کـردوە. لـەو بارودۆخـەدا گەڕانـەوەی تالیبـان بـۆ سـەر دەسـەڵاتی ئەفغانسـتان، بەردەوامیـی ململانێیەکانـی ئێـران و عەرەبسـتان، دەسـتێوەردان و میلیشیاسـازیی کۆمـاری ئیسـلامی لـە وڵاتانـی عێـڕاق، یەمـەن، لوبنـان و فەلەسـتین لـە تەنیشـت کۆمەڵـە قەیرانێکـی جدیـی وەک هەوڵەکانـی ئێـران بـۆ دەستڕاگەیشـتن بـە چەکـی ناوکـی و مووشـەکی قارەپێـو، **شـەڕی حەمـاس و ئیسـڕائیل، ڕووخانـی حکوومەتـی بەشـار ئەسـەد لـە سـووریە** و داهاتـووی ئێـران و ئیسـڕائیل ئەوەنـدەی تـر دۆخـی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتی لـە بـەردەم ئاڵوگـۆڕی قووڵ و هەڕەشـە و سـیناریۆی نـاڕوون دانـاوە. ئـەوەش کـە لـە کۆبوونـەوەی ڕۆژی هەینـی ٢١ی بانەمـەڕی کـۆڕی گشـتیی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکانـدا بابەتـی وەرگێرانـی

فەلەستین بە ئەندامەتیی ئەسڵیی ئەو ڕێکخراوەیە بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، نیشانەی ئەوەیە سەردەمی بەدەوڵەتبوونی نەتەوە مافزەوتکراوەکان کۆتایی نەهاتوە. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ دەدا بەدوور لە شەڕی ئایینی و فیرقەیی و بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپە جیهانییە دێموکراتیکەکان بەدوای وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا بگەڕێ و لە هەموو زەرفییەتەکانی دیپلۆماسی و سازوکارەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کەلک وەربگرێت. ئەوەندەی بەڕوونی دەگەڕێتەوە سەر ئێران، پێگە و جوغرافیای سیاسیی ئێران لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە درێژایی مێژوو لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا گرینگ بووە، بەتایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی دوو حکوومەتی پەهلەوی و ئیسلامیدا ئێران فاکتەرێکی دیاری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە. لە پۆلێنبەندیی جیهانیدا ئێران لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەویدا لەگەڵ بەرەی ڕۆژئاوا بوو و لەگەڵ ڕاگرتنی سنووربەندیی ئایدۆلۆژیک لەگەڵ بلۆکی یەکیەتیی سۆڤیەت، پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پاراستبوون. بەڵام دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێ کەوتەوە، کۆماری ئیسلامی کەوتە بەرەی دژی ئەمریکا و ڕۆژئاوا.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ حاکمییەتی سیاسیی وڵات ستراتیژیی سیاسیی نوێی بۆ پێوەندیی نێودەوڵەتیی ئێرانی نوێ دارشت کە بریتی بوو لە دۆستایەتی لەگەڵ بەرەی چەپ و کۆمۆنیزم و دوژمنایەتی لەگەڵ ئەمریکا و بەرەی ڕۆژئاوا. هەرچەند بە لەبەرچاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرتنــی فاکتــەرە سیاســی و ئابوورییــەکان و پەرەئەســتاندنی تێکنۆلــۆژی بەدیاریکــراوی دیاردەیــەک بــە نــاوی دوو جەمســەری لــە دنیــادا نەمــاوە، بــەڵام ئێســتاش کۆمــاری ئیســلامی هــەوڵ دەدا لــەدژی ئەمریــکا و ڕۆژئــاوا و بــە بەشــداریی چیــن و ڕووســیە ئــەو دووجەمســەرییە زینــدوو بکاتــەوە. لــەو نێــوەدا چیــن لــە دەلاقــەی بــازار و ئابــووری و بەرژەوەندییەکانــی خۆیــەوە لــە هاوکێشــەکەدایە، بــەڵام ڕووســیە و ئێــران بــە ڕوانگــەی ئەمنییەتــی و نیزامییــەوە دەڕواننە هاوکێشــە نێودەوڵەتییەکان و لەپێنــاو بەرژەوەندییەکانی خۆیانــدا ڕیســکی ئەمنییەتییــش دەکــەن. هــەر لــەو سۆنگەیەشــەوە ئیــران و ڕووســیە هاریــکاری و هەماهەنگیــی ئەمنییەتییــان زیاتــرە و لــە بابەتــی پشــگیری لــە بەشــار ئەســەد بــۆ مانــەوەی لــە دەســەڵات، بەتایبــەت دوای هێرشــی ڕووســیە بــۆ ئۆکرایــن هاریکاریــی سیاســی و نیزامیــی ئــەو دوو وڵاتــە پــتر بەرەوپێــش چــووە.

ئێســتا ســەرقاڵیی ڕووســیە بــە شــەڕی ئوکرایــن وای کــردوە ئێــران ببیتــە فاکتەرێــک لــە گەمــەی ئەمنیەتیــی ناوچەکــەدا. کۆمــاری ئیســلامی هــاوکات بەرنامــە ئەتۆمییەکەیشــی وەک کارتێکــی بەرگێــڕەوە و بــە مەبەســتی باجخــوازی لــەدژی ڕۆژئــاوا بــەکار هێنــاوە. دەســتێوەردان و قەیرانخوڵقێنــی لەڕێگــەی میلیشــیا و هێــزە نیابەتییەکانیــەوە لــە هاوکێشــەکانی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا و تەڕاتێنــی لــە ناوچەکــە کــە لــە هێرشــی مووشــەکیی ٢٥ی خاکەلێــوە بــۆ ســەر ئیســڕائیلدا گەیشــتە چڵەپۆپــە، کارتێکــی دیکــەی کۆمــاری ئیســلامییە لــەدژی ئەمریــکا و ڕۆژئــاوا. هەروەهــا دۆخێکــی دروســت کــردوە چارەنووســی داهاتــووی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت و دوورەدیمەنــی

ڕووداوەکانی ئەو ناوچەیە تا ڕادەیەکی زۆر بە سیاسەت و حزووری سەربازی، مەیدانی و دیپلۆماسیی ئەمریکاوە گرێ بدرێ. لەو بارودۆخەدا ستراتیژیی سەرەکیی ئێران ئەوەیە دۆخێک دروست بکا کە ئەمریکا ناوچەکە و گۆڕەپانەکە بۆ ئەو بەجێ بهێڵێ هەتا دواجار دەستی ئێران لە قەیرانخوڵقێنی و پەرەدان بە هەژمۆنیی سیاسی و ئەمنیەتیی لە ناوچەدا ئاوەڵاتر بێ. بەڵام هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل (لە شەوی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣دا) جارێکی دیکە فاکتەری ئێران لە ناسەقامگیریی سیاسی و ئەمنیەتیی ناوچەی بەرجەستەتر کردەوە و سیناریۆی ئەمنییەتیی دیکەی لە بەردەم ئێراندا ئاوەڵا کردوە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی جگە لە میلیشیا و گرووپە نیابەتییەکانی کە **لە یەک ساڵ و نیوی ڕابردوودا بەهۆی تێوەگلانیان لە شەڕی حەماس و ئیسرائیل زەبری زۆر قورسیان وێ کەوتوە**، دۆستێکی ئەوتۆی لە ناوچەکەدا نییە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە بەهۆی پەرشوبڵاویی ئۆپۆزسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامی و نەبوونی ئاڵترناتیو لە ئەگەری ڕووخانی ئەو ڕێژیمەدا و لەسەریەک کۆمەڵێک فاکتەری پێوندیدار بەو بابەتە وای کردوە کە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا زۆر بە تێبینی و پارێزەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بجووڵێنەوە و خۆ لە کێشەی سیاسیی گەورە لەدژی ئێران نەدەن. بۆیەش لە بزووتنەوەی ژینادا بەرپرسانی ئەمریکا و ئورووپا هەموو هەوڵیان ئەوە بوو ئامانجی ئەو جووڵانەوەیە لە نارەزایەتیی ژنان بە حیجابی زۆرەملێ و ویستەکانی بزووتنەوەی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فێمینیستیدا پێناسە و سنووردار بکرێ. پەلنەهاویشتنی بەرفراوانی بزووتنەوەی ژینا لە دەرەوەی کوردستان و کاڵبوونی نارەزایەتییەکان لە شارە گەورەکان بە تایبەت تارانیش وای کردبوو خۆپارێزیی ئەمریکا و ئوورووپا زۆرتریش بێ.

بەگشتی و لە تەواوەتیی خۆیدا پێوەر و بنەمای پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی لەسەر ئەمنیەتی جیهانی و بەرژەوەندیی لایەنەکان رادەوەستێ و لەو هاوکێشەیەدا ئێران وەک هۆکاری سەرئێشە و ئاژاوە لە ناوچەکە و تەنانەت لەلایەن زۆر لە وڵاتانەوە وەک مەترسییەکی بۆ سەر ئەمنییەتی کۆمەڵگەی جیهانی دادەنرێ، بەتایبەت هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل و **ئەگەری بەردوامیی هێرش** و هەرەشەکانی میلیشیاکانی گوێرایەڵی ئێران لە بەردەوامیی خۆیدا دەتوانێ ئەو هاوکێشەیە پتر بە زیانی ئێران بگۆرێ. بۆیە نابێ خەڵکی ئێران چاوەروان بن کە ئەمریکا کۆماری ئیسلامییان بۆ دەروخێنی؛ بەڵکوو ئەوە تەنیا خەڵک و پێکهاتەکانی ئێرانن کە بە یەکگری و هاوخەباتی و لەژێر تیشکی پلانێکی هاوبەشی ئامانجداردا دەتوانن چارەنووسی خۆیان لەگەڵ رێژیم یەکلا بکەنەوە.

## بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی ئێران

بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێران لە دوو دەیەی رابردوودا پتر لەژێر کاریگەریی ئاشکرابوونی بەرنامەکانی ئێران بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژی ئەتومیدا بووە. تەعامولی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵگــەی جیهانــی لەگــەڵ کۆمــاری ئیســلامییش لــەو ســۆنگەیەوە قۆناغگەلـی جۆراوجـۆری لـە بەنـاو وتوویـژی ڕەخنەگرانـە هەتـا سـەپاندنی سـزا و گەمـارۆ ئابوورییەکانـی شـووڕای ئەمنییەتـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان، یەکیەتیـی ئورووپـا و ئەمریـکا و سـزا تاکلایەنەکانـی وڵاتانـی دیکـە بڕیـوە هەتــا گەیشــتۆتە قۆناغــی بەرجــام کــە دانوســتانەکانی زســتانی ١٣٩١ (نۆڤامــبری ٢٠١٣) دەســتیان پێکــرد و لــە پووشــپەڕی ١٣٩٤ (ژوئییــەی ٢٠١٥)دا گەیشــتە ئــاکام.

هەڵپەسـێرانی ڕێککەوتنـی «بەرجـام» لەنێـوان ئێـران و وڵاتانـی گرووپـی ١+٥ (ئێـران لەلایـەک و ئەمریـکا، فەڕانسـە، بریتانیـا، چیـن، ڕووسـیە و ئاڵـمان لەلایەکـی دی) پـاش ١١ سـاڵ لـە ئیمزاکرانـی ئێسـتاش یەکێـک لـە کێشـە سـەرەکییەکانی کۆمەڵگـەی جیهانییـە. بەرجـام بـۆ ئەوە بـوو کۆماری ئیســلامیی ئێــران بەرنامــەی ئەتۆمیــی خــۆی ڕابگــرێ و بــە ڕەچاوکردنــی پرۆتۆکۆلــی هاوپێــچ دەرووەســتی بڕیــار و چاودێرییەکانــی ئاژانســی نێودەوڵەتیـی وزەی ئەتۆمـی بـێ؛ لـە بەرامبـەردا پـارە بلۆکەکراوەکانـی ئێـران لــە دەرەوەی وڵات بــۆ ئــەو وڵاتــە بگەڕێنــەوە و گەمــارۆ نێودەوڵەتییەکانــی لەسـەر لابچـن. بـەڵام پێبەندنەبوونـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران بـە ڕوحـی ڕێککەوتنەکـە، بەردەوامیـی لـە سیاسـەتی قەیرانخوڵقێنـی لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت، میلیشیاسـازی، پـەرەدان بـە تێکنۆلۆژیی مووشـەکی و درێژەدانـی هێـرش بـۆ سـەر بەرژەوەندیـی وڵاتانـی ڕۆژئـاوا وای کـرد وڵاتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا تاکلایەنـە لـە بەرجـام بکشـێتەوە. هەڵپەسـێرانی بەرجـام، گەڕانـەوەی بەشـێک لـە سـزاکانی دژی ئێـران لەلایـەن ئەمریـکاوە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و درێــژەی گوشــارەکانی ڕۆژئــاوا ڕێژیمــی ئێرانــی هــەم لــەڕووی ئابــووری و هــەم لــەڕووی سیاســییەوە تووشــی قەیرانــی جــدی کــردوە. حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران وەک هەمیشــە بــاوەڕی وایــە کــە کێشــەی ئێــران و کۆمەڵگــەی جیهانــی نابێ لە پرســی ئەتۆمــی و مووشــەکیی کۆماری ئیســلامی و بەوپێیــە لــە بەرجامــدا ســنووردار بکــرێ. کێشــەی ســەرەکیی کۆمــاری ئیســلامی نەحاواوەبوونــی ئــەم ڕێژیمــە لــە چوارچێــوەی نەزمــی جیهانــی، ئایدۆلۆژیــی ڕێژیــم و ئەجێنداکانــی ئــەم ڕێژیمــە بــۆ پــەرەدان بــە تێرۆریزمــی دەوڵەتــی و ناســەقامگیرکردنی ناوچەیــە. هەروەهــا پرســی نێوخــۆی ئێــران، ئیســتبدادی سیاســی و بەبارمتەگرتنــی خەڵکــی وڵات و ســەرکوت و پێشــێلکردنی مــاف و ئازادییەکانیانــە کــە کۆمەڵگــەی جیهانــی لــە تەعامولــی سیاســیی خــۆی لەگــەڵ ئێرانــدا دەبــێ ببیینــێ.

ڕاســتییەکەی ئەوەیــە ئێــران وڵاتێکــی دەوڵەمەنــدە. جگــە لــە داهاتــی نــەوت، گاز و بەرهەمــە نەوتییــەکان، لــەڕووی هێــزی مرۆیــی خوێنــدەوار و بەتوانــا و هەروەهــا بەرهەمهێنانــی نێوخۆیــی نانەوتیشــەوە بەهێــزە. بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا نوقمــی قەیرانــە ئابوورییەکانــە کــە کاریگەریــی زۆر خراپــی لەســەر ڕەهەنــدە کۆمەڵایەتییەکانــی ژیانــی خەڵکــی ئێــران دانــاوە. هــەژاری، بێــکاری، ئاوســان، لەکەمیدانــی توانــای کڕینــی خەڵــک، دابەزینــی بایەخــی دراوی نیشــتمانی، قەیــران لــە کەرتەکانــی پیشەســازی و نیزامــی بانکــی کــە لەســۆنگەی سیاســەتەکانی ڕێژیمــەوە ناســەقامگیریی بــازاڕ و هەرەســهێنانی وەبەرهێنانــی نێوخۆیــی لــێ کەوتۆتــەوە؛ نــەک ســاڵ بــە ســاڵ، بەڵکــوو مانــگ بــە مانــگ زۆرتــر و کارەســاتبارتر دەبــن. ئەگــەر

تەنیا بایەخی دراوی نیشتمانیی وڵات بە نموونە بینینەوە، لە کاتی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا هەر دۆلارێک بایی ٧ تمەن بوو.ساڵی ١٣٦٠ لە دەوڵەتی مووسەوی و لە هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراقدا نرخی دۆلار گەیشتە ٢٧ تمەن. لە سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانیدا (١٣٧٦-١٣٦٨) دۆلار گەیشتە ٤٨٠ تمەن و لە کۆتایی دەوڵەتی خاتەمیدا (١٣٨٤-١٣٧٦) بۆ ٩٠٠ تمەن بەرز بۆوە. بایی هەر دۆلارێک لە کۆتاییەکانی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاددا (١٣٩٢-١٣٨٤) گەیشتە ٣١٠٠ تمەن و لە دەوڵەتی ڕووحانیدا (١٤٠٠-١٣٩٢) بەتایبەت دوای کشانەوەی ئەمریکا لە بەرجام هەتا ٢٤ هەزار تمەن ڕۆیشت. دوای ٣ ساڵ سەرکۆماریی برایم ڕەئیسی -کە ڕۆژی ٣٠ی بانەمەڕی ١٤٠٣ لە ڕووداوی بەربوونەوەی هێلیکۆپتێردا کوژرا- هەر دۆلارێکی ئەمریکا گەیشتە دەوروبەری ٦٠ هەزار تمەن و لە ماوەی چەند مانگی یەکەمی سەرکۆماریی مەسعوود پزشکیاندا هەر دۆلار **سنووری ٨٠ هەزار تەمەنی** تێپەڕاندوە. بەو پێیە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا نرخی دراوی ڕەسمیی وڵات ١١ **هەزار** هێندە دارماوە و ئەو دارمانە لەو شێوەیەدا بە هەموو کەرتەکانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی وڵاتەوە دیارە.

لە تەنیشت گەندەڵیی هەوسارپچڕاوی حکوومەتی کە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی گرتووەتەوە و لەوسۆنگەیەوە بە سەدان میلیارد دۆلار لە داهات و سامانی گشتیی وڵات بەتاڵان براوە و چەند ئەوەندەش بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتی خەرج کراوە، کۆمەڵگەش نوقمی قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانە و کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش هەوڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە بووە لە بەستێنی سیاسی و لەپێناو مانەوەی لە دەسەڵاتدا سوود لەو قەیران و خەسارە کۆمەڵایەتییانە وەربگرێ.
بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخ و پێگەی سیاسی و شەرعییەتی خەڵکیی کۆماری ئیسلامی هیچ پێویست ناکا پەنا بۆ داتا و لێکدانەوەی سیاسی ببەین، بەڵکوو تازەترین هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە پووشپەڕی ١٤٠٣ (چواردەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی) و ڕەشەمەی ١٤٠٢ (هەڵبژاردنەکانی دوازدەهەمین خولی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و شەشەمین خولی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری) و دەوری دووهەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس (٢١ی بانەمەڕی ١٤٠٣ و بەپێی ئامارە ڕاگەیەندراوەکان بە بەشداریی ٨٪ی خەڵک) باشترین پێوەرە بۆ لێکدانەوەی پێگە و جێگەی کۆماری ئیسلامی لەنێو خەڵکی وڵاتدا.
بەپێی ئاکامە ڕەسمییە ڕاگەیەندراوەکان کە زۆربەی چاودێرانی سیاسی بە گومانەوە لێی دەڕوانن و پێیان وایە دەستیان تێ براوە، ئاستی بەشداریی خەڵک لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنەکان (٨ی پووشپەڕ) کەمتر لە سەتا ٤٠ بوو لە دەوری دەهەمدا (١٥ی پووشپەڕ) کەمتر لە سەتا ٤٨ بوو، واتە ساردوسڕترین هەڵبژاردن لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا و ساردتر لە هەڵبژاردنەکانی خولی سێزدەهەمیش کە تێیدا ئیبراهیم ڕەئیسی بە ڕکابەری لەگەڵ دەنگی سووتاودا ناوی لە سندووقەکان هێنرایە دەر. ئەمەش ئاکامی پێگەیشتوویی سیاسیی خەڵک و گەشەی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانە.
سەرکەوتنی بایکۆتی بەناوهەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری پێشانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دایـەوە کـە خەڵکـی ئێـران چیـتر ئامـادە نیـن بـە هەڵبـژاردن لەنێـوان خـراپ و خراپـتردا چارەنووسـی ژیـان و داهاتـووی خۆیـان بـە ئیـرادەی ڕێژیـم بسـپێرن، دەریخسـتەوە کـە نـە بـەوادە و بەڵێنـی درۆ و هەڵخەڵەتێنـەر دڵخـۆش دەبـن و نـە دەنگـی خۆیـان دەکەنـەوە بـە ئامرازێـک لـە دەسـتی کۆمـاری ئیسـلامیدا بـۆ کڕینـەوەی مەشرووعییەتـی نەبـووی. بایکۆتـی بەربـڵاوی هەڵبژاردنـەکان شـێوە ڕێفراندۆمێکـی ئاشـکرا بـوو دژی کۆمـاری ئیسـلامی و پـتر لـە چـوار دەیـە کوشـتار، جینایـەت، گرتـن و ئێعـدام، گەندەڵـی و زەوتکرانـی سیسـتماتیکی مـاف و ئازادییەکانیـان بەهـۆی دەسـەڵاتی ڕێژیمـەوە. هەڵبژاردنەکانـی ڕەشـەمەی ١٤٠٢ و پووشـپەڕی ١٤٠٣ کـە لـە مـاوەی سێ مانگـدا بەڕێـوە چـوون، دەریخسـت ئـەو نیزامـە سیاسـییە ئەوەنـدە بـێ ئێعتبـار و ناخۆشەویسـتە تەنانـەت بـە درۆ، سـاختەکاری و ئامارسـازییش نەیتوانـی لانیکەمـی متمانـەی خەڵـک و مەشروعیـەت بـە نیـزام و سیسـتەمەکەی پێشـان بـدا. تەنانـەت بەشـێک لەوانـەی پێشـتر سـەرۆککۆمار و لـە ڕێبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی و کەسـایەتییە سیاسـییە هـەرە دیارەکانـی ئـەو ڕێژیمـە بـوون، بەشـداریی تازەتریـن هەڵبژاردنەکانـی مەجلیسـیان نەکـرد. هەروەهـا بەشـداری‌نەکردنی زۆرینـەی خەڵـک لـەو هەڵبژاردنانـەدا دوو پەیامـی ڕاشـکاوانەی لـە خـۆ گرتبـوو: "**نـا بـە کۆمـاری ئیسـلامی**" و "**بەڵـی بـۆ گۆڕانـی بنەڕەتـی**". بـەڵام سروشـتی هەمـوو نیزامێکـی سیاسـی هەوڵـدان بـۆ مانـەوەی لـە دەسـەڵاتە و مـادام سـتراتیژیی ڕێژیمیـش هـەر ئەوەیـە، ئـەم دوورەدیمەنـە لـە ئاسـتی نیوخۆییـدا پێشـبینی دەکـرێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستئاوەڵاکردنی زیاتری دەزگا ئەمنیەتییەکان و هێزە چەکدارەکانی -بەتایبەت لە کوردستان- بۆ درێژەدان بە سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی خەڵک بە مەبەستی پاشەکشەپێکردن لە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەیە. هەروەها بەردەوامیی ڕێژیم لە ستراتیژیی پەراوێزخستن و نادیدەگرتنی واقعییەتە مێژوویی و سیاسییەکانی ئێران وەک پرسی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکە و سەرکوت و سڕینەوەی جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئێران لەپێناو مانەوەی خۆی لە دەسەڵاتدایە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی بوونی جووڵانەوەیەکی بەهێزی نەتەوەیی و جەماوەری و دەوری گرینگی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات، سیاسەت و پلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان تەواو جیاواز لە بەشەکانی دیکەی ئێرانە. سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە ژوورە داخراوە ئەمنیەتییەکانی سپای پاسداراندا لەسەر دوو تەوەر دادەڕێژرێن: لەلایەک بەرەودان بە سەرکوت، تۆقاندن، درێژەدان بە گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و سەپاندنی زیندانی درێژخایەن بەسەریاندا و کوشتوبڕ و ئێعدامەکان بە مەبەستی پڕتێچووکردنی خەبات و مافخوازی لە کوردستان. لەلایەکی دیکەش دروستکردنی درز و کەلێن لەنێوان کورد و پێکهاتەکانی دیکە لە ئێران لە ڕێگەی چەواشەکاری و بەرەودان بە بابەتی بێ بنەما دژی حیزبە کوردییەکان ئەویش بە مەبەستی ناساندنی خەبات و پرسی سیاسی نەتەوەیی کورد لە ئێران وەک بزووتنەوەیەکی "تەجزیەتەڵەب" یەک لەوانە.

مادام ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کوردستان و خەباتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مافخوازانەکـەی لـە ئێرانـدا تـاک و تەریـک بخاتـەوە، دەبـێ هـەوڵ و سیاسـەتی حیزبـی دێموکـرات بـۆ مایەپووچکردنـەوەی ئـەو سیاسـەتەی ڕێژیـم بـێ. بـۆ ئەو مەبەسـتەش پێویسـتە ئەوەنـدەی دەکرێ بـە هەماهەنگی لەگـەڵ کۆڕوکۆمـەڵ و لایەنـە سیاسـییەکان، حیزبـەکان و کەسـایەتییە غەیـرە کـوردەکان لـە ئاسـتی نێوخـۆ و دەرەوەی وڵاتـدا لێکنیزیکـی و پلانـی کاری هاوبەشـمان هەبـن. ئێمـە دەبـێ ئـەو ڕاسـتییەمان لەبەرچـاو بێـت کـە سـەرەڕای بێزاریـی خەڵـک لـە کۆمـاری ئیسـلامی و سـڕینەوەی مەشروعییـەت لـەو ڕێژیمـە، بـەڵام کۆمـاری ئیسـلامی کۆمەڵێـک دەرفـەت و ئامـرازی بەدەسـتەوەن کـە بـۆ مانـەوەی دەسـەڵاتەکەی بـە کاریـان دێنـێ:

**یەکـەم**، نەبوونـی ئاڵترناتیـو کـە بەداخـەوە هۆکارێکـی سـەرەکیی مانـەوەی ڕێژیـم و خاڵـی هـەرە لاوازی ئۆپۆزیسـیۆنە. حیزبـی دێموکـرات دەبـێ لەسـەر هـەوڵ و تێکۆشـانی هەمیشـەیی خـۆی بـۆ دروسـتبوونی بەدیـل لـە ئاسـتی ئێرانـدا بـەردەوام بـێ.

**دووهـەم**، کەلکوەرگرتـن لـە فاکتـەری ئاییـنزا و دامـەزراوەی ئایینـی و مودیرییەتکردنـی ڕێکخـراوە و دامـەزراوە دینییـەکان لـە نێوخـۆ و ناوچەکـە لەپێنـاوی مانـەوەی خۆیـدا.

**سـێهەم**، دروسـتکردنی ئـەو گومانـە لـەلای خەڵـک کـە لـە ئەگـەری ڕووخانی کۆمـاری ئیسـلامیدا دۆخـی نێوخۆیـی ئێـران دەشـێوێ و چەشـنی وڵاتانـی شـەڕلێدراو بـۆ نموونـە وەک سـوورییەی لـێ دێ.

**چـوارەم**، جاڕدانـی بـەدرۆی هەبوونـی مەترسـیی دوژمنـی دەرەکـی و لـەو ڕێگەیـەوە هەوڵـی بەلاڕێدابردنـی بیـروڕای گشـتیی ئێـران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پێنجەم**، پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیی سەربازی بەتایبەت خۆتەیارکردنی بە چەند جۆر مووشەک و درۆنی پێشکەوتوو و پەلەکردن لە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی و کەلکوەرگرتن لەو توانا سەربازییە بۆ گەرەنتیی ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی.

تەنیا پارامێترێکیش کە دەتوانی ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێ، یەکڕیزی ئۆپۆزسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی و دروستبوونی بەدیلێک بۆ ئەو ڕێژیمەیە کە جێگەی متمانەی خەڵکی نێوخۆی وڵات و کۆمەڵگەی جیهانی بێ.

## کۆماری ئیسلامیی ئێران و پرسی نەتەوەکان لە ئێراندا

کۆماری ئیسلامیی ئێران میراتگری دەسەڵاتدارەتیی حکوومەتی ناوەندگەرای پەهلەوییە کە لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی ئێرانی بنیات نراوە، ناسیۆنالیزمێک کە قەت دانی بە فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگەی ئێراندا نەناوە. ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و لەبەرچاونەگرتنی ئەو حەقیقەتە لە بنیاتنانی ئێران، بە تایبەت لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو کۆمەڵە کێشە و قەیرانەیە کە ئەمڕۆ بەرۆکی خەڵکی وڵات و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی گرتوە. سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکان لە نەتەوەی سەردەستدا، هەڵاواردنی ناوچە پەراوێزخراوەکان و کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند لەپێناو دروستکردنی حاکمییەتێکی بەهێز لە دوو سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامیدا ئاکامەکەی ئێرانێکی پڕقەیران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـە داهاتوویەکـی لێـڵ و ناڕوونـەوە بـووە.

لـە شۆڕشـی ١٣٥٧ی ئێرانـدا هەمـوو گەلانـی ئێـران، ڕێکخـراوە و تەیفـە سیاسـییەکانی دژبـەری حکوومەتـی حەمـەڕەزا شـا لـە دێموکـرات، میللـی، چـەپ، ئیسـلامی و پێشـکەوتنخوازەکان بـە ئامانجـی تێپەڕیـن لـە ڕێژیمـی ناوەندگـەرای پەهلـەوی بەشـدار بـوون، بـەڵام بەهـۆی پاوانکردنـی دەسـکەوتەکانی شـۆڕش لەلایـەن لایەنگرانـی خومەینییـەوە ئامانجـە بنەڕەتییەکانـی کۆمەڵانـی خەڵکـی وڵات وەدی نەهاتـن. گەلانـی ئێـران خوازیـاری دێموکراسـی، ئازادیـی سیاسـی، عەداڵەتـی کۆمەڵایەتـی و دابینبوونـی مافـی نەتەوەیـی خۆیـان بـوون. ئـەو ڕاپەڕینـە لـەدژی دەسـەڵاتی تاکتەوەریـی "شاهەنشـا" و سـەرکوتی مـاف و ئازادییـە جۆراوجـۆرە نەتەوەیـی و سیاسـی وکۆمەڵایەتییـەکان بـوو، بـەڵام ئاکامەکەی جێگیربوونـی دیکتاتۆریـی "ویلایەتـی فەقیهـی" بـوو.

بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەی نیزیـک بـە سـەدەیەکە دەسـەڵاتدارانی نەتـەوەی سەردەسـت هەوڵـی سیسـتماتیک بـۆ تواندنـەوەی نەتـەوە نافارسـەکان دەدەن و ئـەم ئەجێندایـە لـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـدا ئامانجدارتـر براوەتـە پێشـێ، ئـەوان نەیانتوانیـوە لـەو ئامانجـەدا سـەرکەوتوو بـن. نەتەوە ژێردەسـت و پەراوێزخـراوەکان لـە جوغرافیـای سیاسـیی ئێرانـدا نـەک هـەر نەتواونەتـەوە، بگـرە ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ پرسـی شوناسـخوازی لـە نێویانـدا پـتر پـەرەی گرتـوە. ئەوەنـدەش کـە پەیوەندیـی بـە نەتـەوەی کـوردەوە هەیـە، هـەم پرسـی شوناسـخوازیی کـورد گەشـەی سیاسـیی کـردوە و هـەم کـورد توانیویەتـی بـە خەباتـی ڕێکخـراو و ئامانجـداری خـۆی ئێعتبـاری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسـیی تایبـەت لـە ئاسـتی ئێـران و کۆمەڵگـەی جیهانیـدا بۆخـۆی دەسـتەبەر بـکا.

کـورد لـە ئێـران لـە یـەک سـەدەی ڕابـردوودا قـەت لـە هەوڵـی گرتنەدەسـتی چارەنووسـی سیاسـیی خـۆی کەمتەرخـەم نەبـووە و بەپێـی قورسـایی خـۆی تێکۆشـاوە شـوێنپەنجەی بـە ڕووداوەکانـەوە دیـار بـێ. لـە کۆتایـی شـەڕی دووهەمـی جیهانیـدا کـورد شانبەشـانی حکوومەتـی میللیـی ئازەربایجـان کۆمـاری کوردسـتانی پێکهێنـا. بـەڵام دەگـەڵ ئـەوەی سـەرۆکی کۆمـار هەمـوو هەوڵـی ئـەوە بـوو لـە ڕێـگای دانوسـتان و وتووێژەوە ئەزموونـی دێموکراسـیی کۆمـار و دەسـەڵاتی قانـوون بپارێـزێ؛ دەسـەڵاتی تـاران بـە زمانـی چـەک و لەشکەرکێشـی وەڵامـی دایـەوە و کۆمـار ڕووخـا. سـاڵی ١٣٥٧یـش دوای سـەرکەوتنی گەلانـی ئێـران و ڕووخانـی ڕێژیمـی پاشـایەتی کـوردەکان کـە چالاکانـە بەشـداری شـۆڕش بـوون، هەوڵیـان دا لـە ڕێگـەی دانوسـتانەوە مافەکانیـان وەدی بێنـن. کەچـی دەسـەڵاتی تـازەش وەڵامـی داخوازەکانـی کـوردی بـە ئاگروئاسـن دایـەوە و شـەڕێکی بەسـەر کورددا سـەپاند کـە ئێسـتاش بـە شـێوەیەک بەردەوامـە.

ڕوانیـن و نەخشـەڕێگای حیزبـی دێموکـرات بۆ ئێرانـی داهاتوو تـەواو ڕوونە. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران بـە پێداگـری لەسـەر ئـەوەی ئێـران وڵاتێکـی فرەنەتەوەیـە، لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە نیزامـی سیاسـیی فیدراڵیـزم دەسـتەبەری هاوبەشـیی پێکهاتـە نەتەوەیـی، ئایینـی و جۆراوجۆرییەکانـی دیکـەی ئـەم وڵاتـە دەکا. حیزبـی دێموکـرات کـە لـە ٨ دەیـە تەمەنـی خەباتیـدا جێگیربوونـی دێموکراسـی لـە ئێرانـی وەک گەرەنتیـی دابینبوونـی

مافە نەتەوەییەکانی بە دروشمی ستراتیژیی خۆی داناوە، لەسەر ئەو باوەڕەیە ڕوانینی دروست بۆ داهاتووی ئێران داننان بە جۆراوجۆرییە کولتووری، زمانی و نەتەوەییەکانە کە دەتوانێ بمانخاتە سەر ڕێگەی دروستی پێکەوە ژیان و مانەوە لە وڵاتێکدا کە بۆ هەمووان بێ. بۆ وەسەریەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی هەموو نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییش پێویستە هاوپەیمانییەک لەنێوان هەموو حیزبە پێشکەوتووە سەرانسەری و ناوچەییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵاتدا پێک بێ. هاوپەیمانییەک کە لە ئێستاوە بە تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێران مافە ڕەواکانی هەموو پێکهاتەکان بە ڕەسمی بناسێ.

## پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێستاش لە پرسە هەستیارە مێژوویی و سیاسییەکانی ناوچەکەیە.

کورد بەهۆی دابەشبوونی خاکەکەی بەسەر چوار وڵات بە حاکمییەتی سیستمی سیاسیی ناوەندگەرادا و لە کاردانەوە بە سیاسەتی پاوانخوازانەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەدا ناچار بە گرتنەبەری خەباتێکی بەردرێژ، هەمەلایەنە و فرەڕەهەند بووە. جیا لە هۆکارە نێوخۆییەکان هۆکارێکی سەرەکیی بەئاکامنەگەیشتنی خەباتی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کورد لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا نەیتوانیوە بەپێی قورسایی پرسەکەی فاکتەرێکی دیاریکەر بێ. بەڵام بەخۆشییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئێستا بەردەوامیی کورد لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتیی خۆی و دەستەبەری کۆمەڵێک دەسکەوتی سیاسی و مێژوویی لە ڕەوتی ئەو خەباتەدا پرسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کردۆتە پرسێکی جیددی. بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەشداریی کورد لە شەڕی دژی داعش لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان و بزووتنەوەی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێعتبارێکی پتری بە پرسی کورد لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەخشیوە.

لە تەنیشت ئەو دەسکەوتانە ناکۆکیی نێوخۆیی، بەفیڕۆدانی هەل و دەرفەتە ڕەخساوەکان و نەبوونی ستراتیژییەکی ئەوتۆ کە بەرژەوەندییەکانی کورد لەگەڵ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان گرێ بدا، لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بەجۆرێک کاریگەریی خراپی لەسەر خەبات و دیپلۆماسیی کورد داناوە. هاوکات ڕەوتی ڕووداوەکانی یەک دەیەی ڕابردوو و ئەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئێستا شوێنێکی سەرەکیی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیی زلهێزە جیهانی و ناوچەییەکانە، کۆمەڵێک دەرفەتی بۆ کورد ڕەخساندوە و هەر لەوکاتەدا زۆر هەڕەشە و مەترسییشی لەسەر پرسی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان دروست کردوە. ئەوەی کە دیار و بەرچاوە، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە سەدەی ڕابردوودا هەنگاوی باشی بەرەوپێش ناوە و لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی.

**کوردەکان لە سووریە، بەتایبەت دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد** بوونەتە فاکتەرێک کە لە دروستکردنەوەی ئەم وڵاتەدا و ناکرێ

پشـتگوێ بخرێـن. لـە عێـڕاق کـوردەکان بەپێـی ڕێککەوتنـی نێـوان هەرێـم و بەغـدا خـاوەن کۆمەڵێـک مافـی سیاسـی، ناسـنامەیی و مەدەنیـن و لـە تورکیـەش پرسـی کـورد لـە سـایەی تێکۆشـانی شۆڕشـگێڕانە، خەباتـی سیاسـی و پاڕلمانیـی چەنـد دەیـەی ڕابـردووی کوردسـتاندا هەنـگاوی باشـی بەرەوپێـش نـاوە. لـە ئێرانیـش پـتر لـە چـوار دەیـە سیاسـەتی کۆمـاری ئیسـلامی لـە سڕینەوە و حاشـاکردن لـە پرسـی کـورد و سـەرکوتی جووڵانـەوەی ڕزگاریخـوازی ئاکامـی پێچەوانـەی بـۆ ڕێژیـم هەبـووە. ڕێژیم بـە دەرکردنـی فەرمانـی جیهـاد بـە دژی کـورد و بە سـەپاندنی شـەڕ بە سـەر کوردسـتان، بـە تێـرۆری ڕێبەرانـی جووڵانـەوەی کـورد، بـە تەقاندنـەوەی بنکـە و بارەگاکانـی حیزبـی دێموکـرات بـە بۆمـب و مووشـەک و، لـە ڕێگـەی پیلانـی جۆراوجـۆری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و، بـە کەلکوەرگرتـن لـە هەمـوو ئیمکاناتێکـی دەوڵەتـی و حکوومەتـی هەوڵـی داوە شـتێک بـە نـاوی پرسـی کـورد و مافخوازیـی کـورد نەهێڵـێ. کەچـی ئـەوەی بـەردەوام گەشـەی کـردوە و بەرەوپێـش چـووە، وشـیاریی نەتەوەیـی کـورد و ئاسـتی بەشـدارییان لـە خەباتـی مافخـوازی و شوناسویسـتییاندا بـووە.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

سیاسـەتی ڕەسـمیی حکوومەتـی تـاران بەئەمنیەتیکـردن، پەراوێزخسـتن و هەڵاواردنـی کوردسـتانە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورد لـە ئێران بـەو پاشـخانە دەوڵەمەنـدەی لە خەباتـی حیزبـی دێموکراتی کوردسـتان و ئەزموونەکانـی کۆمـاری کوردسـتانەوە بوویەتـی، بـەردەوام ڕوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە گەشــە بــووە و قۆناغــی شوناســخوازیی کــوردی گەیاندۆتــە ئاســتێکی بــەرز کــە زەقتریــن نموونەیــمان لــە بزووتنــەوەی ژینــا (پاییــزی ١٤٠١) و نــەورۆزی (١٤٠٣)دا بینــی.

جیـا لـە سیاسـەتی ڕەسـمیی کۆمـاری ئیسـلامی لەهەمبـەر پرسـی کـورد کە لەسـەر بنەمـای دروسـتکردنی قەیرانـی شـوناس، تواندنـەوە، حاشـاکردن و سـەرکوتی مـاف و ئازادییەکانـی کـورد دانـراوە، چەنـد فاکتەرێکـی دیکـەش هـەن کـە شـوێنەواریان لەسـەر خوێندنـەوە و هەڵوێسـت و سیاسـەتەکانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هەبـووە کـە بـە کورتـی ئامـاژە بـە دوو فاکتـەری گرینـگ دەکەیـن:

- **پرسـی ئاییـن و ئایینـزاکان لـە ئێـران و کوردسـتان.** کۆمـاری ئیسـلامی لـە هەمـوو مـاوەی دەسـەڵاتداریی خۆیـدا ویسـتوویەتی جۆراوجۆریـی ئایینـی و ئایینزایـی لـە کوردسـتان بـۆ نانـەوەی ناکۆکـی و دابڕاندنـی بەشـەکانی کۆمەڵگـەی کوردسـتان لـە یەکـتری بـەکار بێنـێ. ڕێژیمـی کۆماری ئیسـلامی لەلایـەک هەوڵـی داوە هەسـتی نەتەوایەتـی لەنێـو کـوردە شـیعەکاندا لاواز بـکا و لەلایەکـی دیکـە دەمارگرژیـی ئایینیزایـی و توندڕۆیـی لەنێـو کـوردە سـوننییەکاندا پـەرە پـێ بـدا؛ هـاوکات بـە بەرفراوانکردنـی کەلێنـی نێـوان ئایینزاکانـی دیکـەی وەک یارسـانەکان ڕێ لـە بیچمگرتنـی یەکیەتیـی نەتەوەیـی کـورد بگرێـت. بـەڵام وشـیاریی سیاسـی و نەتەوەیـی کـورد لەلایـەک و سـتراتیژیی حیزبـی دێموکـرات کـە بەهێزکردنـی ڕوحـی نەتەوەیـی و بەرپەرچدانـەوەی مەیدانیـی سیاسـەتەکانی ڕێژیـم بـووە، بەکـردەوە جیـاوازی و جۆراوجۆریـی ئایینـی و ئایینزایـی لـە کوردسـتانی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فاکتـەری هەڕەشـە و مەترسـییەوە بـۆ دەرفـەت گۆڕیـوە. بەرجەسـتەبوونی هەسـت و شـعووری نەتەوایەتیـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە چەنـد ڕووداوێکـی وەک بوومەلەرزەکـەی ئەزگەلـە و سـەرپێلی زەهـاو لـە پارێـزگای کرماشـان (١٣٩٦) و لافاوەکـەی لوڕسـتان (١٣٩٨) و بۆنـە نەتەوەییەکانـی وەک نـەورۆزدا نیشـانەی ئەوپـەڕی وشـیاریی سیاسـی و نەتەوەیـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـوون.

- **بەریەککەوتنـی بەرژەوەندییەکانـی کـورد و تورکـە ئازەرییـەکان.** هـەر لەجێـدا دابەشـکاریی جوغرافیایـی ناوچەکانـی ئێـران لـە سـەردەمی پەهلەوییـەکان لەسـەر بنەمـای پێکهێنانـی دەوڵەت-نەتـەوە بـە مەبەسـتی سـڕینەوەی شوناسـە ئێتنیکییـەکان و تواندنـەوەی نەتـەوەکان لـە نەتـەوەی سەردەسـتدا بـووە و دروسـتبوونی گـرژی و بەریەککەوتنـی جۆراوجۆرییەکانـی نێـو ئـەو جوغرافیـا ئۆسـتانییانەش لـە بەرژەوەندیـی حاکمییەتـی سیاسـیدا مودیرییـەت کـراوە. وەک چـۆن بـە دیاریکردنـی پارێزگایـەک بـە نـاوی "کوردسـتان" هـەوڵ دراوە ناسـنامە و شوناسـی کـورد لـە پێناسـە و پێکهاتـەی ئیـداری و بەڕێوەبەریـی ئێرانـدا بەوەنـدە بچـووک و بەرتەسـک بکرێتـەوە و دوای هاتنەسـەرکاری کۆمـاری ئیسـلامییش بـە ڕێگـەدان بـە تورکـە ئازەرییـەکان بـۆ دەسـەڵاتی زۆر و ناهاوسـەنگی لـە ئیدارەکردنـی پارێـزگای ورمـێ (آذربایجـان غربـی)دا، ئـەم بەریەککەوتـن و ململانێیـە خراوەتـە خزمـەت پـلان و سـتراتیژییەکانی حکوومەتـی تـاران. ڕێککەوتنـی کۆمـاری کوردسـتان و حکوومەتـی میللیـی ئازەربایجـان لـە سـاڵی ١٣٢٥ی هەتاویـدا نموونەیەکـی مێژووییـە کـە ئـەم ڕێککەوتنـە تـا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕادەیەک گرژیی نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورکی ئازەربایجانیی لەگەڵ یەکتر کەم کردبۆوە. دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران هاوکێشە سیاسی و ژێئۆپۆلۆتیکییەکان لە ئێران بەتەواوی گۆڕان و، ئایینزای شیعە بوو بە بنەما و پێناسەی دەسەڵاتی هاوبەشی تورک و فارس لە وڵاتدا.

لە دوای هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان ئەو بەشە لە تورکەکان کە دەسەڵاتی ئەڕتەش، سپای پاسداران و ئۆرگانە ئەمنیەتییە تازە دامەزراوەکانیان لەدەستدا بووە، لە پارێزگای ورمێ دەسەڵاتی زۆریان بۆ حکوومەتکردن بەسەر کورددا پێ درابوو. لە هەمان کاتدا زۆر تێکۆشەری تورک لەنێو ڕێکخراوە ئێرانییەکان لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان دژی کۆماری ئیسلامیدا بوون و زۆریشیان پێوەندیی باشیان لەگەڵ حیزب هەبوو، هەروەها زۆر پێوەندیی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو دوو نەتەوەیەی لەو پارێزگایەدا بەیەکەوە گرێ دابوو. بەڵام لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم نانەوەی دووبەرەکی و فرەوانکردنی درزی پێوەندییەکانی کورد و تورک لەو ناوچەیە و برەودان بە گرژی و بچووککردنەوەی پێگەی سیاسی و جوغرافیی کورد بووە.

لەژێر تیشکی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٤٠٢ی مەجلسی شوڕای ئیسلامیی ئێران لەو شارانەی پارێزگای ورمێ کە کورد و تورک تێکەڵاون، پێویستە ڕێبەریی حیزب بەپێی هەڵسەنگاندنەکان خوێندنەوەی تایبەت بۆ ئەو دۆخە بکات و بڕیار و سیاسەتی دیاریکراو و بەرچاوڕوونیی پتری بۆ داهاتوو هەبێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە تەواوەتیـی خۆیـدا سیاسـەتی دروسـت و نەگـۆڕی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هەوڵـدان بـۆ پتەوکردنـی بنەماکانـی پێکەوەژیانـی بەئاشـتی، دەسـتەبەری مافـی وەکیـەک و تێکۆشـان لـە چوارچێـوەی هـاوکاری و هاوخەباتـی بـۆ وەدیهێنانـی ئامانجـە هاوبەشـەکان دژی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـە.

## بزووتنەوەی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی)

دوای شۆڕشـی ١٣٥٧ (١٩٧٩)ی ئێـران بزووتنـەوە ژینـا -کـە لـە ٢٥ی خەرمانانـی ١٤٠١ بـەدوای کوشـتنی حکوومەتیـی ژینـا ئەمینـی دەسـتی پێ‌کـرد- گەورەتریـن و بەهێزتریـن جووڵانـەوەی نارەزایەتیـی مەدەنـی لـە مێـژووی دەسـەڵاتدارەتیی کۆمـاری ئیسـلامیدا بـوو کـە چ لـە ئاسـتی ئێـران و چ لـە ئاسـتی دەرەوەدا لەلایـەک هیـوا و هۆمێدێکـی زۆری لەنێـو خەڵکـدا پێکهێنـا و کۆمـاری ئیسـلامیی زۆر تەنگەتـاو کـرد، لـە لایەکـی تریشـەوە ڕەنگدانـەوەی ئـەو ڕاپەڕیـن و جووڵانەوەیـە لـە ئاسـتی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی، کۆڕوکۆبوونـەوە سیاسـی و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـدا سـەرنجی بیـروڕای گشـتیی جیهانـی بـە دوای خۆیـدا ڕاکێشـا. لـەوەڕا کـە چەخماغـەی جووڵانەوەکـە لـە کوردسـتان بـە دەرکردنـی بەیاننامەیەکـی ناوەنـدی هـاوکاری و مەحکوومکردنـی ئـەو جینایەتـە و داوا بـۆ مانگرتـن و خۆپێشـاندان لـێ‌درا و لـە کوردسـتانەوە پەلـی بـۆ ناوچەکانـی دیکـەی ئێـران هاویشـت، ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی بیـروڕای نێوخـۆی ئـەم وڵاتـە بـە نیسـبەت خەڵکـی کوردسـتان و پرسـی کـورد گۆڕانـی پـتری بەسـەردا

بێت و ڕوانینی کۆمەڵگەی ئێران بەپێچەوانەی ویست و پڕوپاگەندەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە قازانجی پرسی کورد بگۆڕێ.
لەگەڵ ئەوەدا کە لە زۆر لاوە هەوڵ دەدرا ئەم بزووتنەوەیە بە بەربەرەکانی دژی حیجابی زۆرەملێ و سەرکوتی ئازادییە مەدەنییەکان پێناسە بکرێ، بەڵام جەوهەری ئەو بزووتنەوەیە لە کوردستان تەقینەوەی ڕق و بێزاریی کورد وەک نەتەوەیەکی مافویست و خەباتکار لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بوو؛ کە لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا پەنگی خواردبۆوە. ڕاپەڕینەکە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بوار و بەستێنێکی ئەوتۆی پێکهێنا کە زۆربەی لایەنە ئێرانییەکان بە تایبەت کۆمەڵگەی ژنانی کوردستان و ئێران خۆیان لەو جوڵانەوەیەدا ببیننەوە.
سوشیالمێدیای کوردی و فارسی، بە تایبەت کوردکاناڵ و تۆڕەکانی دیکەی مێدیای حیزبی دێموکرات و بەشیک لە ڕاگەیەنە فارسییەکانیش دەورێکی باشیان لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان و تینوگوڕبەخشین بە خەڵک بۆ بەردەوامییان لە ڕاپەڕینەکەدا هەبوو. وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات -٣٠ی گەلاوێژی ١٤٠١- لە چەند حەوتوو پێش دەسپێکی ڕاپەڕینەکە و ئەو پێخۆشبوون و جۆش و خرۆشەی بەو بۆنەیەوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێکەوتبوو، دەورێکی زۆر باش و کاریگەر و لە هەمانکاتدا هیوابەخشی لە هاندانی خەڵک بۆ ئەو جووڵانەوە جەماوەری و مافخوازانەیە هەبوو. دەرکەوتنەوەی وزەی خەباتگێڕی و لەسەرهەستبوونی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵک لە دوای سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوەی ژینادا لانیکەم لە سێ بۆنە و

ڕووداوی ناشتنی تەرمی سێ شاخەوانەکەی تیمی کاویانی نەغەدە لە کۆتایی بەفرانبار، پێشوازی لە تەرمی فەریار ئەمینیپوور، وەرزشکارە سەقزییەکە لە سەرەتای ڕێبەندان و سەرکەوتنی چەند جار بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و سەرکۆماری توانا و زەرفییەتی خۆڕێکخستن و خەباتی جەماوەریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێشان دایەوە. هەر لە درێژەی ئەو ڕەوتەدا و لە پێشوازیی نەورۆز و ساڵی نوێی ١٤٠٣دا بوو کە خەڵکی کوردستان حەماسەیەکی دیکەیان لە یەکڕیزی، یەکگرتوویی، گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و توانای خۆڕێکخستنی جەماوەری خوڵقاند.

ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیی ئەمساڵیش [١٤٠٣] کە بە شکۆیەکی کەموێنەوە بەڕێوە چوون لەلایەک نیشاندەری ئیرادە و هەستێکی بەهێزی نیشتمانپەروەریی کوردانە بوون و لەلایەکی دیکەش تا ڕادەیەکی بەرچاو لە ئامادەیی زەینی، هزری و مەیدانیی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات و نافەرمانیی مەدەنی لەدژی کۆماری ئیسلامی سەرچاوەیان دەگرت. ئەم بۆنانە نیشانیان دا کە پرسی ڕێکخستن و شوناسویستیی کورد لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و جەماوەریدا قۆناخێکی پتری بڕیوە و ئاستی تێگەیشتن و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان ئەوەندە لەسەرێیە کە لە ئاستی ئێراندا دەکرێ بە نموونەی بێنیەوە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد زۆر باش توانیویەتی مێتۆدی خەباتی مەدەنی و جەماوەری لە کوردستاندا نەهادینە بکا و هەمیشە هاندەری ڕەگاژۆکردنی ئەو شێوە خەباتە بووە. چونکی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی کـە پێـی خۆشـە هەمـوو شـتێک بخاتـە ڕەهەنـدی توندوتیژییـەوە. کۆمـاری ئیسـلامی نایـەوێ خەباتـی مەدەنـی و جەمـاوەری لـە کۆمەڵگـەدا بیچـم بگـرێ، چونکـی لەئەگـەری بەهێزبوونـی ئـەم خەباتەدا ئیـدی توانـای دابەزاندنـی سـیناریۆ ئەمنیەتییەکانی لەکەمی دەدا، بۆیەشـە لـە هەمـوو جێیـەک کـە بزووتنەوەیەکـی ناڕەزایەتـی ڕەهەنـدی مەدەنـی و جەمـاوەری بەخۆیـەوە دەگـرێ؛ بەئانقەسـت و بـە پیلانیـش بـێ هـەوڵ دەدا بـەرەو توندوتیژیـی بـەرێ. حیزبـی دێموکـرات لـە هەمـوو مێـژووی خەباتـی خۆیـدا پێشـەنگی ئـەو خەباتـە و بەمێتۆدکردنـی لـە بزووتنـەوەی کـوردی ئێرانـدا بـووە، هـاوکات هەوڵـی داوە بزووتنـەوەی سیاسـی و جەماوەریـی کوردسـتان هاوتەریـب و شانبەشـانی بزووتنـەوە سیاسـی و ناڕەزایەتییـە سەرانسـەرییەکان بچێتـە پێشـێ و پێوەندییـان لەگـەڵ یەکـتر هەبـێ.

لـەم ڕووەوە هەڵسـەنگاندن و خەسارناسـیی بزووتنـەوەی ژینـا و تیشـک خستنەسـەر ڕەهەنـدە جۆراوجۆرەکانـی کارناڤاڵـی نەورۆزیـی ئەمسـاڵ زۆر وانـە و ئەزموونـی بەکەڵکـی تێدایـە کـە بـۆ بەردەوامـی و ئامانجدارترکردنـی خەباتـی سیاسـی، نەتەوەیـی و مەدەنیـی کـورد لـە شـێوازی جەماوەریـی خۆیـدا، بـۆ ئیسـتا و داهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان پێویسـتە بایەخیـان بدرێتـێ کـە بەشـێکیان ئەمانـەن:

**ئـا)** ئەوەنـدەی دابـڕان و لێکترازانەکانـی حیزبـی دێموکـرات لـە ڕابـردوودا خەڵکـی پـەرۆش و نیگـەران کردبـوو، ئەونـدەش یەکگرتنـەوەی حیـزب بـۆ ئـەو جووڵانەوەیـە هیوابەخـش بـوو، و تینوگـوڕ و ڕوحـی خەباتگێڕیـی بـە بـەر کۆمەڵگـەدا کـردەوە. بۆیـە پێویسـتە وێـڕای وەبیرهێنانـەوەی زیـان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و خەسارەکانی لێکترازانەکان، ناکۆکیی نێوان حیزبەکان و دروستبوونی کەلێن و مەودا لەنێوان حیزبەکان و کۆمەڵگەی کوردستان؛ کار لەسەر یەکیەتیی تەشکیلاتی و یەکڕیزی سیاسی بکەین.

**ب)** دەرکەوت کە جووڵانەوەی مافخوازانە لە کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەیی و جەماوەری هەم بواری بۆ خۆدەرخستنی هەیە و هەمیش خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا دەبینێتەوە؛ بۆیە حیزب لە سیاسەتکردن و وێژمانی سیاسیی خۆیدا دەبێ بایەخی زۆرتری پێ بدات.

**ج)** لەبەر ئەوەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی تێکشکاندن و بەچۆکداهێنانی جووڵانەوە مەدەنی و شوناسخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە، وێڕای ڕاگرتنی هەست و ڕوحی خەباتگێڕی و هەوڵدان بۆ بەردەوامی تێکۆشانی هەمەلایەنەی خەڵک، پێویستە پیلانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ گۆڕینی ڕێرەوی جووڵانەوەکان مایەپووچ بکەینەوە.

**د)** سەرهەڵدانەکەی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لە زۆربەی شوێنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەماوەری و تا ڕادەیەکی بەرچاو ڕێکخراو بوو، بەڵام بەداخەوە لە دەرەوەی کوردستان و شارە گەورەکان و بەتایبەت تاران ئاستی بەشدارییەکە ئەوەندە بەرچاو نەبوو. بۆیە ئەگەر دەمانەوێ جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کوردستان لە ئێراندا بەتەنیا نەمێنێتەوە و گوێگر و لایەنگر و هاوخەباتی بۆ پەیدا ببێت، دەبێ لەسەر کۆد و بەستێنە هاوبەشەکان پتر کار بکەین. ئەگەر ئەمجارەیان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" توانی ئەو دەورە ببینێت، وێڕای پاراستنی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو بایەخـە خەباتکارییـە، دەکـرێ لـە بۆنـە و ڕووداوەکانـی دیکـەدا کار لەسـەر زۆر زەرفییـەت و وزەی دیکـە بکـرێ.

**هـ)** لـە بزووتنـەوەی ژینـادا کـە سـیمای سیاسـیی کوردسـتان و ئێرانـی گـۆڕی دەوری بنەماڵـەی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا، بـازاڕی و دوکانـداران، پزیشـکان، مامۆسـتایان، کەسـایەتی و نوخبـەی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی، ژنـان، لاوان، خوێنـدکاران بـە قوتابییانـەوە، مامۆسـتایانی ئایینیـی دەروەسـت لـە کوردسـتان و هەروەهـا دیاسـپۆڕای کورد لـە دەرەوەی وڵات دیـار و پڕبایـەخ بـوو کـە پێویسـتە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هـەم سـەرنجی تایبەتیـی لەسـەریان هەبێـت و هـەم لـە توانـا و زەرفییەتەکانـی خـۆی بـۆ پێشخسـتنی پرسـی توێـژە جۆراوجۆرەکانـی کۆمەڵگـە و ڕێکخسـتن و یەکخسـتنی وزەی خەباتگێڕییـان کەڵـک وەربگـرێ. لێـرەدا بـۆ بەرزنرخانـدن و شـیکاریی زیاتـر بـە کورتـی بـاس لـە ڕۆڵـی دیارترینـی ئـەو توێژانـە لـە بزووتنـەوەی ژینـادا دەکرێـت:

- **بنەماڵـەی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا/** لـە هەمـوو قۆنـاغ و بڕگەکانـی بزووتنـەوەی ژینـادا بنەماڵـەی شـەهیدانی ئـەم ڕاپەڕینـە بـە دەرکەوتنـی مانـادار و پەیامەکانیـان هانـدەری زیندووڕاگرتن و بەردەوامیـی جووڵانەوەکە بـوون. ئـەوان لـە ڕەوتـی سـەرکوتی خوێناویـی بزووتنەوەکـەدا و لـە کاتـی شـەهیدبوونی ڕۆڵەکانیانـدا نەکهـەر ڕەشـیان نەپۆشـی و شـینگێڕییان نەکـرد، بەڵکـوو بـە حەماسـەتەوە، جامانـە لەمـل و هـەوری لەکـۆڵ، لەسـەر تـەرم و گـۆڕی کـچ و کـوڕە سـوورخەڵاتەکانیان بە بوێریـی بێوێنـە و زمانی گڕ بەگـژ دەسـەڵاتی ڕەشـی کۆمـاری ئیسـلامی و جینایەتەکانـی ئـەو ڕێژیمـەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چوونـەوە. بنەماڵـەی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا لـە کوردسـتان دواتـر و لـە دوو سـاڵی ڕابـردوودا بـە کەڵکوەرگرتـن لـە دەرفـەت و بۆنـەی تایبـەت بـە ڕۆڵـە شـەهیدەکانیان و بـە بەڕێوەبردنـی کـۆڕ و کۆبوونـەوە و ڕێوڕەسـمی تایبـەت، وەک پاڵنەرێـک بـۆ بەزیندوویی‌هێشـتنەوەی پەیـام و ئـەرزش و بەهاکانـی شۆڕشـی ژن، ژیـان، ئـازادی، ڕۆڵـی بەرچـاو و کاریگەریـان نوانـدوە. ئـەوان هەمـوو جارێـک بـە بێ‌گوێـدان بـە هەڕەشـە و گوشـارەکانی ناوەنـدە سـەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانـی ڕێژیـم، یەکگرتووانـە بـە کۆبوونـەوە لـە سـەر گڵکـۆی شـەهیدەکان، درووشـم و پەیامەکانـی بزووتنـەوەی ژینایـان هەتـا ئێسـتاش بـە زیندوویـی هێشـتۆتەوە و لـە حەماسـەتی نـەورۆزی مەشـخەڵانی ئازادیـی ۱٤۰۳ی هەتاوییشـدا لـە ڕیـزی هـەرە پێشـەوە بـوون. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران خاوەندارەتیـی بنەماڵـەی شـەهیدانی بزووتنـەوەی ژینـا لـە بزووتنەوەکـە و خەباتـی شوناسـخوازیی کـورد لـە ئێـران بـە دەسـمایەیەکی پڕبایـەخ بـۆ سـەرکەوتنی ئـەو خەباتـە دەزانـێ.

- **ژنـان و بزووتنـەوەی**/ خەباتـی ژنـان بـۆ بەرابـەری و مافـی وەکیـەک لـە ئێـران مێژوویەکـی درێـژی لـە سـەردەمی ڕێژیمەکانـی پاشـایەتی و کۆمـاری ئیسـلامیدا هەیـە، بـەڵام دەکـرێ بزووتنـەوەی ژینـا بـە خاڵ‌وەرچەخانـی ئـەو خەباتـە دابنێیـن. ئـەوە بەشـداریی بەرینـی ژنانـی کـورد لـە کاتـی ناشـتنی تەرمـی ژینـا ئەمینـی (٢٦ی خەرمانانـی ١٤٠١) لـە گۆڕسـتانی ئایچیـی سـەقز بـوو کـە چەخماغـەی ئـەم ڕاپەڕینـە گەورەیـەی لـێ‌دا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو جووڵانەوەیەدا ژنان و کچان بەتایبەت لە کوردستان لە ڕیزەکانی هەرە پێشەودا بوون و هەروەک لە ئامار و زانیاریی قوربانییەکانیش دەردەکەوێ، ژمارەیەکی زۆر لەوان لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکاندا کەوتوونە بەر دەسڕێژ و شەهید کراون، یان دوای بریندار بوون و گیران لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ستێندراوە.

ڕاستە هەتا پێش بزووتنەوەی ژیناش نارەزایەتیی بەرفراوان لە ئێران وەڕێ کەوتبوون، بەڵام هیچ کات نارەزایەتییەک کە ژنان بەو شێوەیە پێشەنگی بن و پرسی ژن و مافەکانیان یەکێک لە داواکارییە سەرەکییەکانی بێت، ڕووی نەدابوو. هەر ئەوەش لە بەردەوامیی ڕاپەڕینەکەدا پەلی بۆ دەرەوەی وڵاتیش هاویشت و سەرنجی وڵاتان، ڕێکخراوە جیهانییەکان و کەسایەتییە سیاسی و بژاردەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای بۆ لای پرسی ژن لە ئێران و کوردستان ڕاکێشا. ئەگەر ژنان لە ئێران و کوردستان لەسۆنگەی بەشداریی چالاکیان لە جووڵانەوەی مافخوازانە دژی کۆماری ئیسلامیدا بە توندترین شێواز سەرکوت کران و تەنانەت جینایەتەکانی ڕێژیم بۆ تۆڵەکردنەوە لە ژنان گەیشتە ئاستی هێرشی سیستماتیک و شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان و دەرمانداوکردنیان، بەڵام لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرا و خەڵاتەکانی ئاشتیی نۆبڵ -بە نەرگس محەممەدی- و ساخارۆڤی یەکیەتیی ئورووپا -بە بزووتنەوەی ژینا- دران. بێگومان دەرکرانی ئێران لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پێدانی ئەو دوو خەڵاتە

جیهانییـە ئاماژەیـە بـۆ کاریگـەریـی بزووتنـەوەی ژینـا و بەهـا بەرزەکانی ئەم بزووتنەوەیـە کـە بـە دروشـمی "ژن، ژیـان، ئـازادی"، خەبـاتـی ئازادیخوازیـی لـە ئێرانـدا بـەرەو قۆناغێکـی چارەنووسسـاز بـردوە.

لــە ئێستاشــدا ئەگەرچــی بزووتنــەوەی "ژن، ژیــان، ئــازادی" بەهــۆی سـەرکوتی خوێناویـی جووڵانەوەکـە لەلایـەن ڕێژیمـەوە لەسـەر شـەقامەکان هێـور بۆتـەوە، بـەڵام تێکۆشـان و نارەزایەتـی و نافەرمانـی مەدەنیـی ژنـان لــە شـێوە و فۆرمەکانـی دیکـەی خەبـات و خۆڕاگریـدا هــەر بەردەوامـە. ئەوەنــدەی بــۆ ژنــان لــە کوردســتان دەگەڕێتــەوە، بزووتنــەوەی ژینــا دەریخســت کــە ژنــان ڕۆڵــی بنەڕەتییــان لــە تواناســازی و ڕێکخســتنی کۆمەڵگــەی کوردیــدا هەیــە. دەرکــەوت ژنــان ســەرەڕای هــەڵاواردن، چەوسـانەوە و بێبەشـبوون لـە مافەکانیـان بەدرێژایـی مێـژوو، بـەڵام بـە بوێـری ڕیزەکانـی خۆیـان بەهێـز کـردوە و لـە ڕیـزی پێشـەوەی جووڵانـەوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانیشـدا جـێ دەگـرن و لـە خەبـات بـۆ یەکسـانی و مافــە سیاســی و نەتەوایەتییەکانــدا شــێلگیر و بەردەوامــن.

**لاوان و بزووتنــەوەی ژینــا/** لـە ئاسـتی ئێرانـدا لاوان تێچوویەکـی زۆریـان بــۆ دێموکراســیخوازی و دابینبوونــی مــاف و ئازادییەکانــی خەڵــک داوە، لــە ئاســتی کوردستانیشــدا بەشــێکی زۆری قورســایی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد لەســەر شــانی لاوان بــووە. هــاوکات یەکێــک لــە هۆیەکانـی بەردەوامیـی جووڵانـەوەی سیاسـی-نەتەوەیی کـورد لـە ئێـران ئیـرادە و ڕوحـی خەباتکاریـی لاوانـی کـورد بـووە کـە لەلایـەک بـە هاتنـە نێـو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێکخراوەکانی دیکە و لەلایەکی دیکە بە بەشدارییان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دەوری گرینگی خۆیان لە خەبات دژی دیکتاتۆری و ئیستبدادی سیاسیی ئێراندا بینیوە. بێگومان ئەگەر ئیرادە و ڕوحی خەباتکاریی لاوان لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا نەبوایە، زۆر ئەستەم بوو ئەم بزووتنەوەیە هەروا لەسەر پێ بێ و، زەحمەت بوو بتوانێ هەڵگری بەهاگەلێکی کوردستانی و مرۆیی وەک "ژن، ژیان، ئازادی" بێ.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا لاوان چ لە سەر شەقام، یان لە نێو زانکۆ و خوێندنگەکاندا دەوری دیاریکەریان هەبوو. هەر ئەو دەورە بەرچاوەی لاوان کە لەسۆنگەی پێوەندیی بەربڵاویان لەگەڵ دنیای دەرەوە بەهۆی تێکنۆلۆژیی مۆدێرنەوە زیاتر و وەرگرتنی دنیابینییەکی دی زیاتر لە هەموو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ بەرهەڵستی ئایدۆلۆژیی حکوومەت بوونەتەوە، وایکرد کە وردە بزووتنەوەی لاوان لەو بزووتنەوە بەربڵاوەدا بە بزووتنەوەی نەوەی Z ناودێر بکرێت. نەوەیەکی نوێ لە کۆمەڵ کە جیاواز لە نەوەکانی پێشوو و بەهۆی ناسیاریی زۆریان لەگەڵ شێوەکانی دیکەی ژیان و بیرکردنەوە لە دنیادا، پتر عەوداڵی ئازادییە تاکەسییەکان و مافی یەکسانی و مافی هەڵبژاردنی ژیانی سەربەستن. لە کوردستانیش بەشداریی دیار و هەرە بەرچاوی لاوان لە بزووتنەوەی ژینادا زۆر دەسکەوتی نوێی خستە سەر خەرمانی تێکۆشانی لاوانی کورد کە سەرەڕای هەموو گوشارە ئەمنیەتییەکان هەر لە تێرۆر و

کوشــتن و زینــدان و ئەشــکەنجە و ئێعــدام لەلایــەن ناوەنــدە ئەمنیەتــی و دەزگاکانــی دیکــەی ســەرکوتی ڕێژیمــەوە، ئازایانــە شــەقامی شــارەکانیان کــردە گۆڕەپانــی خەبــات و مافویســتی. لاوانــی کــورد لــە بزووتنــەوەی ژینــادا بــە تێچــووی گیانیــی زۆر -زیاتــر لــە ١٠٠ شــەهید و ســەدان برینــدار- وشــیاری نەتەوەیــی و شوناســخوازیی خۆیــان پێشــان دایــەوە و نایەکــی گــەورەی دیکەیــان بــە دەســەڵاتی کۆمــاری ئیســلامی گوتــەوە. هــاوکات ســەلماندیانەوە کــە سیاســەتی ســەرکوت و زەبــر و زەنگــی کۆمــاری ئیســلامی بــە مەبەســتی بەچۆکداهێنــان و بێهیواکردنــی لاوان لــە ڕێــگای تووشــکردنیان بــە قەیرانــی شــوناس و جێخســتنی دیــاردە کۆمەڵایەتییــە زیانبــارەکان ســەرکەوتوو نەبــووە و ئامانجــی خــۆی نەپێــکاوە، بــەڵام پێچەوانــە خەبــات و تێکۆشــانی لاوان بەوپــەڕی وشــیاری سیاســی و کۆمەڵایەتییــەوە بــۆ سەرخســتنی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد چڕتــر بۆتــەوە و، دەبینیــن کــە بــە تێکۆشــانی هەمەلایەنــە و شوناســخوازانەیان بەرەنــگاری هەرچەشــنە پاوانخــوازی و خۆســەپێنییەکی کۆمــاری ئیســلامی دەبنــەوە.

**خوێنــدکاران لــە بزووتنــەوەی ژینــادا/** کۆمــاری ئیســلامیی ئێــران لــە دوای قۆناغــی شــۆڕشــی فەرهەنگــی" و ســڕینەوەی بیــری جیــاواز لــە زانکــۆکان بــە دەرکردنــی مامۆســتا و خوێندکارانــی جیابیــر لــە ســاڵانی ســەرەتای شــۆڕشــدا، دواتــر و لــە مــاوەی تەمەنــی خۆیــدا بــە شــێوازی جۆراوجــۆر دژایەتیــی زانکــۆکان و بزووتنــەوە خوێندکارییەکانــی کــردوە، بــە جۆرێــک کــە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو سـەرکوت و زەبروزەنگـە بزووتنـەوەی سەرتاسـەریی خوێندکارانـی لـە ئێرانـدا ڕادیکاڵـتر کـردوە و ئەگـەر لـە ڕابـردوودا بـاس لـە فۆڕمـی ڕێفـۆرم لـە سـاختاری حکومـەت دەکـرا، ئێسـتا دروشـمی پێکهاتەشـکێن بـەرز دەکرێتـەوە و لـە وێژمانـی بزووتنەوەکـەدا دژایەتـی ڕاسـتەوخۆی بنەماکانـی حاکمیەتـی سیاسـیی وڵات دەکـرێ. کۆمـاری ئیسـلامی بەتایبـەت لـە دوو دەیـەی ڕابـردوودا حەولـی داوە زانکـۆکان لـە گۆڕانکارییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی کۆمەڵگـە تەریـک بخـات و ناوەنـدە ئەمنیەتییـەکان لەڕێگـەی دەستبەسـەرکردن، دەرکردنـی مامۆسـتایان و خوێندکارانـی پێشـەنگ، داخسـتنی ڕێکخـراوە سـەربەخۆکان لـە زانکـۆکان و پێکهێنانـی ڕێکخـراوەی حکوومەتیـی جۆراوجـۆر ویسـتوویانە نێوەرۆکـی داخوازیـی خوێنـدکاران لـە ئاراسـتەی سیاسـییەوە بـۆ داوای سـینفی بگـۆڕن. بـەڵام بزووتنـەوەی ژینـا ڕوحـی بـە بـەر جەسـتەی بزووتنـەوەی خوێندکاریـدا کـردەوە.

بەشـداریی بەربـڵاوی خوێنـدکاران لـە بزووتنـەوەی ژینـادا، ئاوانگاردبوونـی زانکـۆکان لـە درووشـم و داخوازیـدا، تێکدانـی نەزمـی ڕەگـەزی و ئیدئۆلۆژیکیـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە زانکـۆکان و بەردەوامیـی جموجـۆڵ و چالاکیـی خوێندکارانـی کـورد بـە شوناسـی کـوردی بـۆ بەرجەسـتەکردنی ویسـت و داخـوازە سیاسـی و نەتەوەییەکانـی کـورد لـە ئێـران بـە تێچـووی زۆری سیاسـی و ئەمنییەتـی جارێکـی دیکـەش ڕۆڵـی گرینـگ و کاریگـەری خوێندکارانـی دەرخسـتوە. خوێنـدکاران و مامۆسـتایانی کـورد لـە زانکۆکانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێرانـدا هـەر لـە سـەرەتای جووڵانەوەکـەوە هاتنـە

مەیدان و زانکۆ بوو بە سەنگەری بانگخوازیی ڕووناکبیران و خوێندکارانی کورد بوونە مەشخەڵداری بزووتنەوەکە لە شارە گەورەکانی ئێران. لە ئێستاشدا ئەگەرچی بە بەردەوامی زانکۆکان سانسۆر، چاودێری و گوشاری ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانیان بەسەرەوەیە و لەوسۆنگەیەوە بەشێکی زۆری خوێندکاران لە زانکۆ دەرکران و ناچار بوون وڵات بەجێ بێڵن؛ بەڵام بەو حاڵەشەوە، بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای دۆخی داخراوی سیاسی، دەنگێکی بەرز لە دژی ستەم و دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییە.

**مامۆستایانی ئایینی و بزووتنەوەی ژینا/** لە مێژووی خەباتی کورد بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و دابینبوونی مافە ڕەواکانیدا یەکێک لەو توێژانەی داینەمۆی شۆڕش و جووڵانەوەکان بوون مامۆستایانی نیشتمانپەروەری ئایینی بوون. هەر لە درێژەی ئەو ڕەسالەتەدا بوو کە لە جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا مامۆستایانی ئایینیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی گرینگ و کاریگەریان بینی.

لە بزووتنەوەی ژینادا بەشی زۆری مامۆستایانی دەروەستی ئایینی ئازایانە بەرگرییان لە ماف و داوا ڕەواکانی خەڵکەکەیان کرد، پشتی خەڵکی ڕاپەڕیوی خۆیان گرت و تریبوونی مزگەوتەکانیان کردە سەکۆی مافخوازی و لەقاودانی جینایەتەکانی ڕێژیم. مامۆستایانی دەروەستی ئایینی لە کوردستان کە پێشتریش بە بانگەشەی ڕاست و ڕێنوێنی و وشیارکردنەوەی خەڵک ڕێیان لەوە گرتبوو کۆماری ئیسلامی لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردستان ئایین دژی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد بەکار بێنێ، ئەمجارەیان بە دەنگێکی بەرزتر و بوێرتر خۆیان بەشێک لە جووڵانەوەکە بوون. ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی هەر لە دەسپێکی جووڵانەوەکە، ڕێوڕەسمی چلەی شەهیدبوونی ژینا، ناشتن و پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدانی خەباتی شەقام بەرز و دیار بوو. ئەوان لە تریبوونی مزگەوتەکانەوە بایەخە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانیان بەرجەستە دەکرد و هێز و ورەیان بە لاوان بۆ بەردەوامیی جووڵانەوەکە دەدا. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سیاسەتی سەرکوتی جووڵانەوەکە ئەوانیش بگرێتەوە و سەدان کەس لەوان بانگ بکرێنە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەیان کەس لەوان بخرێنە زیندانەوە و زۆر لەوان حوکمی درێژخایەنی زیندان تەنانەت ئێعدامیان بەسەردا بسەپێ. مامۆستایانی ئایینیی خەباتکار و گەل خۆشەویستی کوردستان بە خەبات و تێکۆشانیان لە بەرانبەر ئەم حکوومەتە سەرکوتکەرەدا و باوەشکردنەوە بۆ هەموو تێچووەکانی ئەو بەربەرەکانی و خۆڕاگرییە ئەو پەیامەیان گەیاندوە کە لە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا لە بەرەی گەلدان.

**بازاڕ، دوکانداران و کاسبکارانی کوردستان و بزووتنەوەی ژینا/** لە ساڵانی ڕابردوودا بازاڕ و خەڵکی دوکاندار، کاسبکار و پیشەسازەکان قورساییەکی زۆری خەباتی مەدەنیی خەڵکی کوردستان دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان لەسەر شان بووە. بەشداری و بەرعۆدەیی ئەو توێژە لە بزووتنەوەی ژینادا ئێعتبارێکی کەموێنەی بە بزووتنەوەی

سیاسـی نەتەوەیـی کـورد لـە ئێـران بەخشـی. بـازاڕی و کاسـبکاران و پیشەسـازانی کوردسـتان لـە مـاوەی دوو سـاڵی ڕابـردوودا لـە وەڵامدانـەوە بـە داوا و بانگـەوازی ناوەنـدی هاوکاریـی حیزبەکانـی کوردسـتانی ئێرانـی بـۆ مانگرتنـدا، چەندیـن جـار دوکان و بازاڕیـان بـە نیشـانەی هاوپێوەنـدی لەگـەڵ خەڵـک و ناڕەزایەتـی لـە سیاسـەتەکانی ڕێژیـم داخسـت. ئـەوان سـەرەڕای گوشـار و هەڕەشـەی بەردەوامـی ناوەنـدە ئەمنیەتییـەکان و گرتـن و بەندکردنـی ژمارەیەکـی زۆر لـەوان، هەمـوو تێچوویەکیـان بـە گیـان و دڵـەوە دا، بـەڵام ئامـادە نەبـوون درز بخەنـە ڕیـزی خەباتـی مەدەنـی و جەماوەریی خەڵکـی کوردسـتانەوە.

گرینگـی و بایەخـی ئـەو مانگرتنانـە لـە گەیاندنـی پەیامـی سیاسـی و ناڕەزایەتیـی خەباتـی جەماوەریـی خەڵکـی کوردسـتان هـەم بـە گوێـی دەسـەڵات و هـەم بـە بیـروڕای گشـتیی ئێـران و کۆمەڵگـەی جیهانـی و، قوورسـاییەکەی لەسـەر شـانی خەڵکـی بـازاڕ و کاسـبکار بـەو هەمـووە تێچـووەی بـاس کـرا بـە سـەرنجدان بـە دۆخـی نالەبـاری و کارەسـاتباری ئابووریـی وڵات پـتر دەردەکەوێـت. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هەمـوو کاتێـک بـە چـاوی ڕیـز و پێزانینـەوە لـە ڕۆڵـی خەباتگێـری و ئەرکوەخۆگریـی دووکانـدار، سـنعەتکار و بازاڕییەکانـی کوردسـتانی ڕوانیـوە.

**دیاسـپۆڕای کـورد و بزووتنـەوەی ژینـا/** لـە بەردەوامیـی خەباتـی خەڵکـی ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـە چەندیـن سـاڵی ڕابـردوو بەتایبـەت لـە بزووتنـەوەی ژینـادا کـە بـە پشـتیوانیی کەموێنـەی دیاسـپۆرای کـورد و

نەتەوەکانی دیکەی ئێران نیشتەجێ لە هەندەران دەنگدانەوەی بەهێزی نێونەتەوەیی لێکەوتەوە، سەنگ و قوورسایی و پێگەی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی دیاسپۆڕای ئێرانی بەباشی دەرکەوتن.

دیاسپۆڕای کورد بە هەموو چین و توێژەکانیەوە، لایەنگر و ئەندامانی سەر بە حیزبی دێموکرات و لایەنە جیاوازە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بوون بە دەنگ و هاواری کپکراوی نێوخۆی ئێران، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆرترین تێچووی لەو بزووتنەوەیەدا دەدا. ئەو هەوڵانە توانیان سرەنجی بەشێکی زۆر لە دەوڵەتان، پارلمانتاران و کەسایەتییە سیاسییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و ڕۆڵی بەرچاو و گرینگ لە گەیاندنی پەیامی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە دەرەوەی وڵات ببینن.

لەگەڵ ئەوەی لە بواری مێژوویی و کاری مەیدانییەوە دیاسپۆرای کورد بە هەموو گیروگرفتێکی لە سەر ڕێگایەتی بۆ نموونە نوێبوونی کۆچی کورد بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا وەک دیاردەیەک، هاوکات ژمارە و جۆراوجۆرییان لەو سۆنگەیەوە کە کورد دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو و سەربەخۆیان نییە و وەک هاووڵاتیی فەرمیی تورکیە، ئێران، سووریە و عێراق دەناسرێن و ویست و دواخوازییەکانیشیان لە چوارچێوەی گوتارێکی هاوبەشدا نییە و بە باکگراوندی جیاوازی سیاسی و ڕێکخراوەییە لە ئاکسیۆنەکاندا بەشدارن، بەڵام دیسانەکە لە بزووتنەوەی ژینادا دیاسپۆڕای کورد بێ دەسکەوت نەمایەوە. . واتە ئەم پەرشوبڵاوییە نەبووە بەربەست لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـەردەم کاری مەیدانـی و توانییـان سـەنگ و قوورسـایی خەباتـی سیاسـیی نەتەوەیـی کـورد پێشـانی مێدیـا و بیـروڕای گشـتیی جیهـان بـدەن؛ هەروەها بتوانـن کاریگەرییـان لەسـەر ورەدان بـە بزووتنـەوەی ژینـا لـە نێوخـۆی وڵات هەبێـت.

هـ) پرسـی بـە تێرۆریستناسـاندنی سـپای پاسـداران. ڕۆژی پێنجشـەممە ٢٩ی بەفرانبـاری ١٤٠١ی هەتـاوی و لـە بەردەوامیـی بزووتنـەوەی ژینـادا نوێنەرانـی پارلمانـی ئورووپـا، بڕیارنامـەی بـە تێرۆریستناسـاندنی سـپای ڕێژیمـی ئێرانیـان پەسـەند کـرد. لـەو بڕیارنامەیـەدا هاتبـوو کـە گوێنەدانـی ئاشـکرای ڕێژیمـی ئێـران بـە کەرامەتـی ئینسـانی و ئامانجـە دێموکراتیکەکانـی شـارۆمەندی خـۆی و هەروەهـا پشـتیوانی لـە ڕووسـیە، دەبێتـە هـۆی ئەوەیکـە یەکیەتیـی ئورووپـا پێوندیـی خـۆی لەگـەڵ ئێـران زیاتـر کـەم بکاتـەوە. پارلمانـی ئورووپـا داوای لـە یەکیەتیـی ئورووپـاش کـرد لەگـەڵ پشتڕاسـتکردنەوەی ئـەم بڕیـارەی پاڕلمانـی ئورووپـا بـۆ بـە تێرۆریستناسـاندنی سـپای پاسـداران، لەگـەڵ میلیشـیاکانی سـەر بـە سـپای پاسـداران لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتیـش وەکـوو گرووپێکـی تێرۆریسـتی هەڵسـوکەوت بکرێـت.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران هـەر ئـەوکات بڕیـاری پارلمانـی ئورووپـا بـۆ بـە تێرۆریستناسـاندنی سـپای پاسـدارانی کۆماری ئیسـلامیی ئێرانـی بـەرز نرخانـد و ڕایگەیانـد خەڵکـی ئێـران و ئۆپۆزیسـیۆنی کۆمـاری ئیسـلامی چاوەڕوانـی بڕیـاری کاریگـەر و شـوێندانەرتریان لـە یەکیەتیـی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئورووپا و کۆمەڵگەی جیهانی بەگشتی هەیە. مخابن وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا هەتا ئێستا دەنگدان لەسەر ئەم بڕیارەیان دوا خستوە. بەڵام هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی بۆ ئەو مەبەستە بەردەوام بوو. ئەو شێلگیری و بەردەوامییە ڕۆژی ڕۆژی چوارشەممە، ٣٠ی جۆزەردانی ١٤٠٣ هاتە دی و دوای وڵاتانی عەرەبستان، بەحرەین و ئەمریکا، وڵاتی کاناداش بە ڕەسمی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی خستە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە.

بەڵگەنەویستە سپای پاسداران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا سەدان دژبەری سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم وڵاتە تێرۆر کردوە، پیلانی بۆ دەیان تەقینەوە لە وڵات و شوێنە جۆراوجۆرەکانی دنیا داڕشتوە و بە میلیشیاسازی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە هۆکاری ناسەقامگیری لەو وڵاتانە بووە و ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی بەبارمتە گرتوە. کورد و بزووتنەوەی کوردیش لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بەشی شێری لە تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران پێ بڕاوە و، لەنێو بزووتنەوەی کوردیشدا حیزبی دێموکرات. کارنامەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە لە تێرۆری سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزب و سەروان چەڵەبی لە هاوینی ١٣٥٩ دەست پێ دەکا و ئەم ڕەوتە بە درێژایی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ســاڵانی بزووتنــەوەی سیاســیی کــورد بــە تێــرۆری دوو ســکرتێری گشــتیی حیــزب، دەیــان ئەندامــی ڕێبــەری و ســەدان کادر و پێشــمەرگە و ئەندامــی حیــزب درێــژەی بــووە هەتــا دەگاتــە مووشــەکبارانی بنکــە و بارەگاکانــی دیکــەی حیــزب لــەم ســاڵانەدا و تازتریــن تێرۆرەکانــی هاوینــی ١٤٠٢ لــە هەرێمــی کوردســتاندا.

حیزبــی دێموکــرات وێــڕای پێشــوازی لــەو بڕیــارەی کانــادا، ئەمــەی بــە دەســکەوت و ســەرکەوتنێکی دیکــە بــۆ هەمــوو ئازادیخوازانــی ئێــران، بەتایبــەت بنەماڵــە دادخوازەکانــی نەتەوەکانــی ئێــران زانی. هەروەهــا هیوای خواســت دوای کانــادا یەکیەتیــی ئورووپــاش بــەدەم داوای داخوازییەکانــی خەڵکــی ئێرانــەوە بێــت و ســپای پاســداران بــە ڕێکخراوێکــی تێرۆریســتی بناســێت.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
## (ڕوانگە، دەرفەت و کۆسپەکانی بەردەمی)

حیزبــی دێموکــرات یەکەمیــن حیزبــی هاوچەرخــی کوردییــە کــە خاوەنــی پێگەیەکــی جەماوەریــی بەربــڵاوە و لــە مــاوەی ٨ دەیــەی ڕابــردوودا لــە مەیدانــی خەباتــی بەکــردەوەدا ماوەتــەوە. ئــەم حیزبــە بــۆ وڵامدانــەوە بــە زەروورەتێکی مێژوویــی دامــەزرا کــە بریتــی بــوو لــە ڕێکخســتنی کۆمەڵگــەی کــوردی و بردنەســەرێی ئاســتی وشــیاریی سیاســی و کۆمەڵایەتیــی کــورد و بەرەوپێشــبردنی خەباتــی ئــەم نەتەوەیــە بــۆ دابینکردنــی مافەکانــی لــە چوارچێــوەی ئێرانێکــی دێموکراتیکــدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان بـە دامەزرانـدن و بەڕێوەبردنـی کۆمـاری کوردسـتان هـەم توانـی ئەزموونێکـی سـەرکەوتوو لـە حوکمڕانیـی کـوردی پێشـان بـدات و هـەم داهێنـەری کۆمەڵێـک هێـمای سیاسـی و شوناسـخوازانە بـوو کـە ئێسـتا ئیـدی نەتـەوەی کـورد لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتانیش بـە هـی خۆیـان دەزانـن. ئـەوەی کـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە هەشـت دەیـەی ڕابـردوودا توانیویەتـی سـەرەڕای هەمـوو زەبـروزۆرەکان و ئـەو کارەسـاتانەی بەسـەری هاتـوون و ئـەو برینانـەی هەڵـی گرتـوون لـە مەیدانـی خەباتـدا بمێنێتـەوە، بـۆ ڕەگ و ڕیشـەی پتـەوی ئـەم حیزبـە لەنێـو مێـژووی نەتەوەکـەی و کۆمەڵگـەی کوردسـتان دەگەڕێتـەوە. حیزبێکـی نەتەوەیـی کـە هەمـوو چیـن و توێژەکانی کۆمەڵگـەی کـوردی خۆیـان تێـدا دیتۆتـەوە، حیزبێـک کـە زۆرتریـن تێچـووی گیانیـی بـۆ سەرخسـتنی پرسـی کـورد و وەدیهێنانـی مافـە ڕەواکانـی نەتەوەکـەی داوە و شـەهیدبوونی زیاتـر لـە ٥ هـەزار پێشـمەرگە و دەیـان ئەندامـی ڕێبـەری کـە دیارترینیـان "پێشـەوا قـازی محەممـەد"، "دوکتـور قاسـملوو" و "دوکتـور شـەرەفکەندی"ن، بەڵگـە بـۆ ئـەو ڕاسـتییەیە.

ئەخـلاق و واقعگەرایـی لـە سیاسـەتدا، دوورکەوتنـەوە لـە دۆگماتیـزم و پاشـکۆیەتی، سـەربەخۆیی بڕیاردانـی سیاسـی، ڕەچاوکردنـی سـتانداردە شارسـتانی و مرۆییـەکان، ئەولەویەتـی ڕێگاچـارەی ئاشـتییانەی پرسـی کـورد، دەسـتێوەرنەدان و زیـان نەگەیانـدن بـە بەرژەوەندیـی کـورد لـە پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان و ڕوانگەکانـی حیـزب بـۆ پرسـی مافەکانـی مـرۆڤ، مافـی ژنـان، عەداڵەتـی کۆمەڵایەتـی و ژینگـە بەشـێک لـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پرەنسیپ، خسڵەت و پێناسەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێڕەوی خەباتی دەیان ساڵەی‌دایە. ئەم حیزبە هەمیشە باوەڕی بە ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەڕێوەبردنی خەباتێکی فرەڕەهەند بووە و بەردەوام تێکۆشاوە مێکانیزمەکانی خەباتەکەی بەڕۆژ بکاتەوە و خۆی لەگەڵ هەلومەرجی قۆناغە جیاوازەکاندا بگونجێنێ. ڕاستە بەهۆی دێموکراتیک‌نەبوونی ڕێژیمە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران و لە سایەی ئامادەیی ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بۆ فیداکاری و گیانبازی، ڕەهەندی هەرە دیار و پرشنگداری خەباتی حیزبی دێموکرات خەبات و خۆڕاگریی پێشمەرگانە بووە. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەوکاتەی پەنای بۆ مێتۆدی چەکدارییش بردووە، وەک ئامرازێک لەپێناو چارەسەری سیاسی بەکاری هێناوە و هاوکات بە گرینگییەوە ڕوانیویەتە هەموو بەستێن و شێوازەکانی دیکەی خەبات وەک خەباتی ڕێکخراوەیی، جەماوەری، دیپلۆماسی، مێدیایی و ... هتد، و بەرنامەڕێژیی بۆ کردوون.

حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ سووربوون لەسەر خەبات بۆ ئەو ئامانجانەی بۆی دامەزراوە، بەڵام لە ڕێڕەوی خەباتی پڕ هەوراز و نشێویدا چەند جارێک تووشی دابڕانی -وەک لێکدابڕانی سەرماوەزی ١٣٨٥-ی ڕیزەکانی بووە، بەڵام توانیویەتی بە گرینگیدان بە ڕەساڵەتی مێژوویی خۆی بەسەر ناکۆکی و کەندوکۆسپەکانی بەردەم یەکگریی سەرلەنوێدا زاڵ ببێت و ببێتەوە بە یەک. ئێستاش دوای وەسەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانی لە بارودۆخێکدا کۆنگرەی خۆی دەگرێت

کـە هاوکێشـە نێونەتەوەییـەکان و هەلومەرجـی سیاسـیی ناوچـە هـاوکات کۆمەڵێـک دەرفـەت هەروەهـا ئاسـتەنگی لـە بـەردەم ئـەم حیزبـەدا دروسـت کـردوە کـە پێویسـتە حیـزب بیانخاتـە ڕۆژەڤـی کار و بڕیارەکانـی خۆیـەوە.

## یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان، دوورەدیمەنی داهاتوو

یەکگرتنـەوەی دوو لایەنـی دێموکـرات و وەسـەریەککەوتنەوەی ڕیزەکانـی حیـزب ویسـتی زۆربـەی هـەرەزۆری خەڵکـی ڕۆژهـەڵات بـوو، ئیـرادەی ڕێبـەری و ڕیزەکانـی تەشـکیلاتیی حیزبـی لـە پشـت بـوو، و شـۆڕکردنەوەی ئـەو ویسـت و ئیرادەیـە و هێشـتنەوەی بـە بەهێـزی و یەکگرتوویـی ئەرکـی تـاک بـە تاکـی ئەندامانـی حیـزب بەتایبـەت ڕێبەریـی حیزبـە. ڕێککەوتننامـەی هاوبەشـی "حـدک" و "حـدکا" بـۆ یەکگرتنـەوە بەرهەمـی پرۆسـەیەکی دوورودرێـژ و دەیـان جـار دانیشـتنی هەیئەتەکانـی یەکگرتنەوە و ڕێبەریـی دوولایـەن و گفتوگـۆ و بڕینـی هـەوراز و نشـێوی جۆراوجـۆر لـە ڕەوتـی وتووێژەکانـدا بـوو. ئەگەرچـی لـە دوای یەکگرتنـەوە هەنـگاوی بەکـردەوە و بەسـوود و کۆبونـەوەی پێویسـت و گرینـگ بـۆ شـۆڕکردنەوەی جەوهـەر و نێوەرۆکـی ڕێککەوتنەکـە کـراوە و ڕێـکاری مەیدانـی کار و تێکۆشـانمان بـۆ باشـتر یەکترناسـین و دروسـتکردنی کـۆدە هاوبەشـەکان لە دوای یەکگرتنـەوە دەستنیشـان کـردوە؛ بـەو حاڵـەش ڕێبەریـی دوای کۆنگـرە لەسـەریەتی بـە میکانیـزم و گرتنەبـەری ڕێوشـوێنی گونجـاو ڕوحـی کاری هاوبـەش و بەکۆمـەڵ لەنێـو ئەندامـان و ئۆرگانیزمـی حیزبیـدا بەهێزتـر بـکا و ڕێگـە نـەدا جیاوازیـی بیروبۆچـوون و سـەلیقە لـە ئیدارەکردنـی حیزبـدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕێگـە بـۆ ناکۆکیـی نێوخۆیـی خـۆش بـکات.

دەبـێ ئـەو ڕاسـتییە قەبـوڵ بکەیـن ئەزموونـی چەنـد جـار لێکدابـڕان و ئینشـعابەکان لـە مێـژوی حیزبـدا خەسـار و زەرەری قەرەبوونەکـراوەی لـە حیزبەکەمـان و جووڵانـەوەی سیاسـیی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان داوە. وەسـەریەککەوتنەوەی دێموکراتـەکان کـە بەرهەمـی داوا و پێداگریـی زۆربـەی خەڵکـی کوردسـتان، هەسـت بـە بەرپرسـیارییەتی ئەندامـان و دۆسـتان و لایەنگرانـی حیـزب و ئیـرادەی ڕێبەرایەتیـی دوولایەنـی دێموکـرات بـوو، بـە خۆشـییەوە دەرفەتـی بـاش و لەبـاری بـۆ حیزبـی دێموکـرات دروسـت کـردوە بـە یەکگـری و یەکڕیزیـی تەشـکیلاتی و بـە پـلان و پـرۆژەی کاریـی ئامانجـدارەوە وڵامـدەری پێداویسـتییەکان سـەردەمی ئێسـتای ژیانـی حیزبـی بیـن.

بێگومـان لایەنـی ڕێکخراوەیـی و سیاسـیی ئـەم یەکگرتنەوەیـە و، ڕەهەنـدە گوتـاری و مەیدانییەکـەی سـەرمایەیەکی گـەورەی بزووتنـەوەی نەتەوەیـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە و لێکگرێدانـی بەهـا و دەسـتکەوتەکانی ئـەم یەکگرتنەوەیـە لـە سـەرمایە و هێـزی لەبننەهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان وەک قووڵاییـی سـتراتیژیکی خەبـات و تێکۆشـان، بەردەوامـی و سـەرکەوتنی بزووتنەوەکـە مسـۆگەر دەکات. هـەروەک پێشـتریش لـە ڕاگەیەنـدراوی هاوبەشـی یەکگرتنـەوەی دێموکراتەکانـدا هاتـوە: "ئەزموونـی تێکۆشـانی بەجیـای هـەر دوو لای دێموکـرات لـەم ماوەیـەدا سـەلماندی کـە لێکدابـڕان ناتوانێـت ڕێگەیەکـی سـەرکەوتوو بـۆ دەربازبـوون لـە کێشـە و قەیرانـە نێوخۆییـەکان بێـت. نـەک بـە لێکدابـڕان و تێکۆشـانی بەجیـا، بەڵکـوو بـە

ئەزموونوەرگرتـن لـە هەڵـە و کەموکوڕییەکانـی ڕابـردوو، بـە ڕێگەگرتـن لـە کۆمەڵێـک دیـاردەی نەرێنـی و نەخوازراو، بـە ڕەخنەگرتـن و ڕەخنەقبووڵکردن و ڕاشـکاوبێژیی ڕێبـەری و ئەندامـان لـە نێوخـۆی حیزبـدا، بـە گۆڕیـن و نوێکردنـەوەی کولتـوور و سیسـتەم و شـێوازی حیزبایەتـی و پێکـەوە کارکـردن، بـە ڕەخسـاندنی هەلومـەرج بـۆ شایستەسـالاری، بـە پێکهێنانـی گیانـی هەسـتکردن بـە بەرپرسـیارەتی لـە ئاسـت یەکگرتوویـی حیـزب و پەسـندکراوەکانی، بـە پـەروەردە و بارهێنانـی ئەمرۆیـی و ڕاهێنانـی تاکـەکان بـە گیانـی وێکهەڵکـردن و ڕێزگرتـن لـە جۆراوجـۆری و جیاوازییـەکان، بـە خولّقاندنـی کەشـوهەوایەک کـە هەمـووان حیـزب بـە هـی خۆیـان بزانـن، قەیـران و کێشـە نێوخۆییـەکان کـەم دەبنـەوە و چارەسـەر دەکرێـن.“

لـە نێوخـۆی وڵاتیشـدا بینیـمان کـە پێشـوازیی خەڵکـی ڕۆژهـەڵات لـە یەکگرتنـەوەی دێموکراتـەکان چـۆن وەک وزەیەکـی پەنگخـواردوو تێکـەڵ بـە بزووتنـەوەی ژینـا کـرا و بـوو بـە هـۆی هەسـتانەوەیەکی بەرچـاوی نەتەوەیـی و دێموکراتیـک لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان. هـەر ئـەوەش وایکـرد کـە کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ تۆڵەکردنـەوە لـەو خرۆشـان و هەسـتانەوەیە ئـاوا دڕندانـە کەوتـە سـەرکوتی خوێناویـی ڕاپەڕینەکـە و لـە سـەر شـەقامەکانی نیزیـک بـە ١٣٠ کەسـی شـەهید کـرد لـە هێرشـی مووشـەکی بـۆ سـەر بنکـە و بارەگاکانـی حیزبیـش ١٣ کـەس لـە کادر و پێشـمەرگە و ئەندامانـی بنەماڵەکانـی حیـزب شـەهید بـوون. کۆمـاری ئیسـلامی بـە سـەرکوتی جووڵانـەوەی مەدەنـی و جەماوەریـی نێوخـۆی کوردسـتان، بـە تێگرتنـی مووشـەک و دڕۆن، بـە تێـرۆری تێکۆشـەرانی حیـزب و ڕێککەوتنـی ئەمنیەتـی

لەگەڵ عێراق دەیهەوێ ژیانی سیاسیی حیزب و دەستکەوتەکانی یەکگرتنەوە و جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشی ڕاوەستان و هەرەسهێنان بکات. بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کۆماری ئیسلامی بۆمان دروست دەکات قوورسایی کاری ئێمە لەسەر دوو تەوەرە: یەکەم لە نێوخۆی وڵات بە خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک بەرەوڕووی ڕێژیم ببینەوە و لە دەرەوەی وڵات بە دیپلۆماسی و بەتایبەت لە عێراقیش بە وتووێژ لەگەڵ لایەنە پێوەندیدارەکان پیلانەکانی ڕێژیم پوچەڵ بکەینەوە.

## هێندێ بابەتی گرنگ

ئەندامانی بەڕێزی کۆنگرە! لەم بەشەی ڕاپۆرتەکەماندا چەند بابەتی گرنگ باس دەکەین کە پێمان وایە دەبێ لەسەریان ڕاوەستین و سەرنجی ئێوە هاوڕێیانیان بۆ ڕابکێشین کە ئەمانەی خوارەوەن:

**ئا. ڕێککەوتننامەی ئەمنیەتیی ئێران و عێراق**

بەهۆی جێگیربوونی ناوەندی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی کوردستان هەتا ڕووخانی حکوومەتی بەعس لە عێراق لەساڵی ١٣٨٢ (٢٠٠٣)دا گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزب ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێم و حیزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستانەوە بوون. بەڵام دوای ڕووخانی حکوومەتی سەدام و دامەزرانی حکوومەتی تازە دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی عێراقدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پـەرەی سـەندوە و ئەمجـارە گوشـارەکانی سـەر حیـزب هـەم لـە ڕێگـەی هەرێمـی کوردسـتان و هـەم لـە ڕێگـەی بەغـداوە چڕ کراونەتـەوە و کۆمـاری ئیسـلامی بـە هەمـوو ڕێوشـوێنە یاسـایی و نایاسـاییەکان لـەدژی حیزبـی دێموکـرات جووڵاوەتـەوە.

ئـەم گوشـارە لـە دوو سـاڵی ڕابـردوودا لـە چوارچێـوەی ڕێککەوتننامـەی ئەمنییەتیـی نێـوان عێـڕاق و ئێرانـدا حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـی بـەرەوڕووی بارودۆخێکـی نـوێ کـردوە. دیـارە ئەمـە یەکەمجـار نیـە کـە ڕێککەوتننامـەی لـەو جـۆرە لەنێـوان ئـەو وڵاتانـەی کوردسـتانیان بەسـەردا دابـەش کـراوە دەبەسـترێ و، لـە مێـژووی کـۆن و نوێـی دروسـتبوونی دەوڵەت_نەتەوەکانـی عێـڕاق، تورکیـە، سـووریە و ئێـران زۆر ڕێککەوتننامـەی لـەو جـۆرە لـە نێـوان ئـەم حکوومەتانـەدا بەسـتراون؛ بـەڵام ئـەو ڕێککەوتنانـە پـتر بـۆ سـنووردارکردنی بزووتنـەوەی سیاسـیی کـورد کـراون نـەک چارەسـەری پرسـەکانی دیکـەی نێـوان ئـەو وڵاتانـە.

یەکگرتنـەوەی حیزبـی دێموکـرات و ڕۆڵـی سـەرەکیی ئـەم حیزبـە لـە بردنەپێشـی خەباتـی شوناسـخوازانەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، ڕێکخسـتنی کۆمەڵگـەی کـوردی و سـەرهەڵدانی بزووتنـەوەی ژینـا لـە کوردسـتان و پـتر دەرکەوتنـی دەور و کاریگەریـی حیزبـی دیمۆکـرات لـەو جووڵانەوەیـەدا کۆمـاری ئیسـلامیی بـە ڕادەیـەک تـووڕە کـرد کـە بیهـەوێ تۆڵەیەکـی قـورس لـە بزووتنـەوەی ژینـا و حیزبـی دێموکـرات بکاتـەوە. بۆیـە لـە نێوخـۆی وڵات بێبەزەییانـە پەلامـاری جووڵانەوەکـەی دا و وێـڕای هێرشـی مووشـەکی بـۆ سـەر حیزبـی دێموکـرات- لـە ڕەزبـەر و خەزەڵـوەری

١٤٠١ی هەتاویـدا- و بەردەوامبوونــی لــە تێـرۆری تێکۆشـەرانی کـورد، پاکێجێکـی ئەمنییەتیشـی بـۆ سـنووردارکردنی هەرچـی زیاتـری تێکۆشـانی حیـزب و هەڵکەندنــی بنەماڵەکانــی تێکۆشــەرانی حیــزب لــە بنکــە و بارەگاکانــی ئێســتامان دا بــە دەوڵەتــی عێــڕاق.
جەوهـەری پیلانـی ئەمنیەتیـی ئێـران هەوڵـدان بـۆ لێـدان و سـنووردارکردنی تێکۆشـانی سیاسـیی حیـزب و لەبەریەکهەڵتەکاندنـی قـەوارەی ڕێکخراوەیـی و جێلەقکـردن بـە مانـەوەی تێکۆشـەرانی حیـزب و بنەماڵەکانیـان لـە خاکـی هەرێمـی کوردسـتانە. ئەوەنـدەی بـۆ هێـزی پێشـمەرگە دەگەڕێتـەوە، هێـزی پێشـمەرگەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـە سـەردەمی دامەزرانـی لـە کۆمـاری کوردسـتانەوە هەتـا ئێسـتا ئەرکەکـەی بەرگـری لـە خەڵکـی کوردسـتان و بەرپەرچدانـەوەی هێرشـەکانی حکوومەتەکانـی تـاران بـووە. لەسـەر دەسـتی پێشـمەرگە و لـە هەمـوو قۆناغەکانـی بزووتنـەوەی نەتەوایەتـی و سیاسـیی کـورددا زۆر شـانازی بـۆ کـورد و پرسـە ڕەواکـەی تۆمـار کـراون. خەڵکـی کوردسـتانیش بـە ڕێـزەوە لـە سـەنگ و قوورسـایی هێـزی پێشـمەرگە دەڕوانـن و بـە فاکتەرێکـی گرینـگ لـە داهاتـووی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی دادەنێـن. حیزبی دێموکـرات پێـی وایـە پێشـمەرگە ڕوکنێکـی گرینگـی خەباتـی نەتـەوەی کـوردە و لـە داهاتـووی سـەرکەوتنی خەباتـی شوناسخوازیشـماندا هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی دامەزراوەیەکـی ڕەسـمیدا ئەرکـی پاراسـتنی دەسـکەوتەکانی قۆناغـی دوای ئازادیـی دەکەوێتـە سـەر شـان. ڕەهەندەکـەی تـر سـەنگ و قورسـایی حیزبـی دێموکـرات لـە خەبـات و

ڕێکخستنی جەماوەری دژی کۆماری ئیسلامییە کە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا بە ئێعدامی تێکۆشەرانی، تێرۆری ڕێبەران و پێشمەرگەکانی، مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی هەوڵی داوە ئەم حیزبە لەبن بێنێ، بەڵام ئاکامی پێچەوانەی وەرگرتووە.

وەڵام و کاردانەوەی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر ئەو ڕێککەوتننامەیە هەتا ئێستا ئەوە بووە: لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و هەرێم و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکە بکەوینە دانوستان و بۆیان ڕوون بکەینەوە کە دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بنەڕەتڕا بۆ ناسەقامگیرکردنی عێراق و هەرێمی کوردستانە و بیانووگرتنی بە هێزە سیاسییە دژبەرەکانی خۆی لە عێراق ئامانجی سیاسی و ئەمنییەتیی دیکەی لەپشتە. ڕامان گەیاندوە کە بەباوەڕی ئێمە بوون و مانەوەی تێکۆشەرانی سیاسیی کوردستانی ئێران لە عێراق بابەتێکی نێوخۆیی ئەو وڵاتەیە و پێوەندی بە ئێرانەوە نییە. ئێمە هیچ دەستێوەردانمان لە کاروباری نێوخۆیی عێراق و هەرێمی کوردستاندا نەکردوە و بە بەردەوامی ڕێزمان لە سەروەریی خاکی عێراق گرتوە.

جێی ئاماژەیە کە لەو پێوەندییەدا وردبینیی ڕێبەریی حیزب لە کاردانەوە و گرتنەبەری سیاسەت و ڕێوشوێنی گونجاو، خۆگونجاندن و خۆڕاگریی کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخە دژوارە و پشتیوانیی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە لایەنی باشدا کاریگەریی لەسەر سیاسەت و بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کوردسـتان و حکوومەتـی فیدڕالـی عێـڕاق هەبـووە. بـەڵام سـەرەڕای هەمـوو ئـەو ڕاسـتییانە کۆمـاری ئیسـلامی دوور نیـە لـە داهاتووشـدا دیسـان بـە بیانـووی جۆراوجـۆر کێشـە و ئاسـتەنگ بـۆ حیزبـی دێموکـرات دروسـت بـکات و ڕێبەریـی حیـزب پێویسـتە خـۆی بـۆ هەمـوو دۆخ و ئەگـەرە چاوەڕوانکـراو و چاوەڕواننەکـراوەکان ئامـادە بـکات.

**ب. حیزبی دێموکرات لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا**

لەبـەر ئـەوەی حیزبـی دێموکـرات حیزبێکـی کوردسـتانی ئێرانـە و پێناسـە و بەسـتێنی کار و تێکۆشـانی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێرانـە، بۆیـە ڕادەی دۆسـتپەیداکردن و سـەرکەوتنی ئێمـە لـە مەیدانـی دیپلۆماسـیدا ڕێـک پێوەندیـی بـە چەندوچۆنـی خوێندنـەوەی وڵاتـان لەسـەر کۆمـاری ئیسـلامی و پێوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئـەو نیزامـە هەیـە. دیپلۆماسـی تیکنیـک و هونـەری دروسـتکردنی پێوەنـدی لەگـەڵ لایەنـی جۆراوجـۆرە لەپێنـاو بەرژەوەندیـی خۆتـدا. ئیمـە زۆرتـر لـە بوارەکانـی مافـی مـرۆڤ و پێشـێلکرانی لەلایـەن کۆمـاری ئیسـلامی، دەسـتێوەردانی دەرەکـی و قەیرانخوڵقێنییەکانـی ڕێژیـم و کار و کـردەوەی دژی بایەخـە جیهانییـەکان لـە ناوچـە، ئێـران و کوردسـتانی ئێرانـدا دەتوانیـن بەرەنـگاری کۆمـاری ئیسـلامی بینـەوە و باشـتر لـە دەرگای کۆڕوکۆمەڵـی سیاسـی، یاسـایی و ڕێکخراوەکانـی مافـی مرۆڤـی وڵاتانـی دێموکراتیـک بدەیـن. هـاوکات مێـژووی خەباتـی سیاسـی و دێمۆکراسـیخوازیی حیـزب، کارتێکـەری و سـەنگ و قورسـایی بزووتنـەوەی سیاسـی و مەدەنیـی خەڵکـی کوردسـتان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە ئاسـتی ئێرانـدا هـەم ئێعتبارێکـی تایبەتیـی بـە جووڵانـەوەی میللـی-دێموکراتیکـی کـورد لـە ئێـران بەخشـیوە و هـەم دەرفەتـی پـتری بـۆ دەزگای دیپلۆماسـیی حیـزب دروسـت کـردوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بەشـی دیپلۆماسـیی حیزبـی دێموکـرات بەپێـی توانـا و زەرەفییەتەکانـی لـە هەمـوو ئـەو بوارانـەدا تێکۆشـانی بـووە، بـەڵام هەڵگرتنـەوەی دەسـکەوتی هەسـتپێکراو لـەو بوارانـەدا پێویسـتیی بـە پلانـی کاری زۆرتـرە. پێـش هەمـوو شـتێک دەبـێ بەرچاوڕوونیـی ئەوەمـان هەبـێ سـتراتیژیی دیپلۆماسـیی ئێمـە بـۆ چ ئامانـج و مەبەسـتێکە:

یەکـەم، هەمـووان دەزانیـن کـە دەوڵەتـان لـە دەلاقـەی بەرژەوەندییەکانـی خۆیانـەوە سـەیری ئێـران و ڕەوتـی گۆڕانکارییەکانـی ئـەو وڵاتـە دەکـەن و هـەر وڵاتێـک بەرژەوەندیـی ئەمنیەتـی، ئابـووری و فرەڕەهەندییەکانـی دیکـەی خـۆی پـێ لەپێشـترە.

دووهـەم، لـە وتوویـژ لەگـەڵ لایەنـە بیانییەکانـدا کـە بـاس لـە گۆڕینـی کۆمـاری ئیسـلامی دێتـە گـۆڕێ و بـاس لـە پێویسـتیی نەمانـی ڕێژیـم دەکـرێ، وەڵامـەکان ئاراسـتەیەکی ڕوونیـان هەیـە و دەڵێـن مەسـەلەی مانـەوە یـان گۆڕینـی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی پرسـێکی نێوخۆیـی ئێرانـە و پێوەندیـی بـە هەمـوو خەڵکـی ئـەم وڵاتـەوە هەیـە. لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەم پەیامـی حیزبـی دێموکـرات ئـەوە بـووە و هـەم بۆخۆشـیان نایشـارنەوە کـە کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران هـۆکاری سـەرەکیی ناسـەقامگیرییەکانی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـت و قەیرانـە نێوخۆییەکانـی ئێرانـە و لـە ئەگـەری هـەر گۆڕانکارییـەک لـەو وڵاتـەدا ناکـرێ فاکتـەری کـورد لەبەرچـاو نەگیردرێـت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـێهەم، لــە ئەگــەری بەهێزبوونــی ئیــرادەی گۆڕانخــوازی لــە نێوخــۆی ئێــران و پەرەســەندنی جووڵانــەوە سیاســییە جەماوەرییــەکان کــە لایەنــە نێودەوڵەتییــەکان ناچــار بــە بیرکردنــەوە لــە گــۆڕان یــان تەنانــەت ڕووخانــی ڕێژیــم بــکات، لــەو حاڵەتەشــدا پرســی ئاڵترناتیــو و جێگــرەوە لــە تــاران دێتــە گــۆڕێ و دیســان ڕووی قســە و بەرپرســایەتییەکە لــە ئۆپۆزیســیۆنە کــە چەنــدە لــەو پێوەندییــەدا چالاکــە.

چــوارەم، ئەگــەر خەباتــی سیاســیی کــورد لــە ئێــران بــە ســەرنجدان بــە فاکتــەری کــورد لــە هاوکێشــەکانی ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســت ئێعتبارێکــی سیاســیی زۆری هەیــە، بــەو پێیــەش ئــەو چاوەڕوانییــە هەیە کــە جووڵانەوەی سیاســیی کــورد وەک فاکتەرێکــی بەهێــز لــە پرۆســەی بەدیلســازی بــۆ کۆمــاری ئیســلامی دەوری گرینگــی خــۆی هەبێــت و لــە هەوڵەکانــی هەتــا ئێســتای بــۆ ئــەم مەبەســتە بــەردەوام بــێ.

**ج. حیزبی دێموکرات و بوارەکانی دیپلۆماسیی دەرەکی**

بــە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشــوێنەکانی زاڵ بەســەر پێوەندییــە نێودەوڵەتییەکاندا سروشــتی جووڵانــەوەی سیاســیی ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و پێناســەی سیاســی و تیکۆشــانی حیزبــی دێموکــرات و دۆخــی ئێــران ئــەو دەرفەتــەی بــۆ دروســت کردوویــن هــەم حیزبــی دێموکــرات وەک لایەنــی بەهێــزی بزووتنــەوەی سیاســیی کــورد قســەی بــۆ گوتــن هەبێــت و هــەم ناوەنــدە سیاســی و دیپلۆماســییەکان لــە ئورووپــا و ئەمریــکا گوێــی لــێ بگــرن. لێکدابــران و کێشــە نێوخۆیــی حیزبــەکان چ لــە گــەل یەکــترو چ لــە نێــو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیانـدا هـاوکات لـە گـەل ئـەو فاکتەرانـەی کـە لـە سـەروە ئاماژەمـان پێکـرد وەک دوو هـۆکاری سـەرەکی کارێگەریەکـی نەرێنیـان لـە سـەر بواری دیپلۆماسـیی کـوردی ڕۆژهـەڵات لـە دەرەوەی وڵات هەبـووە. لەگـەڵ ئـەوەی ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبمـان بـە پشـتیوانی لـە سیاسـەتی حیـزب و خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان چالاکانـە بەشـداری خۆپێشـاندان و کـۆڕ و کۆبوونـەوەکان بەتایبـەت لـە مـاوەی دووسـالی ڕابـردوو لـە پەیوەندیـدار بـە بزووتنـەی ژینـا بـوون، مخابـن ئـەو کاریگەرییـەی نەبـوو چاوەڕوانیـی لێدەکـرا. کۆمیتـەکان و دامـەزراوە حیزبییەکانـی ئێمـە لـە دەرەوە زۆرن و ئەندامانیـش چالاکـی و کـۆڕ و کۆبونەوەیـان کـەم نییـە، بـەڵام بـەو حاڵـەش ئـەم دۆخـە بەرهـەم و دەسـتکەوتی سیاسـی و تەشـکیلاتیی دڵخـوازی بـۆ حیـزب بـە قـەرا تواناکانـی لـێ نەکەوتۆتـەوە. لـەم ڕووەوە خەسارناسـی و پێداچوونەوەیـەک بـە ئۆرگانیـزم و کارکـردی حیزبـی لـە دەرەوەی وڵات، ئەرک و بەرپرسـایەتیی کۆمیتـەکان، یەکیەتییەکانـی لاوان، ژنـان، خوێنـدکاران و کۆروکۆمەڵەکانـی دیکەمـان پێویسـتە. خاڵـی گرینـگ و بنەڕەتـی ئەوەیـە کـە ئەولەوییەتـی حیزبایەتـی لـە دەرەوە دەبـێ بـۆ دەسـتکەوتی دیپلۆماسـی بـە قازانجـی حیـزب و پرسـی شوناسـخوازیی کـورد لـە ڕۆژهـەڵات، ڕێکخسـتنەوەی تەشـکیلاتێکی بەدیسـیپلین، بەهێـز و خۆڕاگـری حیزبـی بـێ. بۆیـە لـە پێداچوونـەوە بـە ئۆرگانیزمـی حیزبـی و چەندیوچۆنیـی کاری حیزبیمـان گەیشـتن بـەو ئامانجـە دەبـێ لـە دەسـتووری کارمانـدا بـێ.

باسـێکی تـر لـەو پێوەندییـەدا ئەندامەتیـی حیـزب لـە ڕێکخـراوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینترناسیۆنال سۆسیالیست (si) و ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (یو.ئێن.پی.ئۆ UNPO) و خۆدیتنەوەمان لە هەر کۆڕبەند و ڕێکخراوێکی دیکەدایە. گومان لەوەدا نییە حیزبی دێموکرات دەبێ بیهەوێ و بشتوانێ لە تریبوون و ستاتووی جۆراوجۆری نێودەوڵەتی بۆ گەیاندنی دەنگی کورد و بەرژەوەندییەکانی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلک وەرگرێ. ئەم هەوڵانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ زیاتر لە نیو سەدە لەوە پێش دەگەڕێتەوە، کاتێک کە بە هیممەتی شەهید د. قاسملوو ڕێگە بۆ دۆستایەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئورووپا خۆش کرا کە لەوکاتدا پێگەیان بەهێز بوو. لەو سەردەمدا ئەوە باشترین و واقعبینانەترین ڕێکاری دیپلۆماتیک بوو کە د. قاسملوو کاری بۆ کرد و لە هەنگاوەکانی دیکەشدا حیزبی دێموکرات سەرەتا بە ئەندامی ڕاوێژکار و دواتر ئەندامی سەرەکیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست وەرگیرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە درێژەی ستراتیژیی قۆستنەوەی هەموو هەل و دەرفەت و بەستێنەکان بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ئێران هەوڵی داوە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیکەشدا ببێتە ئەندام. بەردەوامی لەو هەوڵە دیپلۆماسییانە بووە هۆی ئەوەی لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاویدا (٢٠٠٧) بە ئەندامەتیی ڕێکخراوی نەتەوە بێدەوڵەتەکان (یو.ئێن.پی.ئۆ UNPO) وەربگیرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتیی ئەو ڕێکخراوەیە و لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لــە تەواوەتیــی خۆیــدا پێوانــە بــۆ حیزبــی دێموکــرات لــە ئەندامەتیــی هــەر ڕێکخراوەیــەک و هــەر یارگیرییەکــی نێودەوڵەتیــدا هەڵوێســتی ئــەو لایەنانــە لەمــەڕ دیفــاع لــە مافــە میللــی دیموکراتیکەکانــی نەتــەوەی کورد و پشــتیوانی لــە خەباتــی کــورد لــە ئێــران دژی کۆمــاری ئیســلامییە. بۆیــە سروشــتییە بــە ســەرنجدان بــە ئاڵوگــۆڕ و هاوکێشــە سیاســییە نێودەوڵەتییــەکان ڕێبەریــی حیزبــی دێموکــرات لــە کاتــی پێویســتدا پێداچوونــەوە بــە چەندیوچۆنیــی چالاکییەکانــی لــەو ڕێکخــراوە و کۆڕبەندانــەدا بــکات.

**د. پێوەندییەکانمان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا**

ڕۆڵ و کارکــردی ئۆپۆزیســیۆن و دەستاودەســتکردنی دەســەڵات لــە ئێرانــدا مێژوویەکــی درەوشــاوە و جێکەوتــووی نییــە. هەرچەند بیرۆکــەی حیزبایەتی لــە ئێــران بــۆ ڕابردوویەکــی درێــژ دەگەڕێتــەوە، بــەڵام هەتــا ئێســتا لــە کۆمەڵگــەی ئێرانــدا حیزبایەتــی فەرهەنگــی سیاســی و دامــەزراوەی بەرهــەم نەهێنــاوە.

لــە نیزامــی پاشــایەتیدا حیــزب و ئۆپۆزیســیۆنی دژی دەســەڵات هەڵگــری پێناســەی ئیدئۆلۆژیــی کۆمونیســتی، شــیعەگەری و میللیگەرایــی بــوون، هــەر بــەو پێیــە کۆمەڵگــەی سیاســیی وڵاتیــش لــە جەمســەربەندیی ئیدئۆلۆژیکــدا بــە فەرهەنگــی نادیموکراتیــک لــەدژی یەکــتر ڕاوەســتابوون. فەرهەنگــی یەکتری قبــووڵ نەکــردن و عەقڵییەتی ســڕینەوەی ئــەوی دی یان لــە پەراوێزخســتنی لــە حیزبایەتــی و کاری سیاســیدا بەدرێژایــی مێــژووی هاوچەرخــی ئێــران بــەردەوام بــووە. ئــەو جــۆرە عەقڵییــەت و بیرکردنەوەیــە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە هەلومەرجـی ئێستاشـدا وای کـردوە بەربەسـتێکی بەرچـاو لـە بـەردەم ڕەوتـی ئاڵترناتیوسـازی دژی کۆمـاری ئیسـلامیدا دروسـت بێـت. ئـەو پاشـخانە بووەتـە هـۆی ئـەوەی زۆربـەی ئۆپۆزیسـیۆنی ئێرانـی ئێسـتاش لـە ڕەوتـی ئاڵترناتیوسـازیدا لـە فـازی پێناسـەی دەسـتەواژەگەلێکی وەک "نەتەوە-ملـت"، "یەکپارچەیـی خاک-تمامیـت ارضـی"، جیابوونـەوە-تجزیـە"، "زمـان" و "ناوەندگەرایـی"و ... دا بمێنێتـەوە و گیـر بـکات. لەگـەڵ ئـەوەدا حیزبـی دێموکراتیـش پێـی وایـە بـاس لەسـەر ئـەو دەسـتەواژانە و یەکلابوونـەوەکان پێویسـتە، بـەڵام هەسـتی شۆڤینیسـتی و پاوانخوازیـی بەشـی زۆری لایەنـەکان ڕەوتـی کۆدەنگـی و بەدیلسـازیی هەتـا ئێسـتا پـەک خسـتوە.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـەو ماوەیـەدا هەوڵـی داوە لەسـەر بنەمـای داننـان بـە ئێرانێکـی فرەنەتـەوە و فرەچەشـن لـە چوارچێـوەی فیدرالیزمـدا بەرنامـە و ڕێـکاری خـۆی بـۆ بنەماکانـی لێکتێگەیشـتن و ڕێککەوتـن بـۆ ئیـدارەی هاوبەشـی داهاتـوی ئێـران بخاتـە ڕوو. حیزبـی دێموکـرات لەگـەڵ لایەنـە سیاسـییە جۆراوجۆرەکانـی ئێرانـی دانیشـتن و دانوسـتانی هەیـە و بەخۆشـییەوە بـە بـەراوەرد لەگـەڵ ڕابـردوو لێکحاڵیبوونـەکان زۆرتـرە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاسـۆیەکی ڕوون بـۆ دروسـتبوونی ئاڵترناتیـو بـەم زووانـە بـەدی ناکەیـن. حیزبـی دێموکـرات لـە تەعامولـی سیاسـیی خۆیـدا پێویسـتە بـە پاراسـتنی پرەنسـیپە سـەرەکییەکانی خەباتـی نەتەوایەتـی و بەرژەوەندییـە سیاسـییەکانی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان سیاسـەتێکی واقعبینانـە بگرێتـە بـەر بـۆ ئـەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گوێگـر و بەردەنگـی زۆرترمـان لەنێـو خەڵکـدا هەبـێ و هاوپەیـمان و لایەنگـر لەنێـو لایەنـە سیاسـیەکانی ئێرانـدا وەدەسـت بێنیـن.

حیزبـی دێموکـرات وێـڕای پێداگـری لەسـەر مافـە نەتەوایەتییەکانـی نەتـەوەی کـورد لـە ئێـران و لەسـەر بنەمـای زەرووڕەتـی ئالترناتیوسـازی لەگـەڵ هەمـوو ئـەو لایەنـە ئێرانییانـەی زەرفییەتـی دانوسـتان و لێکتێگەیشـتن و کاری هاوبەشـیان هەیـە، پرۆسـەی سیاسـیی خەبـات دژی کۆمـاری ئیسـلامی دەباتـە پێشـێ. حیزبـی ئێمـە لـە ئێسـتادا لـە دوو هاوپەیمانیـی "کۆنگـرەی نەتەوەکانـی فیـدڕاڵ- کنگـرەی ملیت‌هـای فـدرال" و "هاوپێوەنـدی گشـتگیر بـۆ ئـازادی و بەرابـەری لـە ئێراندا-همبسـتگی فراگیـر بـرای آزادی و برابـری در ایـران"دا ئەندامـە و بـۆ ئـەو ئامانجانـە تێ‌دەکۆشـی.

**هـ- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

پـاش هەیئەتـی نوێنەرایەتیـی خەڵکـی کـورد بـۆ وتووێـژ لەگـەڵ کۆمـاری ئیسـلامی لـە ڕەوتـی ڕووداوەکانـی دوای شۆڕشـی ١٣٥٧، ناوەنـدی هاوکاری -کـە سـاڵی ١٣٩٦ دامـەزرا- چوارچێوەیـەک بـوو بـۆ هاوهەڵوێسـتی و کاری بەکۆمـەڵ و کارکـردن بـۆ پێکهێنانـی بەرەیەکـی کوردسـتانی لەنێـو حیزبەکانـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا.

ئەگەرچـی لـە ناوەنـدی هـاوکاری و لـە ئاسـتی نێوخۆیـی کوردسـتاندا کۆمەڵێـک کاری هاوبەشـی گرینـگ و بەبایـەخ کـران، بـەڵام لایەنـەکان نەیانتوانـی لەسـەر سیاسـەت و ڕێوشـوێنی سـتراتیژیی پێوەندیـدار بـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڕیـاری چارەنووسسـاز، دیپلۆماسـیی دەرەکـی، مامەڵـە لەگـەڵ لایەنـە ئێرانییـەکان، پێکهێنانـی هێـزی پێشـمەرگەی هاوبـەش و زۆر پـلان و بەرنامـەی هاوبەشـی دیکـە بـۆ ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان ڕێـک بکـەون. لـە ڕەوتـی سـەرهەڵدانی ژیناشـدا و لەسـەر چۆنیەتیـی هەڵوێسـت و کارکـردن لەگـەڵ حیـزب و ڕێکخـراوە سەرانسـەرییەکان جیاوازیـی بۆچوونـەکان ئەوەنـدە زۆر بـوو کـە ناوەنـدی توشـی قەیـران کـرد و هـەر لایەنـەی سیاسـەتی حیزبـی خـۆی دەبـردە پێـش. دوای یەکگرتنـەوەی حیزبـی دێموکـرات کـە چەنـد مانـگ دواتـر یەکگرتنـەوەی دوو لایەنـی کۆمەڵەشـی بـەدوودا هـات، ناوەنـدی هـاوکاری بریتـی بـوو لـە حـدکا و کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕ. بـەڵام هەڵوێسـتی جیـاواز بەرامبـەر پـڕۆژەی جۆرجتـاون و ئینشـعابی نێـو کۆمەڵـەی شۆڕشـگێڕ ئیـتر ناوەنـدی هاوکارییـان بەکـردەوە پـەک خسـت.

ئەزموونـی ئـەو دواییانـەی خوێندنـەوەکان و میکانیـزم و ڕێـکارەکان نیشـانی داوە ئـەو ناوەنـدە ناتوانـێ بـە شـێوەی پێشـوو بمێنێتـەوە. بۆیـە بـە لەبەرچاوگرتنـی جیاوازییـە فکرییەکانـی نێـو حیزبـە کوردییـەکان یـان دەبـێ خوێندنەوەیەکـی دیکـە بـۆ بەردەوامیـی کاریـی ناوەنـد بکەیـن، یـان بیـر لـە پلاتفۆرمێکـی دیکـە بکەینـەوە بـۆ کۆدەنگـی و هاوکاریـی حیـزب و لایەنـەکان و ئـەو چاوەڕوانییـەش لـە حیـزب دەکـرێ هـەروەک پێشـوو لـە هەوڵەکانـی خـۆی بـەردەوام بیـت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئاکامگیری**

کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە هەلومەرجێکدا دەبەسترێ کە بە سەرنجدان بە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان و ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە نێوخۆی وڵات پێویستە حیزبی ئێمە زیاتر لە ڕابردوو خۆی بۆ ئاڵوگۆڕ و سیناریۆ لەگوێنەکان و بەردەوامبوون لەسەر ڕەسالەتی مێژوویی خۆی ئامادە بکا. حیزبی دێموکرات پێویستە لە پێوندییە نێونەتەوەییەکانی و لەو کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی و دیپلۆماسییانەی تێیاندا بەشدار دەبێ سەرنجەکان بۆ ئەوە ڕابکێشی بەرژەوەندیی درێژخایەنی وڵاتان لە مامەڵە لەگەڵ ئێراندا لە گرەوی سەرکەوتنی خەباتی دێموکراسیخوازی و دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێراندا مسۆگەر دەبێت. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سیاسەت و هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا تەنیا گرینگی بە پرسی ئەتومی و قەیرانخوڵقێنییەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا نەدا و ئاوڕ لە پرسی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و پێکهاتەکانی نێو ئێران بداتەوە و پشتیوانی خەبات و تێکۆشانیان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وێڕای پشتیوانی لە پرسی مافخوازیی ڕەوای کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گۆڕەپانی سەرەکیی خەبات و ڕەسالەتە مێژووییەکەی خۆی دەزانێ. بۆیە لەگەڵ بەئامانجگرتنی کۆی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی، هەوڵ بۆ بەهێزکردن و ڕێکخستنی پتری خەباتی جەماوەریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەردەوامی لە

هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی هاوپێوەندیی زیاتر لەگەڵ نەتەوە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دەدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ بەچۆکداهێنانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ گرتنەبەری شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات بەپێی دۆخ و هەلومەرج پشتیوانی لە مێتۆدە مەدەنییەکانی خەبات بە مەبەستی هەرچی زیاتر بە جەماوەریکردنی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی کورد لە ئێران دەکا.

حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی شانازی بە دەستکەوتەکانی نیزیک بە ٨ دەیە خەبات و نەسرەوتنی لەپێناو سەرخستنی بزووتنەوەی ڕەوا و میللی-دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، بە چاوی ڕەخنەگرانەوە لە مێژووی خەباتی خۆی و کەمایەسییەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران دەڕوانێ. هاوکات بە پێداگری لەسەر ئەو ئەسڵە کە پێویستە هەرچەشنە هاوبەندییەک لەگەڵ ڕەوتە سیاسییە سەرانسەرییەکان لەسەر بنەمای بەڕەسمیناسینی شوناسی نەتەوەیی و تایبەتمەندیی پرسی کورد بێ، لە هەوڵەکانی خۆی بۆ دروستکردنی هاوپێوەندی و هاوپەیمانیی زیاتری سیاسی لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێ.

هەر لەو چوارچێوەیەشدا جۆراوجۆری و فرەچەشنییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەرفەت و دەسمایەی گرینگی خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ئیران دادەنێ و بۆ دابینکردنی ویستە ڕەواکانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری تێدەکۆشی.

ناوەندی بڕیاری حیزب و ئۆرگانیزمی حیزبی بەتایبەت بەشەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پلاندانـان، تەشـکیلات و ڕاگەیانـدن بـە بایەخدانـی پـتر بـە ناوچەکانـی باکـوور و باشـووری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ناوچـە کوردنشـینەکانی دەرەوەی ڕۆژهـەڵات هەوڵـی زیاتـر بـۆ شـۆڕکردنەوەی خەباتـی نەتەوایەتیـی و شوناسـخوازی لـەو ناوچانـەی کوردسـتان و بەهێزکردنـی پێگـەی سیاسـیی کـورد لـە ئێرانـی داهاتـوودا دەدەن. هەروەهـا بایەخدانـی پـتر و پـتر بـە پـرس و پێگـەی ژنـان و لاوان و توێـژە کاراکانـی دیکـەی کۆمـەڵ لـە پڕۆسـەی سیاسـیی خەباتـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و بەرنامەڕێژیـی چڕوپـڕ و بـەردەوام لـە هەمـوو ڕەهەندەکانـی ئـەو بـوارەدا ئەرکـی هەمیشـەیی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران دەبـێ. کۆمەڵگـەی ئێـران و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لاو و خوێنـدەوارە و، ڕێکخسـتنی ئـەو نەوەیە چ لـە نێوخـۆ و چ لـە دەرەوە هەڵدەگـرێ بەرنامـە و ڕێوشـوێنی تەشـکیلاتیی تایبەتـی بـۆ ئامـادە بکـرێ.

**لـە کۆتاییـدا:** خەبـات و تێکۆشـانی سیاسـی نەتەوەیـی، مەدەنـی و مافخوازانـەی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان گەیشـتۆتە ئاسـتێکی بەرچـاو لـە وشـیاریی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی. نـەورۆزی ئەمسـاڵ نوێنگـەی ئـەم پێگەیشـتووییە سیاسـییە بـوو. بـەڵام ئـەو ڕەوتـە ئەگـەر تەنیـا لـە بۆنەکانـدا قەتیـس بمێنێتـەوە زۆرتـر دەبـێ بـە مێـژوو. ئەرکـی ئێمـە ئەوەیـە بـۆ ئێسـتا و داهاتـوو کەلـک لـەو زەرفییەتـە خەباتگێڕییـە وەربگریـن و یارمەتیـدەر بیـن بـۆ ئـەوەی جووڵانەوەکـە بـە ئاقارێکـدا بـڕوا کـە پێبەپێـی ئاڵـو گـۆڕەکان هەمیشـە قسـەی بـۆ گوتـن و بەرنامـەی بـۆ بەردەوامیـی کاری مەیدانـی هەبـێ.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لـە ڕەوتـی خەباتـی بەردەوامـی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خـۆی و ڕەوتــی ئاڵوگـۆڕە سیاسـییەکان لـە ئێرانـدا بـە هەڵسـەنگاندنی دۆخ و لەبـەر چاوگرتنــی دەرفـەت و ئاسـتەنگەکانی بـەردەم جووڵانـەوەی کـورد و جووڵانـەوە سەرانسـەرییەکان دەبــێ بەرنامـە و پـرۆژەی ڕوونــی هەبــێ. ئـەو کارەش کاتێـک دەکـرێ ئێمـە تەشـکیلات و ئۆرگانیزمــی خۆمـان لـە نێوخـۆی وڵات و دەرەوە بــە جۆرێـک ڕێکبخەیــن و بەڕۆژیــان بکەینــەوە ژینگەیەکــی گونجــاو، هیوابەخـش و ئامانجـدار بـۆ بەشـداریی تاکەکانــی کۆمەڵگـەی ڕۆژهەلاتــی کوردســتان لــە نێوخـۆ و دەرەوە بڕەخسـێنین.

- سڵاو لە خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری کوردستان!

- سـڵاو لــە گیانــی پاکــی شــەهیدانی خەباتــی مافخوازانــەی کوردســتان، لــە ســەروو هەموویانــەوە ڕێبەرانــی شــەهیدی حیزبــی دێموکــرات، قــازی و قاســملوو و شــەرەفکەندی!

- سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان!

- سڵاو لە زیندانیانی سیاسیی کورد کە سیمبولی خۆڕاگریی گەلەکەمانن!

- سڵاو لە کادر و پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات!

- بەرز و شکۆدار بێ ئامانجە بەرزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

- سڵاو لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**پەسندکراوی کونگرەی ١٧ کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان**
**(١٥ و ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی)**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشەکی

کوردستان لەو پانتا جوغرافییاییەدا هەڵکەوتوە، کە بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناودێر کراوە. بە هۆی ئەوەی لە بواری سەرچاوە سروشتییەکانەوە هەرێمێکی دەوڵەمەندە، شوێنی سەرهەڵدانی چەندین شارستانییەتی مێژوویی و ئایینیی جیاوازە و لە بواری نەتەوەیی و کولتوورییەوە ناوچەیەکی فرەرەنگە و لەنێو ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرەدا کە لەو ناوچەیە نیشتەجێن، کوردیش خاوەنی شارستانیەتێکی دێرینە. بەڵام لەگەڵ خەباتێکی دوورودرێژ و خوێناوی چەندین هۆکار ڕێگر بوون لەوەی کورد ئەو ئیمکانەی بۆ بڕەخسێ وەک نەتەوەیەک ببێتە خاوەنی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی، بە تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخدا دەتوانین ئیشارە بەوە بکەین کە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕەوتی پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبوونی وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ئاستی پێویستدا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەک و دەستتێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە لە کاروباری ناوچەکەی ئێمەدا لە لایەکی دیکەوە، بوون بە هۆی بێبەشکرانی نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی. ئەم بارودۆخە بوو بە هۆی داڕشتنی سنووری دەوڵەت-نەتەوە تازە پێکهاتووەکانی ناوچەکە بە قازانجی چەند نەتەوەیەک و لەسەر حیسابی دووبارە دابەشکردنەوەی کوردستان و حاشاکردن لە پێناسی نەتەوەیی کورد و مافی بەشداربوونی ئەم نەتەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسیدا. هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو غـەدرە مێژووییـەش بـوو بـە سـەرەتای دەورەیەکـی نوێـی خوێنـاوی و پڕتێچـوو لـە خەباتـی ڕزگاریخوازانـەی نەتـەوەی کـورد لـە پێنـاوی وەدیهێنانـی مافـی دیاریکردنـی چارەنووسـدا، و دەکـرێ بـە ڕاشـکاوی بڵێیـن کـە مێـژووی خەباتـی نەتـەوەی کـورد بـە یەکێـک لـە خوێناویتریـن و درێژخایەنتریـن بەشـەکانی مێـژووی خەباتـی گەلانـی زۆرلێکـراوی ئـەم جیهانـە دادەنـرێ.

هەرچەنـد پلانـی سـڕینەوەی سیسـتماتیکی پێناسـی نەتەوەیـی کـورد لـە ئێرانیشـدا بەشـێکی جیانەکـراو لـە پـرۆژەی "دەوڵەت-نەتـەوەی ئێرانـی" بـە هاتنەسـەرکاری ڕەزاشـای پەهلـەوی بـووە، بـەڵام هەمـوو ئـەو هەوڵانـە نەیانتوانیـوە ڕێ لـە ڕەوتـی سروشـتیی گەشەسـەندنی مێژوویـی کەسـایەتیی نەتەوەیـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا بگـرن. ناسـیۆنالیزمی مۆدێرنـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانیش، کـە بـە شـێوەیەکی بەرچـاو لـە لایەکـەوە بەرهەمـی پێگەیشـتنی بابەتیـی کۆمەڵگـەی کـوردی و لـە لایەکـی دیکەشـەوە بەرهەمـی خەباتـی نەتەوەیـی بژاردەکانـی کـورد بـوو، لـە ڕێگـەی پێکهێنانـی کۆمەڵـەی "ژ.ک" لـە ٢٥ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٣٢١ی هەتـاوی (١٩٤٢ی زایینـی)دا شـێوازی ڕێکخراوەیـی بـە خۆیـەوە گـرت. پێناسـەی کۆمەڵـەی "ژ.ک" بنچینـەی لەسـەر بەرزبوونـەوەی بیـری نەتەوەیـی و هەوڵـی ڕزگاریـی کـورد لـە هەمـوو کوردسـتان و دامەزراندنـی دەوڵەتـی نەتەوەیـی بـۆ کـورد بـوو. ژ.ک لـە پـاش ٣ سـاڵ، بـە هـۆی بەرینبوونـەوەی مـەودای چالاکـی و لـە سـەروبەندی پێکهاتنـی زەمینـە بـۆ پێکهێنانـی دەسـەڵاتێکی کـوردی لـە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەموو چین و توێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕیزەکانی خۆیدا جێ بکاتەوە، جێگای خۆی دا بە حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەم پێیە، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، لەسەر بنەما و مێژووی کۆمەڵەی ژ.ک لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٦ی ئووتی ١٩٤٥ی زایینیدا دامەزرا.
دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناغەی کۆمەڵەی "ژ.ک" بە نوختە گۆڕانێکی گرینگ لە مێژووی گەلی کورددا و بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی نەتەوەکەمان دەژمێردرێ. بە ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە بوو کە گەلی کورد بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا توانی کۆماری کوردستان لە بەشێکی کوردستاندا دابمەزرێنێ. کۆماری کوردستان بۆ یەکەم جار ستاتووی دەسەڵاتی کوردیی بە شێوەیەکی مۆدێرن و بە نێوەرۆکێکی دێموکراتیکەوە نیشان دا. هەرچەند کۆماری کوردستان پاش نیزیکەی ١١ مانگ دەسەڵاتداریی دێموکراتیک، بە هۆی هێرشی دەسەڵاتی پاشایەتیی ئەو سەردەمەی ئێرانەوە جوانەمەرگ کرا، بەڵام ئەزموونی دێموکراتیکی دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستاندا بە لاپەڕەیەکی زێڕینی مێژووی خەباتی سیاسیی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانیدا دێتە ئەژمار. دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە جێدا بنەمای لەسەر ئەسڵی ڕێزگرتن لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە لایەک و هەوڵدان لە پێناوی پێکەوە ژیانێکی ئاشتییانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەگــەڵ نەتەوەکانــی دراوســێی لــە لایەکــی دیکــەوە دانرابــوو، نــەک هــەر لــە ئاســتی کوردســتان و ئێرانــی ئــەو ســەردەمەدا، بەڵکــوو هــەم ئەوسا و هــەم ئێســتا لــە هەمــوو ڕۆژهەڵاتــی نێوەڕاســتدا بــە ڕووداوێکــی گرنــگ دادەنــرا و دادەنــرێ. هەرچەنــد پێشــەوا قــازی محەممــەد و بەشــێکی دیکــە لــە ڕێبەرانــی حیــزب و کۆمــار بــە فەرمانــی ڕێژیمــی پاشــایەتیی ئێــران لــە ســێدارە دران، بــەڵام ئەزموونــی نەتەوەیــی، دێموکراتیــک و پێشــکەوتنخوازانەی کۆمــاری کوردســتان هــەروا ڕێنیشــاندەری نــەوە لــە دوای نــەوەی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازانــەی گەلــی کــورد بــووە و دەبــێ. لەگــەڵ ئــەوەی تێکچــوون وهەڵوەشــانەوەی کۆمــاری کوردســتان زەبرێکــی گــەورە بــوو کــە لــە پەیکــەری حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان درا، تێکۆشــەرانی ئــەم حیزبــە لــە ماوەیەکــی بــە نیســبەت کورتــدا خۆیــان ڕێــک خســتەوە و خەباتــی ڕزگاریخوازانــەی نەتەوەییــان دەســت پــێ کــردەوە. حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان لــە مــاوەی ٨ دەیــە تەمەنــی خۆیــدا زۆر فەســڵی زێڕینــی لــە مێــژووی نەتــەوەی کــورددا تۆمــار کــردوون، زۆر ســەرکەوتنی گــەورەی بــە دەســت هێنــاون و تووشــی نوشوســتی و پاشەکشــەش بــووە.

بێجگــە لــە دامەزراندنــی کۆمــاری کوردســتان کــە لووتکــەی ســەرکەوتنی ئــەم حیزبــە و بــە گشــتی بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازیــی کــورد بــوو، ئــەم حیزبــە بزووتنــەوەی پڕشــکۆی ســاڵانی ٤٧ - ١٣٤٦ی بەرپــا کــردوە، چەنــد جــار لــە ململانــەی هەڵبژاردنــدا خــۆی تاقــی کردۆتــەوە و هەمــوو جــارێ ســەرکەوتنی بەدەســت هێنــاوە و ســەرەنجام بــۆ مــاوەی پــتر لــە چــوار

دەیـە خەباتێکـی قارەمانانـەی بـەدژی دیکتاتـۆری و سـەرەڕۆیی کۆمـاری ئیسـلامی بەڕێـوە بـردوە.

ئـەم حیزبـە هـەر لـەو کاتـەدا تێکچوونـی کۆمـاری کوردسـتان و تێکشـکانی ڕاپەڕینـی چەکدارانـەی ٤٧ - ١٣٤٦ی بـە خـۆوە دیـوە و چەنـد جـار لـە دەورانـی ڕێژیمـی پاشـایەتی و ڕێژیمـی ئیسـلامیدا کەوتۆتـە بـەر پەلامـاری پۆلیـس و هێـزە سـەرکوتکەرەکان و بـە سـەدان و هـەزاران تێکۆشـەری کەوتوونەتـە زیندانـەوە کـە زۆربەیـان حوکمـی قـورس و تەنانـەت ئێعدامیـان بەسـەردا سـەپاوە و سـەدان کەسـیان ئـەو حوکمەیـان لەسـەر جێبەجـێ کـراوە.

حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لـەو خەباتـە قارەمانانـە و پـڕ لـە شـانازییەدا زیاتـر لـە پێنـج هـەزار کادر و ئەندامـی شـەهید بـوون کـە بـە دەیـان کەسـیان کادری ڕێبـەری بـوون و، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە نـاوی سـێ ڕێبـەری پایەبـەرز: پێشـەوا قـازی محەممـەد، دوکتـور قاسـملوو و دوکتـور شـەرەفکەندی دەدرەوشـێنەوە. لـە نێـوان مـەودای لێکدابڕانـی سـاڵی ١٣٨٥ی هەتاویـی ڕیزەکانـی حیـزب و کونگـرەی یەکگرتنـەوەی دێموکراتەکانـدا لـە ڕەوتـی خەبـات بـۆ وەدەسـتهێنانی مافەکانـی گەلـی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و لـە سـەنگەری بەرەنـگاری بـەدژی سیاسـەتی دوژمنانـەی کۆمـاری ئیسـلامیدا، ژمارەیەکـی بەرچـاوی دیکـە لـە تێکۆشـەرانی هـەر دوو لایەنـی دێموکـرات بـە هـۆی پیـلان و تاوانـە تێرۆریسـتییەکانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـەوە شـەهید و برینـدار بـوون، بـە دەیـان جـار بنکـە و بارەگاکانـی حیـزب لەلایـەن هێـزە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نیزامییەکانـــی کۆمـــاری ئیســـلامییەوە بـــە چەکـــی قورســـی وەک تۆپخانـــە و مووشـــک و فڕۆکـــەی شـــەڕکەر کەوتوونەتـــە بـــەر پەلامـــار و هێـــرش کـــە قوورســـترینیان مووشـــەکبارانی بنکـــە و بارەگاکانـــی دێموکـــرات لـــە ١٧ی خەرمانانـــی ١٣٩٧ و هەروەهـــا پاییـــزی ١٤٠١ هەتـــاوی بـــوو کـــە لـــەو دوو ڕووداوەدا ٢٩ کـــەس لـــە کادر و پێشـــمەرگە و ئەندامانـــی ڕێبەریـــی حیـــزب شـــەهید و دەیـــان کـــەس برینـــدار بـــوون. لەگـــەڵ هەموو ئـــەو کەندوکۆســـپانەی ســـەر ڕێـــگای خەباتـــدا تێکۆشـــەرانی هـــەردوو لای دێموکـــرات لـــەو مـــاوە زەمەنییـــەدا لـــە تێکۆشـــان و خـــەبـات بـــۆ دەســـتەبەر کردنـــی مافەکانـــی گەلـــی کـــورد بـــەردەوام بـــوون و هـــەرکام بەشـــێوازی خۆیـــان لـــە شـــکڵی خەباتـــی پێشـــمەرگانە و ڕاســـاندا لـــە نێوشـــار و گوندەکانـــی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان حـــزووری چالاکیـــان هەبـــووە. ئـــەو حەرەکـــەت و جموجۆڵانـــە لـــەو قۆناخـــە هەســـتیارەدا توانیویانـــە ورە و وزەیەکـــی تایبـــەت وەبـــەر بزووتنـــەوەی کـــورد بەگشـــتی و خەباتـــی جەمـــاوەری بەتایبەتـــی بـــدەن و هیوایەکـــی نـــوێ بـــە ســـەرکەوتن بـــۆ بەدەســـتهێنانی مافەکانـــی گەلـــی کـــورد لـــە دڵـــی کۆمەڵانـــی خەڵکـــدا پێـــک بێنـــن.

حیزبـــی دێموکـــرات لـــە مێـــژووی دەیـــان ســـاڵەی خۆیـــدا، چەنـــد جـــار لـــە ئاکامـــی ناکۆکیـــی نێوخۆییـــدا تووشـــی لێکدابـــڕان و چەنـــد پارچەیـــی بـــووە و تێکۆشـــەرانی ئـــەم حیزبـــە لـــە جیاتـــی تێکۆشـــان لـــە حیزبێکـــی واحیـــددا بـــوون بـــە دوو بـــەش و بەجیـــا تێکۆشـــان و خەباتـــی خۆیـــان درێـــژە داوە، بـــەڵام دواتـــر کەوتوونەتـــەوە ســـەر یـــەک. لـــە زۆربـــەی ئـــەم حاڵەتانـــەدا تێکۆشـــەرانی دێموکـــرات ســـەرەڕای ناکۆکییـــان لەگـــەڵ یەکـــتر و تێکۆشـــانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەجیایـان، هـەم لەسـەر خەبـات بـۆ مافەکانـی نەتـەوەی کـورد و ئامانجـە لەمێژینەکانــی حیزبــی دێموکــرات بــەردەوام بــوون، هــەم بەرگرییــان لــە مێــژوو و شــانازییەکانی ئــەم حیزبــە کــردوە. ئــەم لێکدابڕانانــە، ســەرەڕای تاڵــی و نەخوازراوبوونیــان بەشــێکن لــە مێــژووی حیزبــی دێموکــرات. بــەو پێیـە ئێسـتا کـە حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان کونگـرەی حەڤـدە و حیزبـی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران کونگــرەی شــازدەیان گرتــوە، کونگــرەی یەکگرتنــەوەی دێموکراتــەکان بــە تەوافوقــی هــەردوو لایــەن کونگــرەی حەڤدەهەمــی حیزبــی دێموکــرات دەبــێ.

***

لــە پــاش دەســتپێکی پرۆســەی ســەقەتی دروســتکردنی دەوڵەت-نەتــەوە لــە ئێــران، دەســەڵاتی فەرمانــڕەوا چ لــە ســەردەمی پاشــایەتی و چ لــە ســەردەمی کۆمــاری ئیســلامیدا، هیــچ کات ئامــادە نەبــووە هەنگاوێــک بــۆ چارەســەری پرســی نەتەوایەتیــی کــورد و نەتەوەکانــی دیکــەی نێــو ئێــران هەڵێنێتــەوە. ڕوانگــەی تەواویەتخوازانــەی دەســەڵاتی فەرمانــڕەوا و حاشــاکردن لــە فرەنەتەوەبوونــی ئێــران و پرســی ڕەوای نەتەوایەتیــی کــورد، هــۆکاری بەردەوامیــی ئــەو پرســە بــووە.
مەســەلەی کــورد لــە ئێرانــدا بــەردەوام نــەک هــەر لــە لایــەن دەســەڵاتی ناوەندییــەوە، بەڵکــوو لــە لایــەن ناســیۆنالیزمی ئێرانــی لــە دەرەوەی دەســەڵات و تەنانــەت لــە لایــەن بەشــێک لــە ئۆپۆزیســیۆنی سەرانســەریی ئێرانییشــەوە وەک مەســەلەیەکی نەتەوەیــی حاشــای لــێ‌کــراوە. گرفتــی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئـەو ڕوانگەیــە لەوەدایــە کــە لەبــری ئــەوەی نێوەرۆکــی نەتەوەیــی مەســەلەی کــورد و مافــی ئــەم گەلــە بــۆ بڕیــاردان لەســەر چارەنووســی خــۆی بــکا بــە بنەمــا، دەیهــەوێ لــە ڕێــی چاونووقانــدن و خــۆ گێلکــردن لــەو ڕاســتییەوە، هــەوڵ بــۆ پاراســتنی هێژمۆنیــی پێناســی نەتــەوەی حاکــم بــدا. وەکتابۆڕاگرتــن و بــە بنەمــا وەرگرتنــی تەواویەتــی ئەرزیــی ئێرانیــش شــتێک نیــە جگــە لــە ئامرازێــک لــە خزمەتــی ئــەو بیــرە نادێموکراتیــک و دژە مرۆڤایەتییــەدا.

هــەر بــە هــۆی ئــەو ڕوانگــە تەواویەتخوازانــەی توێــژی دەســەڵاتدارەوەیە کــە تەنانــەت باســی دێموکراســییش لــە پێوەنــدی لەگــەڵ پرســی نەتەوایەتــی لــە ئێرانــدا، خوێندنەوەیەکــی چەواشــەکارانەی بــۆ دەکــرێ. بزووتنــەوەی کــورد لــە ڕەوتــی خۆیــدا هەمیشــە نەبوونــی دێموکراســیی بــە هۆکارێکــی گرینگــی چارەســەرنەکرانی مەســەلەی کــورد دانــاوە. ئەزموونەکانــی ڕابــردوو دەری دەخــەن کــە نەتــەوەی کــورد بــەردەوام خوازیــاری چارەســەری دێموکراتییانــەی مەســەلەی نەتەوەیــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان بــووە. بــەڵام بەداخــەوە لەبــەر نادێموکراتبوونــی دەســەڵاتی زاڵ بەســەر کوردســتاندا، بــەردەوام ویســتی ئاشــتیخوازانەی گەلــی کــورد بــە زمانێکــی نادێموکراتیــک و تێکــەڵ بــە زەبروزەنــگ وڵام دراوەتــەوە. نییەتــی ئاشــتیخوازانە و ویســتی کەلکوەرگرتــن لــە دیالــۆگ و وتوویێــژ بــۆ چارەســەری مەســەلەی نەتەوایەتیــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان یــان هــەر لــە لایــەن نوێنەرانــی دەســەڵاتی فەرمانــڕەواوە ڕەت کراوەتــەوە، یــان وەک داوێــک بــۆ لەنێوبردنــی ڕێبەرانــی سیاســی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لاوازکردنـی بزووتنـەوەی کـورد، کەلکـی لـێ وەرگیـراوە.
ئەزمـوون و ڕەوتـی ڕووداوەکان دەریـان خسـتوە کـە پـڕۆژەی دروسـتکردنی دەوڵەت-نەتـەوەی ئێرانـی لەسـەر بنەمـای کۆکردنـەوەی دەسـەڵات لـە ناوەنـد و حاشـاکردن لـە پێناسـی نەتەوەکانـی ئێـران و سـەپاندنی پێناسـی نەتەوەیـەک بەسـەر هەمـوو نەتەوەکانـی دیکـەدا، هیـچ کاتێـک جێـی نەگرتـوە. لەئارادابوونـی پرسـی نەتـەوەکان وەک گرینگتریـن پرسـی سیاسـی لـە ئێرانـی ئەمـڕۆدا، بەڵگەیەکـی حاشـاهەڵنەگری ئـەو ڕاسـتییەیە. سـووربوون لەسـەر ڕەوتـی ناسـیۆنالیزمی تەواویەتخـوازی ئێرانییـش کـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـە سـەقەتی لەدایـک بـووە، شـتێک نییـە جگـە لـە هەوڵێکـی نابەرپرسـانە بـە ئاقـاری درێـژەدان بـە سـەنتەرگەراییەکی مێژوویـی و لەسـەر حیسـابی لێڵکردنـی هەرچـی زیاتـری ئاسـۆی پێکەوەژیانـی داوتەڵەبانـەی نەتەوەکانـی نێـو ئێـران. هـەر بۆیـە، لـە ڕوانگـەی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـەوە، لەبـەر ڕووناکایـی ئـەو خاڵـەی سـەرەوەدا و بـە لـە بەرچـاو گرتنـی ویسـتی لەمێژینـەی نەتـەوەی کـورد و ڕەوتـی سیاسـیی ئێسـتای کوردسـتان، مەسـەلەی نەتەوایەتیـی کـورد تەنیـا کاتێـک بـە تـەواوی چارەسـەر دەکـرێ کـە ڕەوتـی سروشـتیی خـۆی ببـڕێ و ویسـتی ئازادانـەی نەتـەوەی کـورد بـکا بـە بنچینـە. دەرەتانـی پێکەوەژیانـی داخوازانـەی نەتەوەکانـی ئێرانیـش –سـەرەڕای ئـەو مێـژووە پڕسـتەم و کارەسـاتەی ڕابـردوو– کاتێـک دەرەخسـێ کـە بـێ ئەملاوئـەولا ڕێزگرتـن لـە ئیـرادەی سیاسـیی نەتەوەکانـی نێـو ئێـران و یـەک لـەوان نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی

کوردستان، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

نێوەرۆکی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕەنگدانەوەی ویستی نەتەوەیی و دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزب دەبێ ئەم بەرنامەیە بەرنە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و نێوەرۆکی بەندەکانی بۆ خەڵک شی بکەنەوە. هاوڕێیانی حیزبی لەگەڵ ئەوەی ڕوونکردنەوەی بیروڕای حیزب لەسەر مەسەلە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بۆ کۆمەڵانی خەڵک بە ئەرکی خۆیان دەزانن، دەبێ لە پێناو پتەوکردنی هەرچی زیاتری پێوەندیی بەرینی حیزب و گەل و، گەشەدارترکردنی بواری دێموکراتییانەی بزووتنەوەی گەلەکەمان، بە سینگفراوانییەوە پێشوازی لە ڕەخنە و ڕێنوێنی و پێشنیاری ئەوانیش بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی یەکەم
# ئامانجە گشتییەکان

**ماددەی یەکەم: ئامانج و پرەنسیپە بنەڕەتییەکان**

١. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خەبات دەکا.

٢. دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدایە.

٣. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکیەتیی داخوازانە و دادپەروەرانەی نەتەوەکانی ئێران بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دەزانێ.

٤. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێناوی وەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکراتیک، پلۆرالیست و دادپەروەرانەدا تێ دە کۆ شێ.

٥. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی بە ئیدەئالەکانی مافی مرۆڤ و ئاشتی و دۆستایەتیی نێوان گەلان هەیە و دژی هەموو شێوازێکی هەڵاواردنە لەسەر بنەمای: پێگەی کۆمەڵایەتی، ڕەنگ، دین،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئاییـنزا،نــەژاد، ئێتنیـک، ڕەگــەز و.... .

٦. حیزبــی دێموکراتــی کوردســتان ئێــران خــۆی بــە پشــتیوانی خەباتــی گەلــی کــورد لــە پارچەکانــی دیکــەی کوردســتان دەزانــێ.

٧- حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران، گەلانــی ســتەملێکراوی ئێــران بــە هاوچارەنووســی خــۆی دەزانــێ و پشــتیوانی لــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخوازانــەی ئــەوان بــۆ وەدەســتهێنانی مافــە نەتەوایەتییەکانیــان دەکا.

٨- حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران کەلکوەرگرتــن لــە هەمــوو شــێوازەکانی خەبــات بــۆ نەتــەوە ستەملێکراوەکان بــە مافێکــی ڕەوا دەزانــێ.

## فەسڵی دووهەم
## بنەماکانی هەرێمی کوردستان-ئێران

**ماددەی دووهەم: پێناسەی هەرێمی کوردستان-ئێران**

کوردســتانی ئێــران یەکێــک لــەو هەرێمانەیــە کــە بەشــێوەیەکی توافقــی لەگــەڵ هەرێمەکانــی دیکــەی پێکهێنــەری ئێــران، وڵاتــی فیدراڵــی ئێــران پێــک دێنــن.

هەرێمــی کوردســتان پێکهاتەیەکــی نەتەوەیــی، دێموکراتیــک و کوردســتانییە. بــەو مانایــە کــە:

١. دەســەڵاتێکی سیاســیی دێموکراتیکــە کــە لــە لایــەن کۆمەڵانــی خەڵکــەوە بڕیــاری لەســەر دەدرێ و بەپێــی ویســت و ئیــرادەی خەڵــک بەڕێــوە دەچــێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. هێـمای کۆتاییهێنــان بــە ســتەم و بندەســتییە و نوێنگــەی دەســەڵاتی نەتەوەیــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانە.

٣. مافەکانــی هەمــوو کەمایەتییــە نەتەوەیــی، ئێتنیکــی، زمانــی و ئایینییەکانــی کوردســتان دەپارێــزێ.

٤- لـە دەرەوەی سـنوورەکانی هەرێمـی کوردسـتان لـە هـەر شـوێنێکی ئێـران کـە زۆربـەی دانیشـتووانی کـورد بـن و داوای مافـی نەتەوایەتییـان بکـەن، لـە چـوار چێـوەی جوگرافیایـی خۆیانـدا حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان پشـتیوانییان لـێ دەکا و ئـەوان بـە هاوپەیمانـی نەتەوەیـی و سـتراتیژیکی خـۆی دەزانـێ.

**ماددەی سێهەم: چوارچێوەی جوغرافیایی**

چوارچێـوەی جوغرافیایـی هەرێمـی کوردسـتان هەمـوو خاکـی کوردسـتانی ئێـران لەخـۆ دەگـرێ و بـە لەبەرچـاو گرتنـی فاکتـەری جوغرافیایـی و مێژوویـی و، بـە پێـی ویسـتی زۆرینـەی دانیشـتووانی ناوچـەکان دیـاری دەکـرێ.

**ماددەی چوارەم: هێمای نەتەوەیی**

١. هەرێمـی کوردسـتان خاوەنـی یاسـای بنەڕەتـی (قانـون اساسـی)، ئـاڵا، سروود، جەژنـی نەتەوەیـی و زمانـی ڕەسـمیی خۆیەتـی.

٢. ئـاڵای کوردسـتان لـە تەنیشـت ئـاڵای دەوڵەتـی فیـدراڵ لـە دامـودەزگا ڕەسـمییەکانی هەرێمـی کوردسـتاندا هەڵدەکـرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ماددەی پێنجەم: سیستمی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان -ئێراندا**

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا کە لە قانوونی بنەڕەتیی کوردستاندا نەهادینە دەکرێ، لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە گشتییانەی خوارەوە پێک دێ و بەڕێوە دەچێ:

١. هەموو دەسەڵاتەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن خەڵکەوە و بەبێ هیچ جۆرە هەڵاواردنێکی ئێتنیکی، ئایینی، ڕەگەزی (جینسی)، کۆمەڵایەتی و هتد پێک دێن.

٢. هەڵبژاردن بۆ ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن خەڵکەوە دیاری دەکرێن لە ڕێگای دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆوە و بە دابینکردنی مافی یەکسانی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بەڕێوە دەچێ.

٣. هاونیشتمانان هەلی یەکسانی دامەزران لە پۆستە حکوومەتییەکانیاندا بۆ دەڕەخسێندرێ.

٤. هەرێمی کوردستان مێکانیزمی تایبەتی بۆ بەشداریی ئەو پێکهاتانە لە دەسەڵاتدا لە بەرچاو دەگرێ کە بەشێوەی سروشتی لە حاڵەتی کەمایەتیدان.

**ماددەی شەشەم: جیایی دەسەڵاتەکان**

لە هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی قانووندانان و جێبەجێکردن و دادوەری لە یەکتر جیا دەکرێنەوە:

١. پارلمانی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی هەرێمی کوردستانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان لــە لایــەن پارلمانــەوە دەنگــی بــۆ وەردەگیــرێ و لــە بەرامبــەر پارلمانــدا بەرپرســیارە.

٣. لە هەرێمی کوردستاندا سەربەخۆیی دەزگای دادوەری پارێزراو دەبێ.

**ماددەی حەوتەم: جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی**

١. لە هەرێمی کوردستاندا دین لە دەسەڵاتی سیاسی جیایە.

٢. هەمــوو دانیشــتووانی کوردســتان لــە هەڵبــژاردن و نیشــاندانی ئاییــن و مەزهــەب و بەڕێوەبردنــی ڕێوشــوێنە ئایینییەکانیانــدا ئــازادن.

## فەسڵی سێهەم
## یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێرانی فیدراڵدا

**ماددەی هەشتەم: بنەماکانی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێران**

١. هەمــوو گەلانــی ئێــران بێ‌فــەرق و جیاوازیــی ڕەگــەزی، ئایینــی، مەزهەبی، نەتەوەیــی و نــەژادی لــە دامەزراندنــی کۆمــاری فێدراڵــی ئێرانــدا بەشــدارن و ئــەم ئەســڵە لــە قانوونــی ئەساســیی کۆمــاری فێدراڵــدا دەگونجێنــدرێ.

٢. سیســتمی کۆمــاری و دێموکراتیــک و فیدراڵــی لــە بەڕێوەبەرایەتیــی وڵاتــدا دەتوانــێ ببێتــە دەســتەبەری هاوپێوەنــدی و هاوپەیمانییەکــی پتەوتــر لەنێــوان نەتەوەکانــی ئێــران و زەمینەســازی پێکەوەژیانێکــی داخوازانــە و دادپەروەرانــە لــە ئێرانــی دواڕۆژدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە یەکیەتیی ئارەزوومەندانەی نێوان نەتەوەکان لە ئێران بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردن و بەردەوامبوون لەسەر ئەو پرەنسیپانەی خوارەوە:

- فرەنەتەوایەتی بنەمایەکی سەرەکیی قەوارەی سیاسیی سەرتاسەری بێ.
- هەر نەتەوەیەک لە بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەت بە خۆی و هەرێمی خۆیدا لە ڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێراویەوە ئازاد و سەربەست بێ.
- هەموو نەتەوەکان بە شێوەیەکی عادڵانە لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی فیدراڵدا بەشدار بن.
- ئەسڵەکانی پێوەندیدار بە ڕەنگدانەوەی یەکیەتیی نەتەوەکان لە ئێراندا جێبەجێ بکرێن.

## فەسڵی چوارەم
## هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی ئێران

**ماددەی نۆهەم: زمانی ڕەسمی**

١. زمانی کوردی زمانی ڕەسمیی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستانە و لە هەموو پلەکانی خوێندندا بەکار دەبرێ. لە تەنیشت زمانی کوردی، زمانی هاوبەشی دەوڵەتی فیدراڵ لە تەنیشت زمانی کوردی دەخوێندرێ و بۆ نامەنووسینی ئیداری لە نێوان کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران و دەوڵەتی فیدراڵ و ئیدارەکانی سەر بە دەوڵەتی فیدراڵ لە کوردستان بەکار دەبرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. زمانــی هاوبــەش بــۆ نامەنووســین و پێوەندییــە ئیدارییەکانــی نێــوان هەرێمــەکان و دەوڵەتــی فیــدراڵ و هەروەهــا سیاســەتی زمانــی لــە ئاســتی دەوڵەتــی فیدراڵــدا، بــە ڕێککەوتنــی گشــتیی پێکهاتەکانــی نێــو فێدراســیۆن بڕیــاری لەســەر دەدرێ.

٣- هەمــوو دانیشــتووانی غەیــرە کــورد لــە هەرێمی کوردســتان بــۆ پەرەپێدانی فەرهەنگــی خۆیــان یارمەتــی دەدرێــن و لــەو ناوچانــەی بەشــێکی زۆری دانیشــتووانیان لەوانــن ئیمکاناتــی خوێنــدن بــە زمانــی خۆیانیــان بــۆ دابیــن دەکــرێ.

**ماددەی دەهەم: دابەشکردنی سەڵاحییەتەکان**

١. بێجگــە لــە کاروبــاری پێوەندیــی دەرەوە، ســپای فیــدراڵ، دانانــی بەرنامــەی درێژخایەنــی ئابــووری و سیســتمی دراوی کــە لــە ســەڵاحییەتی دەوڵەتــی فیــدراڵدان، بڕیــاردان و بەرنامەدانــان لــە ســەرجەم بوارەکانــی دیکــەدا لــە ســەڵاحییەتی دامەزراوەکانــی هەرێمــی کوردســتاندایە.

٢. سیاســەت و بەرنامەکانــی دەوڵەتــی فیــدراڵ بــە لەبەرچاوگرتنــی بەرژەوەنــدی و ویســتی پێکهاتەکانــی فێدراســیۆن و هەوڵــدان بــۆ قەرەبووکردنــەوەی هەڵاواردنــی ڕابــردوو بــەدژی نەتــەوە زۆرلێکراوەکانــی ئێــران دیــاری دەکرێــن و دەبرێنــە پێــش. بــە تایبەتــی:

- ســپای فیــدراڵ لــە ڕووی پێکهاتــەی هێــز و فەرماندەییــەوە ڕەنگدانــەوەی فرەنەتەوەیــی و فرەهەرێمــی لــە ئێرانــدا دەبــێ و لــە ڕووی کارکردیشــەوە بــەدژی بەرژەوەندیــی ڕەوای نەتەوەکانــی ئێــران ناجووڵێتــەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی فیدراڵ ڕەنگدانەوەی مەوجوودیەتی سیاسی و نیهادی و، قازانجەکانی نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران دەبێ. هەرێمی کوردستان و هەرێمەکانی دیکە بە هەماهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵ مافی دامەزراندن و بردنەپێشی پێوەندیی دەرەوەیان لە بوارەکانی تایبەت بە خۆیاندا دەبێ.

**ماددەی یازدەهەم: دابینکردنی نەزم و هێمنی لە کوردستان**

١. دابینکردنی هێمنی و نەزمی نێوخۆ لە کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگە و ئۆرگانە ئینتیزامییەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانە.

٢. ئەرکی سپای فیدراڵ دیفاع لە پاراستنی سنوورەکانی وڵاتە و دەست لە کاروباری نێوخۆیی وەرنادا.

## فەسڵی پێنجەم
## پرەنسیپ و ئەرکە گرینگەکانی هەرێمی کوردستان-ئێران

**ماددەی دوازدەهەم: ماف و ئازادییە گشتییەکان**

١. لە کوردستان قانوون سەروەرە. هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە قانووندا و لە بەرانبەر قانووندا یەکسانن.

٢. هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە مەنشوور و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ (واتە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ و هەر دوو پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەبارەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و، مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان)دا هاتوون لە قانوونی بنەڕەتیی ئێران و قانوونەکانی هەرێمی کوردستاندا بە ڕەسمی دەناسرێن. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە جێبەجێ‌کردنیان و هەڵێنانەوەی هەنگاوی موسبەت بۆ پاراستن و پەرەپێدانیان.

**ماددەی سێزدەهەم: بووژانەوەی فەرهەنگی ولەشساغی**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

١. خوێندنی ئیجباری تا تەمەنی پازدە ساڵ و خوێندنی بەخۆڕایی تا کۆتایی قۆناغی دواناوەندی دەستەبەر دەکا.

٢. هەنگاوی جیددی بۆ بنەبڕکردنی نەخوێندەواری لە کوردستان هەڵدێنێتەوە.

٣. لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا و بۆ هەموو چەشنەکانی پەروەردە و فێرکاری هەلی دەستڕاگەیشتنی کەسانی کەم دەرامەت بە خوێندن و فێربوون پێک دێنێ.

٤. بایەخ بە پاراستنی کولتوور لە کۆمەڵگەدا دەدا و یارمەتیی کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە ئەدەبی و هونەرییەکان بە تایبەتی لە بواری خزمەت بە زمان و ئەدەب و کەلەپووری کورددا دەکا.

٥. لە بەرنامەی فەرهەنگی و پەروەردەیی خۆیدا جێگەی شیاو بۆ پێویستییەکانی پێگەیاندن و گەشەکردنی منداڵان و لاوان تەرخان دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦- بایەخـدان بـە پێشـکەوتنی زمـان و ئەدەبیاتـی کـوردی و پشـتیوانی لـە نووسـەران و هونەرمەنـدان و زانایانـی کـورد ڕێبازی هەمیشـەیی سیاسـەتی فەرهەنگیـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتانە.

٧- حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان سیاسـەتێک بەرامبـەر بـە ڕووناکبیـران و پسـپۆڕان دەگرێتـە پێـش کـە بـە دڵگەرمـی و لـە خۆبووردنـەوە خزمەتـی نیشـتمانی خۆیـان بکـەن.

٨- حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بردنەسـەری ئاسـتی لەشسـاغیی هەمـوو خەڵـک تێدەکۆشـێ و هەلومەرجێـک پێـک دێنـێ هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بتوانـن لـە یارمەتیـی پزیشـکی و دەرمانـی کەلـک وەربگـرن. حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دامەزراندنـی ئاسایشـگە، شـیرخۆرگە و زایینگـە هەنـگاو هەڵدێنێتـەوە و بـۆ بەخێوکردنـی نەقوسـتان و بەسـاڵداچووانی ڕەبـەن و بێخاووخێـزان بنکـە و بنیاتـی تایبەتـی دادەمەزرێنـێ

**مـاددەی چواردەهـەم: پارێزگاریـی ئابـووری و کۆمەڵایەتـی حکوومەتـی هەرێمـی کوردسـتان:**

١. داهاتـی گشـتی بـە جۆرێـک دابـەش دەکا کـە یارمەتـی بـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ژیانـی کەسـانی کەمداهـات بـکا.

٢. سیسـتمی تەندروسـتیی گشـتی پێـش دەخـا و لـە ڕێـگای سیسـتمی بیمـەوە یارمەتـی بـە دەسڕاگەیشـتنی خەڵـک، بـە تایبەتـی کەسـانی کەمدەرەتـان، بـە خزمەتـە پزشـکی و دەرمانییـەکان دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. یارمەتــی و ڕاگەیشــتنی کۆمەڵایەتــی بــە تایبەتــی بــۆ بێــکاران، کەمەندامــان، بەســاڵاچووان و بێ‌کەســان بــە مەبەســتی دابینکردنــی ژیانێکــی ئاســایی لــە ئەســتۆ دەگــرێ.

٤. هەلی کاری گونجاو بۆ هەمووان پێک دێنێ.

٥. قانوونــی کار بــە جۆرێــک پەســەند دەکا و جێبەجێــی دەکا کــە ســتانداردە نێونەتەوەییەکانــی پێوەندیــدار بــە مافــی کرێــکاران و زەحمەتکێشــان بــە تایبەتــی ســنووردارکردنی ســەعاتی کار و قەدەغەکردنــی کاری منــداڵان و مەرەخەســیی بــە مووچــەوەی دایکایەتــی بگرێتــە خــۆی.

٦. پلانــی چڕوپــڕ بــۆ خەبــات بــەدژی هێندێــک دیــاردەی کۆمەڵایەتــی وەک ئێعتیــاد و توندوتیژیــی کۆمەڵایەتــی دادەڕێــژێ و بەڕێــوە دەبــا.

٧. ژن و پیــاو لەنێــو خێــزان و کۆمەڵــدا مافــی وەک یەکیــان هەیــە و بــۆ کاری وەک یــەک مووچــەی وەک یــەک وەردەگــرن.

**ماددەی پازدەهەم: گەشەسەندنی ئابووری**

١. بەرەوپێشــبردنی ئابــووری لــە ڕێــگای بەرنامــە دارشــتنێکی زانســتییەوە لــە ئەســتۆی حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتانە.

٢. بــۆ قەرەبووکردنــەوەی دواکەوتوویــی ئابــووری کــە بەرهەمــی ســتەمی نەتەوایەتییــە، پێویســتە دابەشــکردنی داهاتــی گشــتیی وڵات لــە لایــەن دەوڵەتــی فیدراڵــەوە بــە چەشــنێک بــێ کــە بەشــی دانیشــتووانی هەرێمــی کوردســتان بەپێــی ڕادەی دواکەوتوویــی زیاترلــە داهاتــی نێونجیــی ســەرانەی وڵات بــێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ هێنانەدەرێــی کوردســتان لــە بەجێماویــی ئابــووری و هەنگاونــان بــۆ ســنعەتیکردنی تێدەکۆشــێ. بــۆ ئــەو مەبەســتەش هــەر دوو کەرتــی گشــتی و تایبــەت بــە جۆرێــک ڕێــک دەخــا کــە ببنــە مایــەی هاندانــی وەبەرهێنانــی نێوخۆیــی و دەرەکــی و پەرەپێدانــی بازرگانیــی ڕاســتەوخۆی کوردســتان و مۆدێرنیزەکردنــی کشــتوکاڵ و بووژانــەوەی گەشــتوگوزار و کەلکوەرگرتنــی کارناســانە لــە ســەرچاوە سروشــتییەکان و دۆزینــەوەی خەللاقییەتــە ئابوورییەکانــی تایبــەت بــە کۆمەڵگــەی کــوردەواری.

٤. حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــۆ پەرەپێدانــی بازرگانیــی نێوخــۆ و برەوپێدانــی کەســب و کار و ســنعەت لــە کوردســتاندا تێدەکۆشــێ.

٥. ســەعاتی ڕەســمیی کار لــە حەوتــوودا نابــێ لــە ٤٠ ســەعات تێپــەڕێ. ئــەو کرێکارانــەی کاری ســەخت دەکــەن دەبــێ ســەعاتی کاریــان کەمتر بــێ. لانیکەمــی حەقدەســتی کرێــکاران بەپێــی خەرجــی بەرێچــوون دیــاری دەکــرێ و لەگــەڵ چوونەســەری خەرجــی گــوزەران زیــاد دەکــرێ. کرێــکاران بەرامبــەر بــە پێشــهاتەکانی کار و نەخۆشــی و پەککەوتەیــی و بێــکاری و پیــری بیمــە دەکرێــن. ئــەو منداڵانــەی تەمەنیــان لــە پــازدە ســاڵ کەمتر بــێ نابــێ کاریــان پــێ بکــرێ. بــۆ کەمکردنــەوە و پاشــان خاشــەبڕکردنی بێــکاری دەبــێ هەلومەرجــی ئابــووری و کۆمەڵایەتیــی پێویســت پێــک بهێنــرێ.

٦. حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان ســەرنجێکی تایبەتــی دەداتــە ئاژەڵــداری. لەوەڕگــەکان بەپێــی شــەرتی لەبــار بــە ئــاژەڵداران دەســپێرێ و ڕێــگای دروســت و زانســتیی ئاژەڵدارییــان فێــر دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٧. سیاسەتی مڵکداریی زەویوزار بە چەشنێک ڕێک دەخا کە هەم قازانجی جووتیاران و هەم پێویستییەکانی پێشکەوتنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دابین بکرێن.

**ماددەی شازدەیەم: سۆسیالیزمی دێموکراتیک**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی بە سۆسیالیزمی دێموکراتێک هەیە و دەخوازێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرنامە و بەڕێوەبردنی وڵات لە دوارۆژی خۆیدا بە لەبەرچاوگرتنی بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک بنەماکانی کۆمەڵگەیەکی لە باری ئابوورییەوە ئازاد و پێشکەوتوو و، لە باری کۆمەڵایەتییەوە ئاسوودە و دادپەروەر بنیات بنێ. لەم کۆمەڵگەیەدا کە بایەخەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک پەیڕەو دەکرێن :

١. بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک ئامانجی سەرەکییە.

٢. جەوهەری دێموکراتیکی ئەم سیستمە لەوەدایە پێکهاتنی لە پرۆسەی ڕێفۆرمدا بە شێوازێکی دێموکراتیک و بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی نێو کۆمەڵگە دێتە دی.

٣. جەوهەری دادپەروەرانەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەوەدایە کە هەوڵ دەدرێ مەودای ئابووری و کۆمەڵایەتیی نێوان چینەکان کەم بکرێتەوە و یارمەتی بە دابینکردنی هاوسەنگییەکی ڕێژەیی لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بکرێ.

٤. سیستمی بازاڕی ئازاد لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دێموکراتیکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکــەوە چاودێــری دەکــرێ.
٥. سیاســەتی حکوومــەت لــە پێوەنــدی لەگــەڵ کەرتــی گشــتی و کەرتــی تایبەتــدا لــە ڕووی پێویســتیی خۆگونجانــدن لەگــەڵ هەلومەرجــی تایبەتیــی وڵات و ڕەچاوکردنــی قازانجــی نەتەوەیــی دیــاری دەکــرێ.

**ماددەی حەڤدەیەم: یەکسانیی ژن و پیاو**

١. حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتان بــە لەبەرچاوگرتنــی بەندەکانــی پەیمانــی نێونەتەوەیــی بــۆ نەهێشــتنی هــەر جــۆرە هەڵاواردنێــک بــەدژی ژنــان، دابینکردنــی یەکســانیی نێــوان ژن و پیــاو لــە نێــو خێــزان و لــە کۆمەڵــدا و، لــە مەیدانــی کار و دەســەڵات و بەگشــتی لــە هەمــوو بوارەکانــی ژیانــی سیاســی و کۆمەڵایەتــی و فەرهەنگــی و ئابووریــدا، بــە ئەرکێکــی گرینگــی خــۆی دادەنــێ و بەرنامــەی چڕوپــڕ لــەو پێوەندییــەدا دادەڕێــژێ و بەڕێــوەی دەبــا.
٢. کەلکوەرگرتــن لــە مێکانیزمەکانــی دیاریکردنــی ڕێــژەی تایبــەت لــە هەڵبژاردنــی پارلمانــدا و دیاریکردنــی ڕێژەیەکــی گونجــاو لــە پۆســتە بەڕێوەبەرییەکانــدا بــۆ ژنــان یەکێــک لــە ڕێگاکانــی گەیشــتن بــەو ئامانجــە دەبــێ.

**ماددەی هەژدەهەم: کۆمەڵگەی مەدەنی**

هەرێمــی کوردســتان گەشەســەندنی کۆمەڵگــەی مەدەنــی لــە کوردســتاندا وەک یەکێــک لــە ئامرازەکانــی پەرەپێــدان و چاودێریکردنــی حوکمڕانیــی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دروست لە هەر دوو بەستێنی بەشداریی سیاسی و گەشەسەندنی مرۆییدا چاو لێدەکا. هەر بۆیە کۆمەگ بە گەشەسەندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکا و لە بڵاوکردنەوەی فەرهەنگیکردن و نەهێشتنی هەموو چەشنەکانی دەمارگرژیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا پشتیان پێ دەبەستێ.

**ماددەی نۆزدەهەم: ژینگەپارێزی**

١. پارێزگاری لە سروشتی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

٢. پارێزگاریی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی حەیوانات بە تایبەتی حەیواناتی ڕاوی: باڵندە، پێڕۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە. هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرە و بەرەی حەیوانات پێشگیری بکرێ و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگای سنعەتی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا پێویستە ژینگە لە بەرچاو بگیرێ و دیمەنی سروشت تێک نەدرێ.

٣. حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواو بە پەرەپێدانی سنعەتی گەشت و گوزار دەدا و، بینا و شوێنەوارە کۆنەکان دەپارێزێ.

٤. حکوومەتی کوردستان لە هەموو پرۆژەیەکدا کە کاریگەریی لەسەر ژینگە هەبێ بە تایبەتی لە بواری گەشەکردن و وەبەرهێناندا لایەنی ژینگەپارێزی وەک پارامێترێکی بنەڕەتی لە بەرچاو دەگرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی شەشەم
# سیاسەت بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان

**ماددەی بیست: ڕوانگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە بەشەکانی دیکەی کوردستان**

حکوومەتی کوردستان :

١. گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێ، بە ئەندامی یەک نەتەوە دەناسێ.

٢. پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانیان دەکا.

٣. لەسەر بنەمای قانوونی، پەنای سیاسی بەو کوردانە دەدا کە بە هۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەوە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەونە بەر مەترسی و ناچار دەبن وڵاتەکەیان بەجێ بێڵن.

٤. لە بواری سیاسی و بازرگانی و فەرهەنگی و زانستیدا پێوەندیی ڕەسمی لەگەڵ ئەو بەشانەی کوردستان کە بە مافە نەتەوایەتییەکانیان گەیشتوون دادەمەزرێنێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕەوی نێوخۆی
# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

## فەسڵی یەکەم
## پێناسەی حیزب

**ماددەی یەکەم:**

**ناوی حیزب، "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ـە.**

**ماددەی دووهەم:**

حیزبی دێموکرات، حیزبێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و دێموکراتە کە نیشتمانپەروەران و ئازادیخوازانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانیدا لە ڕیزەکانی خۆیدا کۆ دەکاتەوە.

ناوی حیزب لە ئاستی نێو نەتەوەییدا بریتییە لە:

Democratic Parti of Iranian Kurdistan (pdki)

**ماددەی سێهەم:**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باوەڕی بە پلۆرالیزم و جیایی دین لە دەسەڵاتی سیاسی هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ماددەی چوارەم:**

ئارمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هاتووە لە:

بازنەیەک بە ڕەنگی شین، کە لە لای ڕاستیەوە گوڵەگەنمێکە بە ڕەنگی زەرد و لە لای چەپیەوە چەرخێکی سنعەتە بە ڕەنگی سپی کە حەوت دەندەی هەن و، ناوەندی بازنەکە خۆرێکی دە تیشکی و کێویێک بە ڕەنگی سەوزی تێدایە. لە خوارەوەی ئارمەکە و لە نێوان گوڵەگەنم و چەرخە سنعەتەکەدا، زەمینەیەکی سوور هەیە کە کتێبێکی سپیی تێدایە و لە خوارەوەی نووسراوە ١٣٢٤، کە ئاماژەیە بۆ ساڵی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

تێبینی: لە کار و تیکۆشانی حیزب لە ئاستی نێونەتەوەیی و دەرەکیدا لە جیاتی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی، ١٩٤٥ی میلادی دادەنرێ و لە ژێر ئارمەکەش دەنووسرێ (PDKI).

## فەسڵی دووهەم
## ئەندامەتیی حیزب

**ماددەی پێنجەم: مەرجەکانی بوون بە ئەندام**

هەموو هاونیشتمانێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر ناوچەیەکی دیکەی ئێران دەتوانێ ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەرجێک:

١. تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسەند بکا.

٣. مرۆڤێکی خۆشناو و وڵاتپارێز بێ.

**ماددەی شەشەم: شێوەی وەرگرتنی ئەندام**

بۆ ئەوەی کەسێک بە ئەندام وەربگیرێ پێویستە:

١. دوو ئەندامی حیزب بیناسێنن.

٢. لانیکەم شەش مانگ لەژێر تاقیکردنەوەدا بێ.

٣. ئەندامی حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی دیکەی کورد و ئێرانی نەبێ.

٤. لە ئۆرگانێکی تەشکیلاتیدا تێبکۆشێ.

تێبینی: کوردەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات (ئوروووپا، ئەمریکا و...) کە ئەندامی حیزبن دەتوانن ئەندامی حیزب و ڕێکخراوە پێشکەوتنخواز و دێموکراتیکەکانی ئەو وڵاتانە بن، بە مەرجێک ئامانجی ئەو حیزبە لەگەڵ پرەنسیپ و پەسندکراوەکانی حیزب ناتەبا نەبن.

## فەسڵی سێهەم
## ئەرک و مافەکانی ئەندام

**ماددەی حەوتەم: ئەرکەکانی ئەندامی حیزب**

ئەرکی ئەندامی حیزبە کە:

١. بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی حیزب کە لە بەرنامەدا هاتوون تێبکۆشێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٢. بۆ پاراستنی یەکیەتیی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزب هەوڵ بدا.

٣. بەپێی پێڕەوی نێوخۆ پەیڕەوی دیسیپلینی حیزبی بێ.

٤. لە یەکێک لە ڕێکخراوەکانی حیزبدا تێبکۆشێ و لە کۆبوونەوە پێوەندیدارەکانیدا بەشدار بێ.

٥. نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ.

٦. هەوڵ بدا ئاستی زانیاری و سیاسیی خۆی بەرێتە سەرێ.

٧. سیاسەتی حیزب بەرێتە نێو کۆمەڵانی خەڵک و پێوەندی لەگەڵ ئەوان بەهێز بکا و لە بیروڕا و ئەزموونی ئەوان کەلک وەربگرێ.

٨. هەقی ئەندامەتی بدا.

٩. بریارە حیزبی و ڕێکخراوەییەکان بەڕێوە بەرێ و ڕاپۆرت بە ئۆرگانی پێوەندیدار بداتەوە.

تێبینی: ئەو کەسانەی پشتیوانی لە سیاسەتی حیزب دەکەن بەڵام ئەرکەکانی ئەندامی حیزب بە جێ ناگەیەنن، بە لایەنگری تەشکیلاتیی حیزب دەناسرێن.

**ماددەی هەشتەم: مافەکانی ئەندامی حیزب**

ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە :

١. بە ئەندام یان بەرپرسی هەرکام لە ئۆرگانەکانی حیزب هەڵبژێردرێ یان دیاری بکرێ.

٢. لە نێوخۆی حیزبدا دەتوانێ لە کۆبوونەوەی پێوەندیداردا ڕاشکاوانە ڕەخنە لە هەموو ئەندامێک یان ئۆرگانێک بگرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. لـە ڕێـگای تەشـکیلاتییەوە ڕەخنـە، پێشـنیار، پرسـیار و بیـروڕای خـۆی ئاراسـتەی هـەر ئۆرگانێکـی حیـزب بـکا و وەڵام وەربگرێتـەوە.

٤. لــە نێوخــۆی حیزبــدا سیاســەتی حیــزب بخاتــە ژێــر پرســیار و پێشــنیاری گۆڕینــی بــکا.

٥. لــە هــەر ئۆرگانێــک لــە لای ئۆرگانــی ســەرەوەتر شــکایەت بــکا و وەڵام وەربگرێتــەوە.

٦. لــە هــەر کۆبوونەوەیەکــی ئۆرگانــی خۆیــدا کــە تێکۆشــانی حیزبــی و سیاســیی ئــەو هەڵســەنگێنێ و بیهــەوێ بڕیــاری لەســەر بــدا، بەشــدار بــێ.

٧. مافـی هەڵبـژاردن و هەڵبژێرانـی بەپێـی مـەرج و ڕێوشـوێنە دیاریکراوەکان دەبێ.

**ماددەی نۆهەم: دیسیپلینی ئەندام**

١. ئـەو ئەندامانـەی ئەرکـی خۆیـان بەجـێ ناگەیەنـن یـان بەپێچەوانـەی پێـڕەوی نێوخـۆی حیـزب دەجووڵێنـەوە یـان کردەوەیـەک ئەنجـام دەدەن کـە زیـان بـە ئێعتیبـار و سـامانی مـاددی و مەعنەویـی حیـزب دەگەیەنـێ، بەپێــی ڕادەی ســەرپێچییەکەیان ســزا دەدرێــن. ســزای حیزبــی بریتییــە لــە:

- سەرکۆنە بە دەم
- سەرکۆنە بە نووسراو
- ئەستاندنەوەی لێپرسراوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- هەڵپەساردن
- وەرگرتنەوەی مافی ئەندامەتیی حیزب.

٢. سزای حیزبی لە لایەن ڕێکخراوی حیزبیی هەر ئەندامێکەوە بە زۆرینەی دەنگ دیاری دەکرێ.

٣. مەبەست لە سزای حیزبی، ڕێنوێنیی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدرێ کە ڕێگای دیکە وەک ڕەخنە و ئامۆژگاری لە چاککردنی ئاکاری ئەودا کاریگەر نەبووبێ.

٤. ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێداچوونەوە بکا و دەتوانێ ئەو داوایە بۆ کۆنگرەش بنێرێ.

٥. درێژترین ماوەی هەڵپەساردن ساڵێکە. ئەندامی هەڵپەسێردراو پاش ماوەی هەڵپەساردن ڕابردووی حیزبیی بۆ لە بەرچاو دەگیرێ و بە گوێرەی نەزەری ئۆرگانی خۆی ئەرکی بۆ دیاری دەکرێ.

٦. بۆ هاندانی ئەندامانی حیزب و هەروەها ڕێزگرتن لە کار و تێکۆشانی ئەندامی چالاک ، و بۆ باشتر بەڕێوەچوونی دیسیپلینی حیزبی پێویستە جیا لە بوونی سزا بۆ ئەندام، تەشویق و هاندانیش هەبێ. بەو پێیە پێویستە ئۆرگانە پێوەندیدارەکان ڕێزلێنان و تەشویقی ئەندامانی چالاک و سەرکەوتوو بەڕێوە ببەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فەسڵی چوارەم
# پێکهاتەی ڕێکخراوەیی حیزب

**ماددەی دەهەم: بنەمای قەوارە و کاری ئۆرگانەکانی حیزب**

١. ئەسڵە بنەڕەتییەکانی دارِشتنی قەوارەی حیزب ئەمانەی خوارەوەن:

- هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لە خوارێڕا بۆ سەرێ هەڵدەبژێردرێن.
- ئۆرگانەکانی حیزب بە ڕێکوپێکی ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کە هەڵیانبژاردوون و هەم بە ئۆرگانی سەرەوەتر دەدەنەوە.
- بڕیاری ئۆرگانی سەرەوەتر لە لایەن ئۆرگانی خوارەوەترەوە جێبەجێ دەکرێ.
- لە نێو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامان بەبێ جیاوازی یەک دیسیپلین هەیە.
- لە ئۆرگانەکانی حیزبدا بڕیار بە شێوەی بەکۆمەڵ و بە زۆرینەی دەنگ دەدرێ.
- تاکپەرستی و سەرەڕۆیی لە هیچ پلەیەکی تەشکیلاتیدا ڕێگای پێ نادرێ و لێپرسینەوەی لەسەر دەکرێ.
- زانیاریی پێویست سەبارەت بە ئاڵوگۆڕ و پرسەکانی بواری تەشکیلات، پێوەندییەکان و مەسەلە سیاسییەکان، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە نێو حیزبدا بڵاو دەکرێتەوە.
-هاوسەنگیی نێوان مافی ئەندام و ئۆرگان بە شێوەیەک ڕێک دەخرێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کـە نـە داهێنـان و ئازادیـی تـاک پێشـێل بکـرێ و نـە چوارچێـوەی ئـۆرگان تێـک بـدرێ.

**ماددەی یازدەهەم: ڕێکخراوەکانی حیزب**

١. بناغـەی ڕێکخـراوی حیـزب شـانەیە. ژمـارەی ئەندامانـی شـانە نابـێ لـە سـێ کـەس کەمـتر بـێ.

٢. ڕێکخراوەکانـی حیـزب بـە هـۆی کومیتـەی دێ، گـەڕەک، شـار، ناوچـە، شارسـتان و ناوەنـدەوە بەڕێـوە دەبرێـن.

٣. ئەرکـی شـانە و کومیتـەکان بردنـی سیاسـەتی حیـزب بـۆ نێـو کۆمەڵانـی خەڵـک و جێبەجێکردنـی بڕیارەکانـی کومیتـەی ناوەنـدی و ئۆرگانـە بەرپرسـەکانی پێوەندیـدار و بەڕێوەبردنـی کاروبـاری حیزبییـە.

٤. کومیتـەی هـەر ڕێکخراوێـک لـە لایـەن ئەندامانـی ئـەو ڕێکخـراوە یـان نوێنەرانـی ئەوانـەوە هەڵدەبژێـردرێ.

٥. بەرزتریـن ئۆرگانـی هـەر ڕێکخراوێـک کۆنفڕانسـی ئـەو ڕێکخراوەیـە کـە هـەر دوو سـاڵ جارێـک لـە ئەندامانـی حیزبیـی ئـەو ڕێکخـراوە یـان نوێنەرانیـان پێـک دێ.

٦. ڕێکخراوەکانـی حیـزب لـە مەڵبەنـدی چالاکیـی خۆیانـدا دەتوانـن بەرنامـە و پلانـی کاری تایبـەت بـە خۆیـان دابڕێـژن.

تێبینی:

- لـە هەلومەرجـی تایبەتیـدا کومیتـەی ناوەنـدی دەتوانـێ شـێوەی گونجـاوی دیکـە بـۆ ڕێکخـراوی حیـزب پەسـند بـکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ڕێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی کوردستان بە گوێرەی ئاییننامەیەکی تایبەت و گونجاو کە بە پەسندی کومیتەی ناوەندی دەگا، بەڕێوە دەچن.

- ڕێکخراوە سینفی و تایبەتییەکانی گرێدراو بە حیزبەوە بەشێکن لە قەوارەی کاری ڕێکخراوەیی حیزب کە بە پێی ئاییننامەیەکی تایبەت بەو ڕێکخراوانە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە شێوازی کارکردنیان لە تەنیشت حیزب بۆ دەست نیشان دەکرێ.

## فەسڵی پێنجەم
## ئۆرگانەکانی بەڕێوەبەریی حیزب

**ماددەی دوازدەهەم: کۆنگرەی حیزب**

-کۆنگرە بەرزترین ئۆرگانی حیزبە.

-کۆنگرە بە دوو ساڵ جارێک لە ئەندامانی ئەسلی و جێگرانی کومیتەی ناوەندی و نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکانی کادر و ئەندامانی حیزب پێک دێ.

-لە کونگرەدا ڕێژەی ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنفرانسەکان دەبێ زیاتر بێت لە ڕێژەی ئەو ئەندامانە کە ڕاستەوخۆ بە مافی دەنگدانەوە لە کۆنگرە ئامادە دەبن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئەرک و سەڵاحییەتی کۆنگرە:**

- ڕێبازی سیاسی و ستراتیژیی حیزب دیاری دەکا.

- ڕاپۆرتـــی کومیتــەی ناوەنــدی هەڵدەســەنگێنێ و دوای دەســتکاریی پێویســت و گونجاندنــی نــەزەری بەشــدارانی کۆنگــرە پەســندی دەکا.

- بەرنامــە و پێــرەوی نێوخــۆی حیــزب پەســند دەکا و ئــەو بابەتانــەی بــە پێویســت زانــران دەســتکارییان دەکا.

- ئەندامانــی ئەســڵی و جێگــری کومیتــەی ناوەنــدی لەنێــو ئەندامانــی کونگــرەدا هەڵدەبژێــرێ.

تێبینی:

- کومیتــەی ناوەنــدی مافــی ئــەوەی هەیــە بــە ڕادەی یــەک لەچــواری ئەندامانــی ئەســڵیی خــۆی لــە ئەندامانــی حیــزب ڕاســتەوخۆ بــە مافــی دەنگدانــەوە لــە کونگــرە بەشــدار بــکا.

- ئــەو کەســانەی لــەو مافــەی کومیتــەی ناوەنــدی کەلــک وەردەگــرن نابــێ بەشــداریی هەڵبژاردنــی هیــچ کام لــە کونفڕانســەکانی ئامــادەکاری کونگــرە بکــەن.

- ڕێــژەی نوێنەرایەتیــی هــەر ڕێکخراوێکــی حیزبــی بــۆ کونگــرە بەپێــی ژمــارەی ئەندامانــی ئــەو ڕێکخــراوە دیــاری دەکــرێ، بــە مەرجێــک لانــی کــەم دوولەسەرسـێی ئەندامانــی ئــەو ڕێکخــراوە لــە کۆنفرانــس بــۆ کونگــرەدا بەشــدار بــن. بەپێچەوانــەی ئــەوە، ژمــاری ئامادەبووانــی کونفڕانســەکە بــۆ ڕێــژەی نوێنەرایەتــی دەکرێتــە بنەمــا.

- ڕێبەریــی هەڵبژێــردراوی کۆنگــرە لــە یەکــەم کۆبوونــەوەی خۆیــدا یەکێــک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لـە ئەندامانـی خـۆی بـە سـکرتێر هەڵدەبژێـرێ و بـە بەشـدارانی کونگـرەی دەناسـێنێ.

**پێوەر بۆخۆ پاڵاوتنی ئەندامانی ڕێبەری**

کەسانێک دەتوانن ببنە ئەندام یان جیگری ڕێبەری (کومیتەی ناوەندی)

- پێنـج سـاڵ ڕابـردووی ئەندامەتیـی چالاکانەیـان لـە ڕێکخراوەکانـی حیزبـدا هەبـێ.

- توانای لێکدانەوەی بابەتە سیاسییەکان و دەربرین و نووسینی هەبێ.

- توانای بەڕێوەبردنی ئۆرگانێکی سەربەخۆی حیزبی هەبێ.

- ئامادەی وەرگرتنی بەرپرسایەتی بێ.

**ماددەی سێزدەهەم: ئەرک و سەڵاحییەتی کومیتەی ناوەندی**

- لـە مـاوەی نێـوان دوو کۆنگـرەدا کومیتـەی ناوەنـدی بەرزتریـن ئۆرگانـی حیزبـە و کاروبـاری حیـزب بەڕێـوە دەبـا.

- ئەرک و دەسەڵاتی کومیتەی ناوەندی بەم جۆرەیە :

- سـکرتێری گشـتیی حیـزب، دەسـتەی کارگێـڕی و جێگـری سـکرتێر هەڵدەبژێـرێ.

- بەرپرسـی چاودێـری و بڕیـاردان لەسـەر سیاسـەتی گشـتیی حیـزب لـە چوارچێـوەی پەسـەندکراوەکانی کۆنگرەدایـە.

- بەرپرسـی گشـتیی داهـات و دەرکەوتـی حیزبـە و ڕادەی هەقـی ئەندامەتیـی ئەندامانـی حیـزب دیـاری دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لانیکـەم سـاڵی چـوار جـار کـۆ دەبێتـەوە. ئەندامانـی جێگـر لـە کۆبوونەوەکانـی کومیتـەی ناوەندیـدا بەشـدار دەبـن و دەنگـی مەشـوەرەتییان هەیـە.

- ڕێوشـوێنی پێویسـت و گونجـاو بـۆ پێکهێنانـی کۆنگـرە و شـێوەی هەڵبژاردنـی کومیتـەی ناوەنـدی پەسـند دەکا.

- بەرپرسـە لـە پەسـندکردنی شـێوازی بەسـتنی هاوپەیمانـی یـان هـاوکاری لەگـەڵ حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکان.

- بەرپرسـە لـە دابەشـکردنی کار بـە سـەر ئەندامانـی کومیتـەی ناوەندیـدا و هەرلـەو کاتـەدا بەرپرسـە لـە لێپرسـێنەوە لـە ئەندامانـی کۆمیتـەی ناوەندی.

- بەرپرسـە لـە دارشـتنی ئاییننامـە بـۆ ئۆرگانەکانـی حیـزب و چاوەدێـری بەسـەر چۆنیەتیـی بەڕێوەچونیانـدا.

- پێکهێنـان یـان هەڵوەشـاندنەوەی هـەر ئۆرگانیـک بـە پێشـنیاری دەسـتەی کارگێـری و پەسـندی کومیتـەی ناوەنـدی دەبـێ.

- کۆبوونەوەکانـی کومیتـەی ناوەنـدی بـە بەشـداریی لانیکـەم دوو لـە سـێی ئەندامانـی ئەسـڵی فەرمـی دەبـن.

- بڕیارەکانـی کۆبوونـەوەی کومیتـەی ناوەنـدی وەختێـک قەتعـی دەبـن کـە زیاتـر لـە نیـوەی هەمـوو ئەندامانـی ئەسـڵی، یـان دوو لـە سـێی ئەندامانـی ئەسـڵیی بەشـدار لـە کۆبوونەوەکـەدا دەنگیـان پـێ بـدرێ.

- کومیتـەی ناوەنـدی ئەرکـی لێپرسـینەوە لـە کارەکانـی سـکرتێری گشـتی و دەسـتەی کارگێریـی لـە ئەسـتۆیە.

- لـە حاڵەتێکـدا کـە تەرمیمـی کومیتـەی ناوەنـدی پێویسـت بـێ، ئـەو کارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بـە هەڵبژاردنـی یـەک یـان چەنـد جێگـر بـە ئەندامـی ئەسـڵیی کومیتـەی ناوەنـدی ئەنجـام دەدرێ.

- ئەگـەر ئەندامێکـی ڕێبـەری هەڵەیـەک یـان کاریکـی وای کـرد کـە زەربـە لـە پرسـتیژی حیـزب و ڕێبـەری بـدا، کومیتـەی ناوەنـدی مافی ئەسـتاندنەوەی عینوانـی ڕێبـەری لـەو کەسـەی هەیـە.

**ماددەی چواردەهەم: کۆنفرانسی گشتیی حیزب**

١. کۆنفرانسی گشتیی حیزب لە کاتێکدا دەبەسترێ کە:

- دەرەتانی بەستنی کۆنگرە نەبێ.

- گیروگرفتێکـی وا هاتبێتـە پێـش کـە کومیتـەی ناوەنـدی نەتوانـێ چارەسـەری بـکا.

٢. لـە هەلومەرجێکـی ئەوتـۆدا کۆنفرانـس سـەڵاحییەتی کۆنگـرەی هەیـە.

٣. ڕێـکاری بەسـتنی کونفرانسـی گشـتیی حیـزب کومیتـەی ناونـدەی دیاریـی دەکا.

٤. کۆنفرانـس لـە ئەندامانـی ئەسـڵی، جێگرانـی کومیتـەی ناوەنـدی و نوێنەرانـی ناوەنـدەکان پێـک دێ.

٥. ڕادەی نوێنـەران بـۆ کونفرانسـی گشـتی حیـزب لـە لایـەن کومیتـەی ناوەندییـەوە دیـاری دەکـرێ، بـە مەرجێـک ژمـارەی نوێنەرانـی هەڵبژێـراو لـە ژمـارەی ئەندامانـی ئەسـڵی و جێگـر و ئەوانـەی ڕاسـتەوخۆ بـە مافـی دەنگدانـەوە بەشـداری کونفرانـس دەبـن، زیاتـر بـێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ماددەی پازدەهەم: دەستەی کارگێری**

دەستەی کارگێری:

١. دەستەی کارگێریی حیزب لە سکرتێری گشتی و ژمارەیەک ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک دێ کە کومیتەی ناوەندی بڕیاری لەسەر دەدا و هەڵیاندەبژێرێ.

٢. ڕادەی ئەندامانی دەستەی کارگێری لە لایەن سکرتیری گشتیی حیزبەوە بە کومیتەی ناوەندی پێشنیار دەکرێ و دەنگی بۆ وەردەگیرێ. لەگەڵ ڕەدکرانەوەی هەرکام لە بەربژێرە پێشنیارکراوەکان، سکرتیر مافی ئەوەی هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستە کارییە کەسی دیکە بۆ پەسندکردن بە کومیتەی ناوەندی بناسێنێ.

٣. ئەرکەکانی دەستەی کارگێڕی ئەمانەی خوارەوەن :

- لە ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا بەرپرسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیی حیزبە.

- لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتیی حیزبدا هەڵوێست و ڕوانگەکانی حیزب دیاری دەکا و ڕایاندەگەیەنێ.

- کاروباری ناوەندەکان لە کۆبوونەوەکانی خۆیدا تاوتوێ دەکا و بڕیاری پێویستیان لەسەر دەدا.

- کۆبوونەوەکانی خۆی بەپێی پێویست پێک دێنێ و ڕاپۆرتی تێکۆشانی خۆی دەداتەوە بە کومیتەی ناوەندی.

- پێکهێنان یان هەڵوەشاندنەوەی ئۆرگانێک بە پێشنیاری دەستەی کارگێری و پەسندی کومیتەی ناوەندی دەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

-دەستەی کارگێری بەرپرسی ئیدارە، ئەموالی گواستراوە و نەگواستراوەی حیزبە و بەپێی ئاییننامەیەک کە بە پەسندی کومیتەی ناوەندی دەگا، ڕێکارەکانی ئەو ئیدارەیە دیاری دەکرێن.

تێبینی:

١. کەسانێک دەتوانن بۆ ئەندامەتیی دەستەی کارگێری لە لایەن سکرتێری گشتییەوە بە کومیتەی ناوەندی پێشنیار بکرێن و دەنگی متمانەیان بۆ وەربگیرێ کە:

- لانی کەم دوو دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووبێت.

- توانای بەڕێوەبردنی ئۆرگانێکی حیزبییان هەبێ.

- شارەزای بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب بن و توانای لێکدانەوەی پرسە سیاسییەکانیان هەبێ.

٢. ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە هەموو حیزبەوە هەیە دەبێ لە کومیتەی ناوەندیدا باسیان لێ بکرێ و بڕیاریان لەسەر بدرێ.

٣. هەر بڕیارێک پێوەندیی بە هەر ناوەندێکەوە هەبێت، پێویستە بە بەشداریی بەرپرسی ئەو ناوەندە بێتە بەر باس و پەسەند بکرێ.

**ماددەی شازدەهەم: سکرتێری گشتیی حیزب**

کەسێک دەتوانی ببێتە سکرتێری گشتیی حیزب کە:

- دوو دەورە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، یان سێ دەورە ئەندامی کومیتەی ناوەندی بووبێ.

- توانای دەربڕینی سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- باوەڕی بە کاری بەکۆمەڵ هەبێ.
- لەکاتی پێویستدا توانای بریاردانی هەبێ.

**١. ئەرکەکانی سکرتێری گشتیی حیزب :**

- وتەبێــژی ڕەســمیی حیــزب بــە ڕووی دەرەوەی حیزبدایــە و هەرلــەو کاتــەدا دەتوانــێ بــە پەســندی دەســتەی کارگێــری کەســێک وەک وتەبێــژی ڕەســمیی حیــزب بناســێنێ.
- بەرپرسی گشتیی پێوەندییەکانی حیزبە.
- هەماهەنگــی لــە نێــوان ئــۆرگان و ناوەندەکانــی بەڕێوەبەریــی حیزبــدا پێــک دێنــێ.
- هەوڵی پاراستنی یەکیەتیی تەشکیلاتیی ڕیزەکانی حیزب دەدا.

٢. سـکرتێری گشـتی بـە هاوکاریـی جێگـری سـکرتێر ئەرکەکانـی بەڕێـوە دەبـا و لــە غیابــی ســکرتێری گشــتیدا، جێگــری ســکرتێر ئەرکــەکان جێبەجــێ دەکا.

**ماددەی حەڤدەیەم: ئۆرگانی توێژینەوە و پلاندانانی سیاسی**

١. ئۆرگانێکــی توێژینــەوە و پلاندانــان لــە ئەندامانــی کومیتــەی ناوەنــدی و کەســانی شــارەزا لــە سیاســەتەکانی حیــزب پێکــدێ.
- بەرپرسی ئەو ئۆرگانە ئەندامی دەستەی کارگێڕییە.

٢. ئەرک و سەڵاحییەتی ئەو ئۆرگانە بە شێوەی خوارەوەیە:

- زانیــاری لەســەر ئاڵوگۆڕەکانــی جیهــان، ناوچــە، ئێــران و کوردســتان کــۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەکاتـەوە و دوای خوێندنـەوە و لێکدانـەوەی بابـەت و ڕووداوەکان شـێوازی تێڕوانیـن و هەڵوێسـتی حیـزب دەدا بـە ڕێبەریـی حیـزب. هەمـوو بابەتـە پێشـنیارکراوەکانی ئـەو ئۆرگانـە بـە ڕێبەریـی حیـزب لـە چوارچێـوەی پەسـندکراوەکانی کونگـرەدا دەبـن.

- بـۆ بۆنـە و بابەتـی تایبەتـی کـە پێویسـتە حیـزب هەڵویسـتی لەسـەریان هەبێـت، ئـەو ئۆرگانـە بابەتەکـە لەگـەڵ دەسـتەی کارگێـری تاوتـوێ دەکا و ئەگـەر بـە پێویسـت زانـرا ڕێبەریـی حیـزب بەیاننامـە یـان ڕاگەیاندنـی ڕەسـمیی لەسـەر بـڵاو دەکاتـەوە.

- ئاییننامـەی کاری ئـۆرگان و ناوەندەکانـی حیـزب بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ ئۆرگانـەکان تاوتـۆی دەکا و بـۆ پەسـندکردن دەیانداتـە ڕێبەریـی حیـزب.

- بـە پلانـی کاری ناوەندەکانـی بەڕێوەبـەری و ئۆرگانەکانـی حیزبـدا دەچێتـەوە و نەزەراتـی خـۆی دەداتـەوە بـە ڕێبەریـی حیـزب.

- هەڵسـەنگاندنی خـۆی لەسـەر سیاسـەتی تەبلیغاتـی و ڕاگەیاندنـی حیـزب دەداتـە ڕێبـەریێ.

**ماددەی هەژدەهەم: ناوەندەکانی کاریی حیزب**

١. ناوەندەکانـی کاریـی حیـزب بەپێـی لێکدانـەوە و پەسـەندی کومیتـەی ناوەنـدی دیـاری دەکرێـن.

٢. ئـەم ناوەندانـە بەپێـی سـتراتێژیی درێژخایـەن و پلانـی کاری سـاڵانە و چەنـد سـاڵەی خۆیـان کـە لـە کومیتـەی ناوەندیـدا دەنگیـان بـۆ وەردەگیـرێ، کار دەکـەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٣. هەر یەک لەم ناوەندانە لە چوارچێوەی ئاییننامەیەکدا لە بەجێگەیاندنی ستراتێژی و پلانی کار و بڕیاری ڕۆژانە لە کاری خۆیاندا سەربەخۆن.

## فەسڵی شەشەم
## داهاتی حیزب

**ماددەی نۆزدەهەم: سەرچاوەی داهاتی حیزب**

داهاتی حیزب بریتییە لە:

١. هەقی ئەندامەتیی ئەندامانی حیزب.

٢. یارمەتیی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزب.

٣. دەسکەوتی پرۆژە و وەبەرهێنان.

٤. ئابوونەی ڕێکخراوەکانی حیزب.

## فەسڵی حەوتەم
## چەند پرەنسیپی گشتی

- سیستمی کار و چالاکی و کۆبوونەوە و کۆنفرانسەکانی حیزب بە شێوەی سیستم و بە بەرنامە و پلانی نووسراوەوە بەڕێوە دەچێ. هەموو تەشکیلات و ئۆرگان و تیمەکانی کاریی حیزب پرۆگرام و پلانی کاریی خۆیان دەبێ و جێبەجێی دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- بـە مەبەسـتی بایەخـدان بـە ڕۆڵـی ژنـان لـە ڕیزەکانـی حیزبـدا، دەبـێ گرنگییەکـی زۆر بـە پـەروەردە و پێگەیاندنیـان بـدرێ بـۆ ئـەوەی دەرەتانـی تواناسـازیی پێویسـتیان بـۆ بەڕێوەبردنـی کار لـە بەشـە جۆراوجۆرەکانـی تێکۆشـانی حیزبـدا بـۆ بڕەخسـێندرێ. هەروەهـا دەبـێ مێکانیزمـی گونجـاو بـە مەبەسـتی بەشـداریی ژنـان لـە ڕێبەرایەتیـی حیـزب و ئۆرگانـە بەڕێوەبەرییەکانـی دیکـەی حیزبـدا لـە بەرچـاو بگیـرێ و لـە پرەنسـیپی "هەڵاواردنـی پۆزەتیڤ"یـش کەلـک وەربگیـرێ.

- لـە نێـو حیزبـدا وێـڕای گرینگیـدان بـە کەسـایەتیی ئەندامانـی حیـزب و ڕێزگرتـن لـە مافەکانیـان، پاراسـتنی دیسـیپلین و ئینسـیجام ئەرکـی هەمـوو لایەکـە و هـەر چەشـنە کردەوەیـەک کـە زیـان بـە یەکیەتیـی تەشـکیلاتی و نەزمـی نێوخۆیـی بگەیەنـێ، لـە هەرکـەس ڕوو بـدا و لـە هـەر پلەیەکـی تەشـکیلاتیدا بـێ، لێپرسـینەوەی لەگـەڵ دەکـرێ.

***



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان

# ڕاسپاردە و بڕیارنامەی
# کۆنگرەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١) بــە ســەرنجدان بــەوەی ناوەنــدی ســەرەکیی تێکۆشــانی حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان و ئێرانــە، حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــە گرینگیدانــی تایبەتــەوە لە پرســە سیاســی و کۆمەڵایەتییەکانــی کۆمەڵگــەی ئێــران و ڕۆژهەڵاتــی کوردســتان دەڕوانێــت و خوێندنــەوە و بڕیــاری بۆیــان دەبێــت.

٢) حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران پێکهێنانــی نیزامێکــی دێموکراتیک و فێدراڵــی بــۆ چارەســەری پرســی نەتەوایەتــی لــە ئێــران بــە چارەســەرێکی گونجــاو دەبینــێ. لەگــەڵ ئەوەشــدا لــە ئەگــەری حاشــاکردن لــە مافــە سیاســی و نەتەوەییەکانــی نەتــەوە بندەســتە و پەراوێزخراوەکانــی ئێــران ئــەو مافــە بــۆ نەتەوەکانــی ئێــران بــە ڕەوا دەبینــێ کــە بــۆ وەدەســتهێنان و دەســتەبەری ئــەو مافانــە لــە هــەر فۆڕمێکــدا هەمــوو شــێوەیەکی ڕەوای خەبــات بــۆ گەیشــتن بــە ئامانجــە بەرحــەق و ڕەواکانیــان بگرنــە بــەر.

٣) حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــۆ گشــتگیرکردن و بەڕۆژکردنــی گوتــاری نەتەوەیــی و شوناســخوازی لــە کوردســتانی ئێــران کەلــک لــە هەمــوو بەســتێن و شــێوازەکانی خەبــات وەردەگــرێ و هــەوڵ دەدا ڕۆڵــی دیاریکــەری خــۆی وەک حیزبــی پێشــەنگی خەباتــی نەتەوایەتیــی کــورد لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتاندا بگێــڕێ. حیزبــی دێموکــرات وێــڕای پێداگــری لەســەر پاراســتن و قووڵکردنــەوەی جەوهــەری وتــاری نەتەوایەتــی و لەمێژینــەی خــۆی، پێویســتە ئــەم گوتــارە بــە چەشــنێک گشــتگیر بــکا

هەمـوو جۆراوجـۆری و فرەچەشـنییەکانی نێـو کۆمەڵگـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان خۆیانـی تێـدا ببیننـەوە و لـە دەوری کـۆ ببنـەوە.

٤) تەشـکیلاتی حیزبمـان چ لـە نێوخـۆ و چ لـە دەرەوەی وڵات بـە گرتنەبـەری ڕێوشـوێن و ڕێـکاری گونجـاوی بەکـردەوە پێویسـتە پێگـەی جەماوەریـی حیـزب فراوانـتر بکاتـەوە، وێژمانـی سیاسـیی حیـزب بباتـە نێـو کۆڕوکۆمەڵە سیاسـییەکان و بـۆ ڕاکێشـانی کەسـایەتییە شـوێندانەرەکان زیاتـر تـێ بکۆشـێ.

٥) حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران پێـی وایـە گرینگتریـن پرسـی ئێـران لـە کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـدا تەنیـا پرسـی ناوکـی و مووشـەکیی کۆمـاری ئیسـلامی نییـە، بەڵکـوو خـودی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران و سیاسـەتەکانی ئـەم ڕێژیمـە بـۆ پەرەپێـدان بـە تێرۆریزمـی دەوڵەتـی، پێشـێلکردنی سیسـتماتیکی مافەکانـی مـرۆڤ لـە نێوخـۆی وڵات و نانـەوەی بشـیوی، قەیـران و ناسـەقامگیری لـە ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتە. بۆیـە لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی هەمـوو زەرفییەتەکانـی دێپلۆماسـیی خـۆی هـەوڵ دەدا سـەرنجی ناوەنـدە بڕیـاردەرە نێودەوڵەتییـەکان و وڵاتانـی پێشـکەوتووی دنیـا بـۆ ئـەو بابەتـە ڕابکێشـێ کـە جگە لـە مەیدانی کێشـەی ناوکـی و ئاشـتیی جیهانیـدا و نەحاواوەبوونـی ئـەم ڕێژیمـە لـە چوارچێوەی نەزمـی جیهانیـدا، لـە گۆڕەپانـی پێشـێلکرانی مافـی مرۆڤیشـدا ڕووبـەڕووی کۆمـاری ئیسـلامی ببنـەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

٦) جیا لـە بێمافیـی سیاسـی و نەتەوەیـی بـۆ نەتـەوە بندەسـتە و پەراوێزخـراوەکان، هـەژاری، بێـکاری، ئاوسـانی ئابـووری، لەکەمیدانـی توانـای کڕینـی خەڵـک، دابەزینـی بایەخـی دراوی وڵات، گەندەڵیـی سیسـتماتیک، قەیرانـی ژینگـە و کۆمەڵـە قەیـران لـە کەرتەکانـی پیشەسـازی و نیزامـی بانکـی و هەرەسـهێنانی وەبەرهێنانـی نێوخۆیـی لـە سـەرەکیترین کێشـەکانی خەڵـک و کۆمەڵگـەی ئێرانـن. حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان سـەرچاوەی هەمـوو ئـەو کێشـە و قەیرانگەلـە لەسـۆنگەی سیاسـەتەکانی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسـلامییەوە دەزانێـت و لەقاویـان دەدات.

٧) زۆرینـەی خەڵکـی ئێـران بەگشـتی و کوردسـتان بـە تایبەتـی لـە هەڵبژاردنەکانـی چەنـد سـاڵی ڕابـردوودا بـە سیاسـەتی بایکۆتـی چـالاک و نەچوونـە سـەر سندووقەکانی دەنگدان دوو پەیامـی گرینگـی خۆیـان بـە ڕاشـکاوی ڕاگەیانـدەوە: ”نـا بـە کۆمـاری ئیسـلامی“ و ”بەڵـی بـۆ گۆڕانـی بنەڕەتـی“. حیزبـی دێموکـرات لـە هەمـوو مەیدانەکانـی خەباتـی سیاسـی، دیپلۆماسـی، مێدیایـی و تەشـکیلاتیی خۆیـدا تواناکانـی خـۆی لەسـەر تێکۆشـان بـۆ بەدیهێنانـی ئـەم دوو ئامانجـە دادەنێـت.

٨) حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتان لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە سـەرەڕای بێزاریـی خەڵـک لـە کۆمـاری ئیسـلامی و هاتنەژێـر پرسـیاری مەشروعییەتـی ئـەو ڕێژیمـە و، هەروەهـا خەباتـی سیاسـی، مەدەنی، جەمـاوەری و شـێلگیرانەی خەڵـک لـە نێوخـۆی وڵات، بـەڵام نەبوونـی ئاڵترناتیـو یـەک لـە هـۆکارە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سـەرەکییەکانی مانـەوەی ڕێژیـم و خاڵـی هـەرە لاوازی ئۆپۆزیسـیۆنە. بۆیـە پـێ لەسـەر پێویسـتیی یەکگرتوویـی خەڵـک و هێـزە سیاسـییە ئازادیخـواز و دێموکراتـەکان بـۆ پێکهێنانـی بەدیلێکـی دێموکراتیـک کـە جێـگای بـڕوای خەڵکـی ئێـران و کۆمەڵگـەی جیهانـی بێـت، دادەگرینـەوە.

٩) کۆمـاری ئیسـلامی لەڕێگـەی دروسـتکردنی کەلێنـی نەتەوەیـی، ئایینـی و ئایینزایـی و سەردەسـتکردنی نەتـەوە و ئایینزایـەک بەسـەر جۆراوجۆرییـە ئایینییەکانـی دیکـەدا و، هەروەهـا جاڕدانـی لەبەریەکهەڵوەشـان و شـەڕی نێوخۆیـی لـە ئەگـەری ڕووخانـی کۆمـاری ئیسـلامی و پـەرەدان بـە وەهمـی دوژمنـی دەرەکـی لـە تەنیشـت سـەرکوتی خوێناویـی هەرچەشـنە نارەزایەتییـەک لـە نێوخـۆ هەوڵـی درێژکردنـەوەی تەمەنـی دەسـەڵاتەکەی دەدات. حیزبـی دێموکـرات لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە پارامێترێـک کـە دەتوانـی ئـەو هاوکێشـەیە بگـۆڕێ، یەکڕیـزی و یەکگرتنـی ئۆپۆزیسـیۆنی کۆمـاری ئیسـلامییە. بۆیـە هەماهەنگـی لەگـەڵ کۆڕوکۆمـەڵ و لایەنـە سیاسـییەکان، حیزبـەکان و کەسـایەتییە غەیـرە کـوردەکان لـە ئاسـتی نێوخـۆ و دەرەوەی وڵاتـدا و کار بـۆ لێکنیزیکـی و پلانـی کاری هاوبـەش لـەدژی کۆمـاری ئیسـلامی ئەرکـی سـەرەکی و لەپێشـدای هەمـوو لایـەن و پێکهاتـەکان بـە هەمـوو جیـاوازی و جۆراوجۆرییەکانـە.

١٠) حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران سـەرکوتی بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازانـەی کـورد لـە ئێـران، سـەرکوتی جۆراوجۆرییـە نەتەوەیـی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئایینییەکان، گوشار و بەربەست دروستکردن بۆ چالاکانی مەدەنی و، ئێعدام و ئەشکەنجەی بەندکراوانی سیاسی لە گرتنگەکانی ڕێژیم و سیاسەتەکانی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەحکووم دەکا و لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ لەقاودانی سیاسەت و جینایەتەکانی ڕێژیم بەردەوام دەبێت.

١١) لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی دراوسێی کورد لە ئێراندا (بە تایبەتی تورکەکانی ئازەربایجان) پێویستە سیاسەت و تێکۆشانی حیزبەکەمان لەسەر بنەمای پاراستنی بەرژەوەندیی ڕەوای کورد بە پێداگری لەسەر هەوڵدان بۆ لێکگەیشتن و پێکەوەژیانی بە ئاشتییانە و بنیاتنەر بێ. لە تەواوەتیی خۆیدا سیاسەتی دروست و بەرپرسانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵدان بۆ پتەوکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی بەئاشتی، دەستەبەری مافی وەکیەک و تێکۆشان لە چوارچێوەی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ وەدیهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

١٢) بۆ بەرینکردنەوەی جووڵانەوەی سیاسی-نەتەوەیی کوردستان لە ئێراندا و لەپێناو ئەوەدا کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لایەنگر و هاوخەباتی لەنێو نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی وڵاتدا بۆ پەیدا ببێت، دەبێ پتر لەسەر بەستێنە هاوبەشەکان بۆ لێکتێگەیشتن و لێکگرێدانی خەباتی هاوبەش بەدژی کۆماری ئیسلامی کار بکەین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٣) نەبوونـی هاوهەڵوێسـتی و یەکگوتاریـی حیـزب و لایەنە سیاسـییەکانی کوردسـتان بەتایبـەت لـە قۆناغـە هەسـتیارەکانی خەبـات و جووڵانـەوەی سیاسـیی کـورد لـە ئێـران زەبـری قـورس و کاریگـەری لـە گشـتییەتی پـرس و بزووتنەوەکـە داوە. بـە ئەزموونوەرگرتـن لـەو دۆخـە و لـە بەسـتێنی کاری هاوبـەش لەگـەڵ حیـزب و لایەنـە سیاسـییەکانی دیکـەی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتاندا، پێویسـتە کار لەسـەر گوتـاری سیاسـیی هاوبـەش و بـوارە سـەرەکییەکانی دیکـەی کار و خەباتـی سیاسـی و ڕێکخراوەییـدا بکەیـن.

١٤) حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران لەگـەڵ قبوڵکردنـی واقعییەتـی سـنووردار بوونـی دەرفەتـی چالاکیـی مەدەنـی لەژێـر حاکمیەتـی کۆمـاری ئیسـلامیدا لـە هەوڵەکانـی خـۆی بەمەبەسـتی بووژاندنـەوە و بـە جەمـاوەری کردنـی پـتری خەبـات و ئەرکـدار کردنـی تاکەکانـی نێـو کۆمەڵگـە بـەردەوام دەبێـت. هـەر لـەو چوارچێوەیەشـدا وێـڕای پێداگرتنـەوە لەسـەر پشـتیوانیی حیـزب لـە چالاکانـی سیاسـی و مەدەنیـی نێوخـۆ و دەرەوەی وڵات، حیزبەکەمـان پێویسـتە لـە ڕێـگای کۆمەڵێـک کارگرووپـی پسـپۆڕییەوە چاودێریـی دۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی نێوخـۆی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و کێشـە و چاوەڕوانییەکانـی خەڵـک لـە هەمـوو بـوارەکان بەتایبەتـی لەسـەر پرسـە سـتراتێژییەکان بـکات و بـە پتەوکردنـی پـردی پێوەندیـی نێـوان بەسـتێنی مەدەنـی و بەسـتێنی سیاسـی، مەیدانـی و جەمـاوەری، پـلان و بەرنامەڕێژیـی کار و تێکۆشـانی بباتـە پێـش.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٥) حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران بــە بایەخدانێکــی تایبەتــەوە لــە هــەوڵ و بەشــداریی چالاکانــەی ژنــان و لاوان لــە پرســە سیاســی، کۆمەڵایەتــی و مەدەنییەکانــی کوردســتان دەڕوانێــت. هــاوکات وێــڕای بەرزنرخاندنــی گرینگیدانــی هەتــا ئێســتای حیــزب بــە ژنــان و لاوان لــە ڕەوتــی پلاندانــان و بەڕێوەبەریــی حیزبــدا، لەســەر ئــەو باوەڕەشــە پێویســتە بــواری پــتر بــۆ ئــەو دوو توێــژە چالاکــەی کۆمــەڵ بڕەخســێنێدرێ هەتــا لەســەر بنەمــای شــیاوی و لێهاتوویــی خۆیــان لــە پرۆســە سیاســییەکاندا بەشــدار بــن و کاریگەریــی زیاتریــان هەبێــت.

١٦) بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو ڕاســتییە کــە پاراســتنی ژینگــە بــە یەکێــک لــە گرنگتریــن بنەماکانــی پەرەســەندنی جیهانــی دادەنــرێ و ئــەم ئەرکــە پێویســتیی بــە پلاندانــی ســەردەمیانەی حکوومەتــەکان و بەشــداریی گشــتی و ئاگایــی کۆمەڵگــە هەیــە، هــەر وەهــا بــە ئــاگاداری لــە ڕوانگــەی ئەمنییەتــی و سیاســەتە سیســتماتیکەکانی کۆمــاری ئیســلامی لــە بــواری دوژمنایەتــی و تێکدانــی ژینگــەی ئێــران و کوردســتان بەتایبەتــی؛ حیزبــی دێموکراتــی کوردســتانی ئێــران ژینگەپارێــزی وەک بایەخێکــی مرۆیــی و خەباتێکــی نیشــتمانی ســەیر دەکا. حیزبــی دێموکــرات هــاوکات تێکۆشــانی خۆبەخشــانە و نەسرەوتووانــەی ژینگەپارێزانــی کوردســتان بــەرز دەنرخێنــێ و گرتــن و بەندکــردن و گوشــارەکانی کۆمــاری ئیســلامی بــۆ ســەر ژینگەپارێــزان مەحکــووم دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٧) حیزبـی دێموکـرات وێـڕای بایەخـدان بـە ڕۆڵـی سۆسـیال‌میدیا و ئامـرازە نوێیەکانـی تێکنۆلۆژیـی ڕاگەیانـدن لـە رەوتـی بەرەوپێشـچوونی خەباتـی شوناسـخوازیی کـورد لـە ئێرانـدا، لـەو ڕاسـتییەش خافـڵ نییـە کـە نەبوونـی چوارچێوەیـەک بـۆ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەلایـەن ئەندامـان و لایەنگرانـی حیزبـەوە زۆر جـار زیانـی بـە پرسـتیژی حیـزب و تەنانـەت ئینسـجامی تەشـکیلاتی گەیانـدوە. بۆیـە ڕێبەریـی حیزبـی دێموکـرات ئەرکـدار دەکرێـت چ لـە بـواری پـەروەردە و بارهێنـان و چ لـە بـواری چاوەدێـری و کۆنترۆڵکردنـی فـەزای مەجازییـەوە میکانیـزم و چوارچێـوەی گونجـاو بـۆ کەمکردنـەوە لـە خەسـارەکان و بردنەسـەرێی زەرفییـەت و تواناکان لـەو پێوەندییـەدا دیـاری بـکات.

١٨) ڕێبەریـی حیزبـی دێموکـرات لەژێـر ڕووناکاییـی بڕیـارەکان، پەسـندکراوەکان و ڕاسـپاردەکانی کۆنگـرەدا هەنـگاو بـۆ جێبەجێکردنـی ئەرکـە سیاسـی، تەشـکیلاتی و مەیدانییـە دەستنیشـانکراوەکان هەڵدەگـرێ و، هەمـوو تواناکانـی دەخاتـە سـەر یـەک بـۆ ئـەوەی وەڵامـدەری پێویسـتییەکانی خەبـات لـە هەمـوو بـوارەکان بـە تایبەتـی لـە نێوخـۆی وڵاتـدا و لـە قۆناغـی نوێـی تێکۆشـانی حیزبەکەمانـدا بێـت.

١٩) بابەتـە تەشـکیلاتییەکان و هێندێـک بـواری تێکۆشـانی حیـزب [نێوخۆیـی]



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# Belgenamekanî Kongirey 17 Hizbî Dêmokratî Kurdistanî Êran

## (Kongirey Yekgirtinewey Dêmokratekan)

15 û 16y Rêbendanî 1403

Le bilawkirawekanî:
Nawendî Rageyandinî Hizbî Dêmokratî Kurdistanî Êran

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org